2016

# 2015نامە – وەشانی 1

## ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 2015 یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.

ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا

بە هاوکاریی ئەندامانی کارا:
- مانو بەرزنجی
- بەناز جۆڵا
- ڕۆژهات سەعید
- سەریاس ئەحمەد
- هەڤاڵ نەژاد

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
http://www.kurdipedia.org
01-01-2016

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی ڕێکخراوی ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 2015یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا ڕەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
01-01-2016

## لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا

| ناوی پەڕتووک | ژمارەی وەشان | ژمارەی لاپەڕە - A4 | ژمارەی تۆمار | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| یارینامە - وەشانی 1 | 1 | 11 | 9 | 17-09-2015 |
| ناندینامە - وەشانی 1 | 1 | 29 | 45 | 17-09-2015 |
| پاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 189 | 141 | 11-09-2015 |
| هونەرنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1219 | 2075 | 10-09-2015 |
| چالاکوانانامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1249 | 2075 | 10-09-2015 |
| وێنەنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 882 | 2333 | 10-09-2015 |
| بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 847 | 771 | 10-09-2015 |
| ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 42 | 93 | 10-09-2015 |
| ئامارنامە - وەشانی 1 | 1 | 901 | 1191 | 09-09-2015 |
| نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 2703 | 4563 | 09-09-2015 |
| بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 325 | 719 | 08-09-2015 |
| پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 5207 | 11223 | 08-09-2015 |
| گەپنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 190 | 476 | 07-09-2015 |
| ناونامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1347 | 4294 | 07-09-2015 |
| پەندنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1579 | 5613 | 07-09-2015 |
| زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 2849 | 7015 | 07-09-2015 |
| پاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 89 | 117 | 18-03-2015 |
| داعشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 58 | 92 | 14-03-2015 |
| کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 136 | 191 | 01-02-2015 |
| شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 135 | 226 | 24-01-2015 |
| شوێننامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1347 | 2957 | 22-01-2015 |
| پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 353 | 536 | 21-01-2015 |
| وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 75 | 113 | 19-01-2015 |
| جاشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 140 | 287 | 18-01-2015 |
| ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 30 | 41 | 18-01-2015 |
| ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | 2 | 510 | 960 | 16-01-2015 |
| هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | 4 | 1859 | 5035 | 15-01-2015 |
| براکوژینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 172 | 285 | 11-01-2015 |
| ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 165 | 359 | 10-01-2015 |
| شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 3935 | 7345 | 04-01-2015 |
| 2014نامە - وەشانی 1 | 1 | 166 | 344 | 01-01-2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23-11-2014 | 130 | 118 | 1 | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم |
| 23-11-2014 | 428 | 236 | 1 | گەپنامە - وەشانی 1ەم |
| 16-11-2014 | 27 | 26 | 1 | داعشنامە - وەشانی 1ەم |
| 10-06-2014 | 514 | 403 | 1 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم |
| 03-06-2014 | 4811 | 1653 | 3 | هاورێنامە - وەشانی 3ەم |
| 03-06-2014 | 1419 | 722 | 1 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم |
| 02-06-2014 | 101 | 78 | 1 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم |
| 02-06-2014 | 1778 | 1284 | 1 | چالاکوانننامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 33 | 31 | 1 | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 282 | 219 | 1 | براکوژینامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 1695 | 1204 | 1 | هونەرنامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 3172 | 1812 | 1 | زیندانینامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 3259 | 1238 | 1 | ناونامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 937 | 546 | 1 | رێکخراونامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 171 | 100 | 1 | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 2887 | 1396 | 1 | شوێننامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 756 | 435 | 1 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 404 | 110 | 1 | پەندنامە - وەشانی 1ەم |
| 30-05-2014 | 285 | 163 | 1 | جاشنامە - وەشانی 1ەم |
| 28-05-2014 | 358 | 188 | 1 | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم |
| 28-05-2014 | 3289 | 2291 | 1 | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم |
| 27-05-2014 | 6140 | 2753 | 1 | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم |
| 25-05-2014 | 12747 | 3562 | 1 | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم |

# دەربارەی کوردیپێدیا

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!

کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چروپریدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆرینی رێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەرێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا بێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چروپریدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، رێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی رێکەوت و رووداو لە داتابەیسی هاورێنامەوە وەرگیراوە، پروانە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێروانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر رێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی رێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا بێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێرانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C# - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**مانو بەرزنجی، بەناز جۆلا، سەریاس ئەحمەد، ڕۆژهات سەعید، هەڤاڵ نەژاد، ڕەوەز، شکۆ حەمەد شێخانی، هاوبیر قادر رەسوڵ، بەختیار شەمەیی، داناز عەبدولڕەحمان بابان، رێناس نەوزۆری، ڕەوەز جەلال ئەمین، دلێر رەفیق، کاروان دوراندیش، ئامانج حاجی نوری، حیکمەت رەسوڵ، شیلا، شوان مامساڵ، مەڵبەند غازی، ئوسامە گوڵپی، داستان ئاسۆ، بەختیار پاڵانی، چالاک محەمەد، ساموەیس، دانا تەیب مەنمی، شاهۆ حوسێنی، خالد بلباس ، دیلمان محەمەد کەریم، پەشێو، زانا سەرگەتی، فەرهەنگ حەمید، کامەران ئیبراهیم، قادر دووردار، رزگاری...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاورێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2016

**ژمارەی تۆمارەکان: 339**
**رۆژی ئامادەکردن: 2016/01/01 17:50:20**

بابەتی ژمارە: 1

## 17/11/2015بەڕێکردنەوەی تەرمی شەڕڤانێکی بە ڕەگەز کەندەی بەرەو زێدی خۆی لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20151120012117128146



سێشەممە 17/11/2015 لە شاری هەولێر تەرمی شەڕڤانێکی کەنەدی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بەرەو کەنەدا بەڕێکرا.
کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی بەکاتی هەولێر نوێنەری ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوەکان لەنەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی شەهید " کلاگیر جۆن ڕۆبەرت " ناسراو بە " گابار ڕۆژئاوا " لە نەخۆشخانە ئامادەبوون، شەهید گابار کە بەڕەگەز کەنەدیە لە ڕیزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) سەرەتای ئەم مانگە لە شەڕێکدا لەدژی چەتەکانی داعش لە ناوچەیەکی نزیک شاری حەسەکە – ڕۆژئاوای کوردستان شەهید ببوو.
دوای کاتژمێرێک چاوەڕوانیکردن لە نەخۆشخانەی ڕزگاری تەرمەکە بە ئەمبولانس بەیاوەری نوێنەری پارت و ڕێکخراوەکان بەرەو فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ڕۆیشت. لە فڕۆکەخانە کاتژمێر 11:30 خولەک بەکاتی هەولێر ئامادەبووان تەرمەکەیان خستە سەر شانیان و ڕادەستی لایەنی پەیوەندیدار کراو بۆ دواجار ماڵئاواپان لە شەهید گابار کرد، کە بڕیارە هەر ئەمڕۆ بەرەو زێدی خۆی بۆ وولاتی کەنەدا بەڕێبکرێ.
شەهید گابار خەڵکی وولاتی کەنەدایە و سەرەتا هاتە باشوری کوردستان بووە پێشمەرگە، دواتر چووە ڕۆژئاوای کوردستان چووە ڕیزەکانی یەپەگە، ناوبراو بەپرەنسیپێکی بەهێزەوە بەرگری لە خاک و گەلی کوردستان کرد و هەر لەسەرەتاوە پرواى بوو گەلی کورد گەلێکە شایەنی ئەوەیە مرۆڤ بەرگری لێبکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2

## 01-01-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150101114124568555

-لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکدا لە گوندی تەلشەعیری سەر بە مەخمور، جەلال پۆریجە، بەرپرسی لقی هەولێر دەزگای ئەیلولی هەولێر شەهید بوو و هەر لەو تەقینەوەیەدا قادر قادر، لێپرسراوی باڵای دەزگای خانەنشینی ئەیلول کە لە هەمانکاتدا بەرپرسی میحوەری گوێر بووە بریندار بوو.
-لە کۆبانێ رۆژنامەنووسێک بەناوی باهۆز شەهید بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3

## 02-01-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150102115623844474



-لە سەیدسادق یادی شەهیکردنی پریار کرایەوە و بەهۆیەوە خۆپیشاندەران ڕێگای سلێمانی - هەڵەبجیانگرت و وەک نارەزاییەکیش قایمقامی سەیدسادقیان بەردبارانکرد.
-پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش بە ئۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی شەڕڤانانی یەپەگە لە کۆبانێ، بەڵام هێرشەکەیان لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە تێکشکێنرا.
-چەکدارانی داعش لە گوندی قەسلیج سەر بە ناحیەی زوممار هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە بەرچەرچیان دایەوە و هێرشەکەی داعش تێکشکا.
-چەکدارانی داعش تۆپێکی دوورهاوێژیان ئاراستەی شاری مەخموور کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4

**03-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150103123706844492

-ئەمڕۆ بەبۆنەی یادی لە دایکبوونی محەمەد، پێغەمبەری ئیسلام، لە دەزگا فەرمییەکانی باشووری کوردستان کرا بە پشووی فەرمی. ئەمە یەکەم جارە ئەم یادە بکرێتە پشووی فەرمی.
-شەڕ و پێکدادانێکی سەخت لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش بەردەوامە و تائێستا هیچ زیانێک بەر هێزەکانی پێشمەرگە نەکەوتووە.
-لە قەزای سەیدسادق خۆپیشاندان دەستپێکردەوە و بەپێی زانیارییەکان شەڕ و پێکهەڵپژان لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس هاتووەتە ئاراوە.
-دوای ئەوەی تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان بارەگا و مۆڵگەکانی چەکدارانی داعشیان لە نزیک بەنداوی موسڵ بۆردومانکرد، ئەمشەو 18 تەرمی چەکدارانی داعش گەیاندراونەتە پزیشکی دادی موسڵ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 5

**04-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150104205947844516

-پێشمەرگە لە ناوچەی (گوێبە) لە سنووری خەرابەڕووتە هێرشێکی چەکدارانی داعش تێکدەشکێنن و ژمارەیەک چەکداریان لێ دەکوژن و ژمارەیەکی تریشیان لێ بریندار دەکەن.
-چەکدارانی داعش بە هێزێکی زۆر هێرشێکی گەورەیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندی سولتان عەبدوالله سەر بە قەزای مەخموور، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەی داعشیان دایەوە و تێکیان شکاندن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 6

**05-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150105093127845 21

-شەوی رابردوو داعش هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراقی و پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی سوڵتان عەبدوڵڵای سەر بە قەزای مەخموور و ژمارەیەک سەربازی سوپای عیراقی کە کوردن شەهید بوون، دواتری پێشمەرگە هێرشەکەی داعشی تێکشکاند.
-لە گەڕەکێکی شاری کەلار ژنێک بە سێ فیشەک دەکوژرێت و دواتر پۆلیس مێردەکەی دەستگیر دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 7

**06-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150106100417845 49



-شەڕ لە شەنگال، بە دژواری بەڕێوە دەچێت و هەتا ئێستا هەشت چەتەی داعش کوژراون.
-لە ساڵیادی سوپای عیراق کەلە سەرتاسەری عیراق و هەرێمی کوردستان کە پشووی رەسمی بوو، ژمارەیەک گەنج لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بەئاڵای کوردستانەوە لەگردبوونەوەیەکدا ناڕەزایی خۆیان لەیادکردنەوەی ئەو سوپایە لە هەرێمی کوردستان نیشاندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 8

**07-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150107100933845 53

-شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی داعش لە میحوەری زوممار دەستپێکردەوە و چەکدارانی داعش هێرشیان دەستپێکردوەو پێشمەرگەش بەرپەرچی هێرشەکەی داوەتەوە.
-چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گووندەکانی فەقیرۆک و گوڵ محەمەد لە سنووری تەلەعفەر و لەلایەن پێشمەرگەوە هیرشەکانیان تێکشکێندرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 9

**08-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150108104636845559



-لە دووەم ساڵ ڕۆژی تیرۆکردنی ساکینە جانسس و هاورێکانی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، خۆپشاندانێک لەبەردەم کونسەڵخانەی فەڕەنسا لە هەولێر بەڕێوەچوو.
-لە سنوری شارۆچکەی پێنجوێن 20 سم بەفر بارییوە بەهۆی بەفر و سەرمای ناوچەکەش لە هەندێک قوتابخانەی بنەرەتی تاقی کردنەوەکان و دەوامی خوێندن دواخراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 10

**09-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150109120704845569



-درەنگانی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشێکی گەورەیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە سەنتەری قەزای شنگال، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە و 35 چەکداری داعش کوژران.
-چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە گوندەکانی خالیدە و حەمادییەی سەر بە میحوەری گوێر - مەخمور. بەهۆیەوە گوێر کەوتە دەست داعش و نزیکەی 24 کارمەندی ئاسایش کوژران و دەیان کەسی مەدەنیشیان لەگەڵ خۆیان ڤڕاند. پاشتر هێزەکانی پێشمەرگە گوێریان لەدەست داعش دەرهێنایەوە.
-بەهۆی نەبوونی کارەباوە، دانیشتوانی گەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و چوارریانی وڵوبەیان گرت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 11

**10-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150110105204845571



-بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی رایدەگەیەنێت بەهۆی خراپی کەشوهەوا و بەفربارینی زۆرەوە لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە گەشتە ئاسمانییەکانیان راگرتووە.
-چەکدارانی داعش لە میحوەری کەرکوک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای شەڕێکی قورس توانرا هێرشەکانیان لە سەرجەم ناوچەکان تێکبشکێنرێت و زیانی گەورەیان پێ بگات.
-هونەرمەندی میللی و حەیرانبێژ حەسەن سیساوەیی لەتەمەنی 102ساڵیدا لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.
-وتەبێژی بەرگری شارستانی سلێمانی رایدەگەیەنێت بەهۆی شەپۆلی بەفربارینەوە لەماوەی 24ی کاتژمێری رابردوودا نزیکەی 30 ئۆتۆمبێل لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانییەوە رزگارکراون.
-بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە لەسنووری پارێزگای سلێمانی، پارێزگاری سلێمانی بڕیاریدا کە سبەینێ 11-01-2015 لەسەرجەم دامودەزگا حکومییەکان پشووی رەسمی بێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 12

**11-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150110105252845 72



-لە خاڵی پشکنینی گوندی قتمە-ی عەفرین، شەوی رابروو ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژ کراو تەقیەوە، بەو هەیەوە سێ شەڕوانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) شەهید بوون و دوو هاوڵاتی-یش شەهید بوون و سێ هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون.
-شەوی رابردوو داعش بە راکێتی گراد مەخموری بۆمبارانکرد.
-لە گوندی سوڵتان عەبدوڵڵای سەر بە قەزای مەخموور داعش هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام هێزەکانی پێسمەرگە هێرشەکەی داعشیان تێکشکاند و زیاتر لە 20 تەرمی چەکدارانی داعش لە مەیدانی شەڕەکە بەجێماوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 13

**12-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112095646845 84

-درەنگانی شەوی رابردوو حەوت چەکداری داعش لە رووبار پەڕینەوە لە گوندی کەپران لە ناحیەی گوێر، دوای ئەوەی پەڕینەوە کەوتنە کەمینی هێزەکانی پێشمەرگە و بە زیندوویی دەستگیرکران.
-لەلایەن هێزەکانی پێشمەگەوە پیلانێکی داعش پوچەڵدکرێتەوە کە بەنیازبوون هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە لە سنووری بەعشیقە و قەزای خەبات و لەئەنجامیشدا هەشت تیرۆرست دەستگیرکران.
-کارمەدانی بەشی فرۆشتنی وزە لەفەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی دەستیان

بەمانگرتن کرد.
-شەوی ڕابردوو 29 هاوڵاتی کورد پاش ئەوەی ویستبوویان بە ڕێگەی قاچاغ لە ڕۆژئاوای موسڵەوە بەرەو نزیک زوممار هەڵبێن بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لەڕێگەدا داعش دەستگیری کردوون و گەڕێنراونەتەوە موسڵ.
-لە ناحیەی خورماڵ گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو و بەشداربووانی گردبوونەوەکەش داوایانکرد کە مەرزی مڵەخورد بکرێتەوە کە لەئێستادا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی دراوە و پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.
-بە دروشمی "چیتان دەوێت لە حکومەت، کارەباکە بۆ میللەت" دەیان هاوڵاتی دانیشتوانی گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەدی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 14

**13-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011309350884606



-فەرمانبەرانی کتێبخانەی گشتی سلێمانی بەهۆی پێنەدانی موچە لە لایەن حکومەتەوە ئەمڕۆ شەقامی سالم ی شاری سلێمانیان داخست.
-مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانیش، لە ناو بیانای پەیمانگە دەستیان بە مانگرتن کرد و مامۆستایان نەچوونە هۆڵەکانی خوێندن و فەرمانبەران کاروبارەکانیان رایی نەکرد و خوێندکارانیش نەچوونە وانەکانیان.
-بە هۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار مانگترنیان ڕاگەیاند، هاوکات فەرمانبەرانی پارێزگای هەڵەبجەش چوارریانی شارەکەیان گرت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 15

**14-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011409312267810

-دوای ئەوەی دوێنێ زۆربەی فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان مانگرتن بەهۆی دواکەوتنی مووچەوە دەستپێکرد، ئەمڕۆش بۆ جارێکی دیکە چەند فەرمانگەیەکی لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەستیان بە مانگرتن کردەوە.
-عەباس بەدری پێشمەرگە و شاعیر و کادری دێرینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
-داعش 11 خانووی کوردانی شەبەکی لە گوندی زەهرا خاتوونی سەر بە قەزای قەرەقوش تەقاندەوە.
-داعش لە شەنگال هێرشێکیان کردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رووبەڕووی بەرپەرچدانەوەیەکی توندی پێشمەرگە بوونەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 16

**15-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011509452632182

-چەکدارانی داعش هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە لەسەر چیای باشیک، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بۆردومانی داعشیان کرد و پێش ئەوەی هێرش بکەن، ژمارەیەک داعش کوژران.
-ئەمڕۆش لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەهۆی دواکەوتنی موچەوە خۆپیشاندان سازکرا.
-کاروانێکی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو شاری کۆبانێی رۆژئاوای کوردستان بەڕێکەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 17

**16-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011610023384626

-شەڕوپێکداران لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی داعش لە شەنگال بەردەوامە و داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردووەتە سەر خاڵەکانی پێشمەرگە و رووبەرووی بەرپەرچدانەوەی توندی پێشمەرگە بوونەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 18

**17-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011610062684627

-هێزەکانی پێشمەرگە بۆردومانی مۆڵگەکانی داعشیان کرد لە چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی داعش لە سنووری ناوچەی تەللووەرد لەباشوری رۆژئاوای شاری کەرکوک، لە ئەنجامی ئەو بۆردومانکردنەشدا زیانێکی زۆری گیانی بەر چەکدارانی داعش کەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 19

**18-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011816035265682

-شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پاراستنی گەل یەپەگەو سوپاکەی ئەسەد و ئاسایشی ڕۆژئاوا، بەردەوامەو تا ئێستا هەشت چەکداری ئاسایشی حەسەکە و چەکدارانی یەپەگە شەهیدبوون.
-لەدادگای کەتنی کەلار دانیشتنی دادگاییکردنی مەحمود سەنگاوی لەسەر کەیسی ڕۆژنامەنوسی تیرۆکراو (کاوە گەرمیانی) بەڕێوەچوو و ئازادکرا، بنەماڵەی ڕۆژنامەنوسی تیرۆرکراویش بەشداری دانیشتنەکەیان نەکرد و پێتشر ڕایانگەیاندبوو دەزانن ئازاد دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 20

**19-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011909082784642

-بوومەلەرزەیەک بە گوری 3.4 پلە بەپێی پێوەری ڕێختەر کەرکوکی و ناوچەکانی دەوروبەری هەژاند، بەڵام هیچ زیانێکی نەبوو.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە میحورەی زوممار هێرشێکی چەکدارانی داعشیان تێکشکاند و بێ ئەوەی هیچ زیانێک بەر پێشمەرگە بکەوێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 21

**20-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012021122884661

-چەکدانی داعش هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە شنگال، بەڵام پێشمەرگە تەواوی ئەو هێرشەی داعشی تێکشکاند و زیاتر لە 20 چەکداری لێ کوشتن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 22

**21-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012114504067806

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانیان ناوچەی ئەسکی موسڵ کە شوێنێکی ستراتیژییە ئازاد بکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 23

**22-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150122115123846761

-بەهۆی کەوتنە خوارەوەی گوللە هاوەنێکی داعشەوە لە قەزای خەبات، هاوڵاتییەک گیانی لەدەستدا و شەشی دیکەش بریندار بوون.
-لە نزیک بارەگای بازنەی حەمرینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، شەڕە تەقە لە نێوان هێزێکی ئاسایشی یەکێتی و چەکدارانی میلیشیا شیعەکان دروستبوو و بە هۆیەوە 3 چەکداری میلیشیا شیعەکان دەستگیر کران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 24

**23-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150123120629574991



-کۆچی دوایی نووسەر و رووناکبیری گەورە وەزیرێ ئەشۆ.
-بە فەرمانی دادگای شەرعیی داعش پەیامنێر و کامێرامانێکی کەناڵی رووداو گوللە باران کران کە پێش ماوەیەک دەستگیرکرابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 25

**24-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150124103433846971

-ئەم بەیانییە هێزی پێشمەرگە هێرشی بردووەتەوە سەر چەکدارانی داعش و، گوندێکی دیکەیان ئازاد کرد، چەکدارانی داعش-یش نۆ تەرمیان لێ بەجێماوە و چوار ئۆتۆمبێلیشیان سوتاوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 26

**25-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012514352365929



-داعش هێرشی کردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ناوەران، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەتوندی بەرپەرچی داعشیان دایەوە.
-لە کاتی هێرشەکەی ئەمڕۆی چەکدارانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە چیای باشیک، فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە بە پلەی (عەقید) شەهید بوو.
-ئەکتەری ئەمریکی ئەنجێلینا جولی سەردانی کەمپی ئاوارەکانی لە باشووری کوردستان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 27

**26-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012610201865406



-هێزە کوردییەکان کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی سەنتەری کۆبانێیان لە چەکدارانی داعش راگەیاند. هەڵمەتەکانی بەرگری لەکۆبانێ و دواتریش رزگارکردنی لەچنگی گروپی ئیسلامی داعش بەخوێنی 324 شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و ژنان (یەپەگە) و (یەپەژە)و پێشمەرگەیەکی هەرێمی کوردستان نەخشێنرا.
-لە شاری هەولێر کۆنفرانسی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپەرسانی حکومی و شارەزایان دەستپێکرد.
-زیاتر لە 10 چەکداری داعش لە میحوەری قەرەتەپە خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 28

**27-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012710233167933



-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەنگال هێرشێکی چەکدارانی داعشیان تێکشکاند و ئەمیرێک لەگەڵ دەیان چەکدار کوژران و فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانانیش ئۆتۆمبێلێکی دۆشکە هەڵگریان تێکشکاند.
-وەک خۆشحاڵییەک بۆ سەرکەوتنەکانی کورد لەکۆبانێ لەبەردەم باخی گشتی شاری سلێمانی گەنجانی وڵات پارێز و ژنانی ئازادی خواز، گردبوونەوەیەکیان سازکرد.
-یەکێتی ئەوروپا بڕیاریدا نوێنەرایەتی خۆی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە.
-لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان ئاهەنگی سەرکەوتنی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر داعش و رزگارکردنی کۆبانێ بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر سازکرا.
-سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هەر ئەگەرێکی ڕەتکرەوە بۆ دروستکردنی هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەسوریاو خۆرئاوای کوردستان. ئەگەرێکی لەوشێوەیەشی بەگەورەترین کێشەی ئاینده وەسفکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 29

**28-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150128093633194343



-چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی خەرائیج و هێزەکانی پێشمەرگەش بەپشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان هێرشەکەیان تێکشکاند و دوازدە کوژراویان لێکەوتووتەوە و شەش تەرمیشیان کەوتوونەتە دەستی پێشمەرگە.
-هێزەکانی پێشمەرگە و پەکەکە، لە بۆسەیەکدا ژمارەیەک چەکداری داعش دەکوژن و 12 تەرمیشیان کەوتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە.
-سێ بوومەلەرزە کە بەرزترینیان پلە 3ی پێوەری ڕێختەر بوو لە سلێمانی و دەوروبەریدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 30

**29-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150129094314668826



-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی دووزخورماتوو بۆمبێکی چێنراو بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تەقییەوە و لەئەنجامدا چوار پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.
-پێشمەرگە لە ئەسکی موسڵ هێرشێکی چەکدارانی داعشی تێکشکاند.
-هێزەکانی پێشمەرگە لەنزیک ناحیەی وانکێ هێرشێکی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تێکدەشکێنن‌و چوار چەکداریشیان بەدیل دەگرن.
-لە گەڕەکی بەرکێوی قەزای سەیدسادق لەناو ماڵەکەی خۆیدا تەرمی ژنێکی 80 ساڵە دۆزرایەوە.
-لە کەمپی ئاوارەکانی خانەقین ئاگرکەوتەوە و بەهۆیەوە خێوەتی 12 ماڵە ئاوارە سووتان و ئاگرەکەش زیانی گیانی بەدواوە نەبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 31

**30-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015013010302568862

-داعش هێرشی کردە سەر گوندەکانی باشووری کەرکوک و چەند گوندێکی داگیرکرد، پاشان پێشمەرگە دژە هێرشێکی کرد و ناوچەکانی گرتەوە. لەم هێرشەدا عەمید شێرکۆ فاتیح فەرماندەی لیوای یەکی پیادە شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکی تریش شەهید و برینداربوون.
-داعش ئوتۆمبیلێکی لە کەرکوکدا تەقاندەوە و باڵەخانەیەکی گرت، پاشان باڵەخانەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەرداگیرایەوە.
-ڕەوشی شاری کەرکوک زۆر نائارامە و قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.
-درەنگانی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش لە قەزای مەخموور هێرشیان کردەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەوە بە توندی بەرپەرچی هێرشەکەی داعشیان دایەوە و تێکیانشکاندن.
-لەناوچەی لە گوندی چاغاتی سەر بە ناوچەی تبجی قەزای جەلەولا تەقینەوەیەک روویدا و لە ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.
-بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان، ئەمڕۆ لە بەرەکانی جەنگدا زۆرتر لە 20 شەهید و 100 بریندار لە ریزەکانی پێشمەرگەدا هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 32

**31-01-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015013110244466937



-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی مەلا عەبدوڵڵا بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان بۆ سەر بنکەو مۆڵگەکانی داعش دەستپێکرد.
-لیوا حسێن مەنسور، فەرماندەی پشتیوانی دووی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە نزیک گوندی مەلا عەبدوڵڵا لە پێکدادانەکانی ئەمڕۆدا لەگەڵ داعش شەهید بوو.
-زۆرینەی ناوچەکانی باشووری کەرکوک لە داعش سەندرانەوە.
-حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە میانەی وتارێکیدا لە دیالۆگی ئایینەکان لە عێراق، رایگەیاند، کە هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دوو رۆژی رابردوودا لە دژی چەکدارانی داعش، 50 شەهیدی داوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 33

**01-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150201112538666768

-دەیڤید گرانج لیوای خانەنشینکراوی سوپای ئەمریکی و فەرماندەی پێشوو لەهێزەکانی سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند: هێزە عیراقییەکان هێشتا نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان دژی داعش جێبەجێ بکەن، ئەوەی کە سەرکەوتنی بەرچاوپی تۆمار کردووە، هێزە کوردییەکانن.
-بەمەبەستی وەرگرتنی دەرماڵەکانیان خوێندکارانی زانکۆی راپەڕین لە ناو کەمپی زانکۆی راپەڕین بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە رایدەگەیەنن، تا دەرماڵەکانیان پێ نەدرێت ناچنەوە ناو هۆڵەکانی خوێندنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 34

**02-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150202123148667041

-شەڕڤانە ئێزدییەکان گۆڕێکی بە کۆمەڵیان دۆزییەوە کە تەرمی 30 هاوڵاتیانی کوردی ئێزدی بە ژن و منداڵیشەوە تیادا بووە.
-شەڕڤانانی یەپەگە لە سنووری کۆبانێ بەردەوامن لە پاککردنەوەی گوندەکان لە داعش، ئەمڕۆش توانییان هەشت گوندی تر پاکبکەنەوە و پرۆسەکەش لە باشووری ئە و شارە، بەردەوامە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان
-هەردوو دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی هەردوو حزب کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو حزب کاراتر بکەن، هەردوولاش ئامادەییان بۆ یەکگرتنەوە نیشاندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 35

**03-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150203110114847OO

-بومەلەرزەیەک بەگوری سێ پلە بەپێوەری ڕێختەر شاری سلێمانی هەژاند، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی و بومەلەرزەی سلێمانیش ڕایگەیاند، لە سەرەتای ئەمساڵەوە 50 بومەلەرزە لە سلێمانی و دەوروبەری داوە.
-ئەرمینیا بڕیاریدا کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە.
-کەسوکاری ئەو پۆلیسانەی لە شەڕی ڕۆژی هەینی ڕابردوو 31-10-2015 نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستان بێسەروشوێنن، لە شاری کەرکووک خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم تەلاری پارێزگەی کەرکووک ڕێکخست و داوای یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەسەکانیان و هەوڵی خێرایی ئیدارەی کەرکووکیان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی کورەکانیان لە دەست تیرۆریستانی داعش، ئەوەی تا ئێستە زانراوە ژمارەی ئەو کەسانەی ئێستە لە ژێر دەستی داعشن و بەدیلی گیراون و 19 کەسن و زۆربەیان لە هێزەکانی پۆلیسی کەرکووکن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 36

**04-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150204092849847IO

-لە گوندی جەمیلەی ڕۆژئاوای جەلەولا، بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقیەوە و لەئاکامدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون و دووانی دیکەش بریندار بوون.
-ئەمینداری گشتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە جەبار یاوەر ڕایگەیاند: لە شەڕی دژی بەدەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش لە10/6/2014 تاوەکو 3/2/2015 واتا ماوەی 7 مانگو 24 ڕۆژە 999 پێشمەرگە شەهید و 4596 بریندار بوون.
-ئێوارەی ئەمڕۆ لە کافیتریایەک لە گەرەکی ئەڵماس-ی کەرکوک، شەڕ لە نێوان ژمارەیەک کورد و تورکمان دروستبوو و کەسێک کوژراوەو دو برینداریش هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 37

**05-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020511275768016

-لەبەردەم بینای بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ئاکرێ، هاوڵاتیان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و داوا دەکەن سەرۆکی شارەوانی ئازاد نەکرێت، هێزە ئەمنییەکانیش هەوڵی بڵاوەپێکردنی

خۆپیشاندەران دەدەن. سەرۆکی شارەوانی چەند رۆژێک لەمەوبەر بە تاوانی گەندەڵی دەستگیرکرا و ئەمڕۆ بە کەفالەت ئازادکرا.
-یەکەم دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی هەرێم لە مۆنومێنتی هەڵەبجە دەستی پێکرد. بەرنامەی سەرەکی کۆبونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی یاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە دەبێت و لەمڕۆوە هەڵەبجە بە فەرمی بووە پارێزگا.
-لە گەڕان و پشکنینێکدا بۆ دوو گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناحیەی جەلەولا ژمارەیەک رووفات بە سوتاوی دەدۆزرێتەوە.
-لە ناوچەی تەللوەرد لە باشووری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە تێکدەشکێنرێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 38

**06-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020609403568933

-هێزەکانی پێشمەرگە هێرشی کۆنترۆڵکردنەوەی ناحیەی وانکێیان دەستپێکرد و توانیان ناحیەی وانکێ بەتەواوی رزگاربکەن و رێگایەکی ستراتیژی کونترۆڵ بکەن.
-درەنگانی شەوی رابردوو لە ناوچەی تەللوەرد-ی باشوری رۆژئاوای شاری کەرکوک، چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەرپەرچدرانەوە و ژمارەیەک چەکداریشیان لێ کوژرا.
-چەکدارانی داعش 25 خانوویان تەقاندەوە لە ناحیەی باشیک سەرجەم خانووەکانیش هی کادیرانی پارتی و یەکێتی بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 39

**07-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020715072184719



-چەکدارانی داعش پردی (سکە)یان لە نێوان هەردوو ناوچەی مەکتەب خالد و مەریەم بەگدا تەقاندەوە تا هێزەکانی پێشمەرگە پێشڕەوی زیاتر نەکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش.
-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجێلا مێرکڵ راوێژکاری ئەڵمانیا کۆبووەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 40

**08-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020816304084727

-شەپۆلێکی خۆڵبارین هەرێمی کوردستانی گرتەوە و بەتایبەتی لە سلێمانی و گەرمیان زیاتر چڕ بوەتەوە.
-لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە، پۆلیسی نەهێشتنی تاوان و ئاسایشی جەلەولا، هەشت کەسیان دەستگیرکرد، کە پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) هەبووە.
-دادگای تاوانەکانی قاهیرە ئەمڕۆ بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی قاعیدە بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر کوردێکی هەرێمی کوردستاندا سەپاند. کوردەکە ناوی (داود ئەلئەسەدی)ەو تۆمەتبارە بە کارە تووندوتیژییەکان لە سینا و هێرشەکان بۆ سەر باڵیۆزخانە بیانییەکان لە قاهیرە.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە کارمەندێکی ئاسایش دەکرێت و بەهۆیەوە شەهید دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 41

**09-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015092913175486154

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 42

**10-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021012510484745



-لە پارێزگای کرماشان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، سەعات هەشتی سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ لەکاتێکدا دادوەر سەلیم قەنبەری لەڕێگادا بووە بۆ شوێنی کارەکەی، چەند چەکدارێک تەقەیان لێکردووە، لەئەنجامدا بریندابووە و دواتر بەکاریگەریی برینداریيەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.
-درەنگانی شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بۆردومانی مۆڵگەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان لە گوندی حەدیقەی سەر بە ناحیەی قەراج لە قەزای مەخمور کرد و لەئەنجامدا 23 چەکداری داعش کوژران، هاوکات بەهۆی هەڵاتنیانەوە بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، داعش 15 چەکداری خۆی گوللەباران کرد.
-بۆ یەکەمجار سەرۆکی فەرەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ، پێشوازی لە وەفدێکی پارتی یەکێتی دیموکراتی "پەیەدە" و یەکینەکانی پاراستنی ژن "یەپەژە" کرد، ئەندامانی وەفدەکەش داوای هاوکاری زیاتری فەرەنسایان بۆ گەلی کورد کرد.

-وتەبێژی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، کە ئەمشەو ژنێکی تەمەن 56 ساڵ لە گەڕەکێکی شاری هەولێر بە گوریس خۆی خنکاندووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 43

**11-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021110520069329



-شەوی ڕابردو داعش هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگوندی جاواڵە لەمیحوەری مەخمورو تێکشکێنران.
-داعش لەکاتژمێر 6:00ی بەیانی لەسنوری قەزای داقوق و ناوچەی قەرەیاڵی سەر بەناحیەی تازەخورماتو هیچرشیان کردوەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام تێکشکاون.
-بەهۆی باران بارینێکی زۆرەوە لافاو شەقام و کۆڵانەکانی قەزای چەمچەماڵی داگیرکردو بەپێی زانیارییەکان تەنیا هەندێک زیانی ماددی کەمی هەبووە.
-بەهۆی بڕیارێکی شارەوانی هەولێرەوە بۆ لابردنی عارەبانەی دەستگێرەکانی شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر ناڕەزایی لێکەوتەوەو دەستگێرێک عارەبانەکەی خۆی سوتاند.
-چەکدارانی داعش بە سوود وەرگرتن لە کەش و هەوا خۆلبارین هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری خازر، بەڵام هەر زوو لەلایەن پێشمەرگەوە تێکشکێنران و زیاتر لە 20 چەکداری داعش کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 44

**12-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021212350584759

-شەوی رابردوو رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە میحوەری خازر و گوێر هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و تێکشکا و گورزێکی کوشندەیان بەرکەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 45

**13-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150213122350847



-لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کە لەلایەن پەیجەکانی سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە تویتەر بڵاوکرایەوە، تیایدا لە نمایشێکی پروپاگەندەییدا ژمارەیەک لە دیلەکانی پێشمەرگە دەگێڕن بەناو حەویجەدا کە لە قەفەز نراون.
-لە ناوچەی سووروچی سەر بە شاری ڕیحا لە باکووری کوردستان، تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە نزیک بنکەیەکی پۆلیس ڕوویداو بەهۆیەوە دوو کەس برینداربوون.
41 -خێزانی کوردی دانیشتووی شاری موسڵ کە هەوڵیانداوە شارەکە جێبێڵن، پێش ئەوەی بگەنە سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە لە زوومار، لەلایەن چەکدارانی داعش دەستگیرکراون و بەرەو شوێنێکی نادیار براون.
-جارێکی دیکە لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان و پۆلیسی شاری سلۆپی پێکیانداداو و پشێوییەکانیش بەردەوامن.
-لە قەزای دووز خورماتوو دوو تەقینەوە ڕوویانداو بە هۆی تەقینەوەکانیشەوە دوو کەس بریندابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 46

**14-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150214101030847



-کەسوکاری پێشمەرگە دیلەکانی ئەمدواییەی شەڕەکانی کەرکوک گردبوونەوەیەکیان سازدا و داوای ئازادکردنی کورەکانیان لە حکومەت دەکەن.
-شەوی ڕابردوو شەڕڤان و پێشمەرگە دوو ناوچەی گرینگیان لە باشووری کۆبانی ڕزگار کرد و ژمارەیەکی زۆریش تیرۆریستی داعشیان کوشت.
-بومەلەرزەیەک بەگوری 3.3 پلە بەپێی پێوەری ڕێختەر شاری کەرکوکی هەژاند و هیچ زیانێکی گیانیی و ماڵیی بەدواوە نەبوو.
-بەرامبەر بێبەشکردنیان لە مافەکانیان و ئەنجامدانی پێشێلکاری بەرامبەریان، پزیشکە پلە بەندەکانی سلێمانی و هەولێر مانگرتنیان ڕاگەیاند و بنکە تەندروستییەکانیان چۆڵکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 47

**15-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150215100903847



-دوای تێپەڕبوونی 28 ساڵ بەسەر دانانی ڕەمزی تەعریبکردنی کەرکوک لە لایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە لە بەردەم ڕێگەی سەرەکی کۆمپانیای نەوت و فەیلەق لە دەروازەی عەرەفە، ئەمڕۆ دوای ناڕەزایی خەڵکی لەسەر بوونی ئە و هێمایانەی تەعریب، لە لایەن ئاسایشەوە تێکشکێنران.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 15-02-2015
-بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری کەناڵی ئێن ئاڕ تی بۆ ماوەی هەفتەیەک لە 16-02-2015ەوە دادەخرێت و بەرپرسانی کەناڵەکەش دەڵێن بە بڕیاری داخستنی کەناڵەکەیانەوە پابەند نابن.
-سەید بەهادین سەید محەمەد کە لیوایەکی خانەنشینی پارتیە لەگەڵ دووپاسەوانیدا لەکاتی لێدانی جادەیەک لە ناورانەوە بۆسەرئاوی سیروان لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەڕفێنرێت.
-بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بۆ ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، لە شاری هەولێر و سلێمانی دوو گردبوونەوە ئەنجام درا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 48

**16-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021609170784783

31 -خێزانی کورد لە ژێر دەستی داعش لە موسڵ ڕزگاربیان بوو گەیشتنە هەرێمی کوردستان.
-مامۆستایان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی خۆپیشاندان دەکەن و داوای پێدانی مووچەی مانگی 12ی ساڵی ڕابردوو دەکەن.
-شەڕڤانانی یەپەگە گردێکی شاری ڕقەیان بەناوی (بەغدەک) کۆنترۆڵکردووە کە بە پێگەیەکی ستراتیژی دادەنرێت.
-فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق داوایەکیان ئاراستەی حکومەتی تورکیا کرد بۆ ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 49

**17-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021716282184784

-ئەو پارێزەرەی (ڕێبین سەباح) بڕیاریدا بەخۆڕایی مامەڵەی ئەو هاوڵاتییانە ڕایی بکات، کە ناوەکانیان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دەگۆڕن، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە ماڵەکەی بەردباران دەکەن و چەند پەنجەرەیەکی دەشکێنن.
-چەکدارانی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری گوێر و مەخموور، بەڵام هەر زوو لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بە پەرچ درانەوە و دوای نزیکەی سێ کاتژمێر هێرشەکەیان تێکشێنرا و زیانێکی زۆریان پێگەیشت.
-لە دەربەندیخان، پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی کوردستان بەناوی (ئا. م)، لە ماڵەکەی خۆیدا

خۆی خنکاندووە و گیانی لە دەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 50

**18-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150218100033684786

-لە هەردوو شاری کفری و کەلار لە گەرمیان مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و چەند قوتابخانەیەک دەستیان بەمانگرتن و بایکۆتکردنی خوێندن کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 51

**19-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150219093427784790

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری وانکێ و بەپشتیوانی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان هێرشەکەیان تێکشکێندرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 52

**21-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022109171584792

-بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە لە پارێزگاکانی ئیلام، ورمێ و کرماشان، قوتابخانەکان داخران.
-ئەمشەو چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی
هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندەکانی تەل ریم و تەل شەعیر و سولتان عەبداڵا لە میحوەری گوێر و مەخموور، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەوە ڕووبەڕوویان بوونەوەو هێرشەکەیان تێکشکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 53

**22-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150222105384794

-فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆبانی ڕایگەیاند سەرجەم گوندە کوردنشینەکانی سنوری کۆبانێیان کۆنترۆڵکردووەتەوە.
-شەوی رابردوو چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری گوێر و مەخموور، بەڵام رووبەرووی بەرپەرچدانەوەی توندی پێشمەرگە بوونەوە و هێرشەکەیان تێکشکاند و 105 کوژراویان لێ جێهێشتن.
-لەهەڵمێتێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا لە سنوری قەزای شەنگال ژمارەیەک گوند و ناوچەی ستراتیجیان رزگارکردووە و رزگارکردنی ئەو ناوچانەش کاریگەری باشی دەبێت لەسەر رزگاکردنی تەواوی قەزای شەنگال.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 54

**23-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150223121234384797

-دوا نیوەڕۆی ئەمرۆ بارەگاکانی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە میحوەری باشیک لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بۆردوومانکراو گەورەترین کۆگای چەک و تەقەمەنی ڕێکخراوەکەش لە ناوچەکەدا تەقێنرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 55

**24-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150224151625584800

-لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمێکی چێنراو لەگەڕەکێکی قەزای خورماتوو سێ هاووڵاتی گیانیان لەدەستداو سێی دیکەش بریندابوون.
-دوو فڕۆکەی جەنگیی داگیرکەری تورک لە جۆری F4 لە باکووری کودستان کەوتنە خوارەوە و 4 فڕۆکەوان گیانیان لەدەستدا.
-مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە فەرمانی کردووە کە دەبێ رێگە لە چالاکیی ئەو هێزەی بەناوی حەشدی شەعبی لە شەنگال دروستکراوە بگیرێت و پێکهێنانی ئەو هێزە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدات و داوای هەڵوەشانەوەشی دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 56

**25-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022510530484801

-روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە بەردەوام چاودێری بارودۆخی سوریا دەکات و بارەگاکەیان لە بریتانیایە، ئاشکرایدەکات، لە شەڕەکانی دەوروبەری قامیشلۆ و تەل حەمیس و جەزعە، داعش لە پاشەکشێی بەردەوامدایە و تەرمی 132 چەکداریشیان کەوتە دەست یەپەگە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 57

**26-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022615440068911



-بەپێی گرتە ڤیدیۆییەک، داعش کەرەستە کۆنینەکانی مۆزەخانەی موسڵی تێکشکان، شایانی باسە زۆرێک لەو کەرەستە کۆنینانە پەیوەندییان بە مێژووی کۆنی کوردستانەوە هەیە.
-هێزەکانی پێشمەرگە پەلامارێکی داعش لە گوندی تەللوەردی باشوری شاری کەرکوک تێکدەشکێنن و زیانێکی زۆریان پێدەگەیەنن.
-پۆلیسی نەرویجی بەتاوانی تیرۆر دیسان مەلا کرێکاری دەستگیرکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 58

**27-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022713370384812

-لەسنوری گوندەکانی باشوری محیوەری مەخمور - گوێر فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان لە بۆردومانەکانیاندا چەندین سەربازگەی تیرۆرستان خاپوور دەکەن.
-ئەمرۆ چوارەم کاروانی هێزەکانی پێشمەرگە لەڕێگای وڵاتی تورکیاوە دەچنە شاری کۆبانێی خۆرئاوای کوردستان و بڕیاریشە دوای گەیشتنی ئەو هێزەی پێشمەرگە کاروانی سێیەمی هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.
-دوای شەش رۆژ لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیوونەکانی پاککردنەوەی شارۆچکەی تل حەمیس لە چەکداری رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە لایە یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە، ئەمرۆ ئەو شارۆچکەیە بە تەواوی ناوچەکە لە چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە پاککرایەوە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 59

**28-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150301094224848l3



-کۆچی دوایی رۆماننووسی بەڕەگەز کورد، یەشار کەمال.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

**01-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150301094518848l4

-دوای ئازادکردنی قەزای تل حەمیس لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە، هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە بەردەوامیان بە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیاندا بەمەبەستی رزگارکردنی شارۆچکەی تل بەراک، لەئەنجامدا توانیان ئەو ناوچە گرنگە بەتەواوی ئازاد بکەن و لە ژێر دەستی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆستی داعش دەری بهێنن.

-داعش لە بەرزاییەکانی سوڵتان عەبدوڵلا و تل شەعیرەوە لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەش هێرشەکەیان تێکشکاند و حەوت لاشەیان لێ بەجێماوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 61

**02-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150302094148848 23



-چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوە و هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیشەوە هێرشەکەیان تێکشکێنراوە و زیاتر لە 25 لاشەی داعش لەبەردەستی پێشمەرگەدایە.

-لە گوندی تل تەمەر لە رۆژئاوای کوردستان، شەڕ و پێکدادانێکی سەخت لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش روویدا و لەئەنجامدا نۆ چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژران کە یەکێکیان پلەی ئەمیری هەیە لەگەڵ تێکشکاندنی سێ ئۆتۆمبێل.

-لە مەراسیمێکی شایستەدا لەناو کتێبخانەی زانکۆی ئەمەریکی، کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی "جەمال بابان"، بەشێکی زۆر لە کتێبخانەکەی بە چەندین کتێبی جۆراوجۆرەوە پێشکەشی زانکۆی ئەمەریکی لە عیراق – سلێمانی کرد.

-عەزیز شەکەرسۆز تەمەن 35 ساڵان و هاوسەرەکەی ئاسیا
شەکەرسۆز تەمەن 35 ساڵان، کە دوو کوردی دانیشتووی فینلاند بوون،
لەگەڵ شاگردێکیان بەناوی کوبرا توران کە بە رەگەز تورکە، دانیشتوی
گوندی لاوکا لە شاری جیوقەسکیلای وڵاتی فینلەندا، خاوەن
چێشتخانەیەک بوون، لە ئەنجامی هێرشی کەسێکی فینلەندای بەچەقۆ
لەناو چێشتخانەکەیاندا هەرسێکیان ژیان لەدەست دەدەن.
-بکوژەکەی شەهید هوجام سورچی کە ناوی مۆفەق ئەسعەد
ئەسکەندەرە، لە شاری موسڵ دەکەوێتە بۆسەی کوردێک و دەکوژرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 62

**03-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030320053265154



-لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانانەوە،
دوو بنکەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە شنگال خاپوور
کران.
-وەزیری بەرگری عیراق ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرێتی گشتی هەواڵگیری
عیراق لە شاری سلێمانی 15 داواکراوی دەستگیرکردووە کە بە مادەی
تیرۆر داواکراو بوون.
-هێزێکی هاوبەشی ئاسایش و پۆلیسی کۆیە هێرشدەکەنە سەر
کەمپی ئازادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و بێڕێزییەکی
زۆر بە ژن و منداڵ و کادیرو پێشمەرگەکانی حیزب دەکەن". بەڵام
ئاسایشی کۆیە دەڵێ ئەو هێزە بە بڕیاری دادگا ڕۆیشتوون بۆ
دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک و کارەکەیان یاسایی بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 63

**04-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030410541469655



-شەش زیندانیکراوی کورد سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج حوکمی لەسێدارەدانیان بەڕێوەچوو. حامد ئەحمەدی، کەماڵ مەلایی، جەمشید دێهقانی، جەهانگیر دێهقانی، سدیق محەمەدی و سەیدهادی حسینی ئەو شەش گیراوە کوردە بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 64

## 05-03-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030512375784855

-درەنگانی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگوندی جارۆڵلا لە میحوەری مەخموور، بەڵام هەر زوو هێرشەکەیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە تێکشێنراو کوژراویشیان هەیە.
-لەترسی سەرهەڵدانی خەڵک و گرووپە چەکدارەکانی ناو شار، سەر لەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەشاری موسڵ دراوە و لەتەواوی کوچە و کۆڵانەکانیش خاڵی پشکنینیان داناوە.
-پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەمیحوەری تلکێف و لەئەنجامدا هێرشەکەیان تێکشکاو چوار کوژراو برینداریشیان هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 65

## 06-03-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030609203566957

-داعش، دوو جار هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک، بەڵام هێرشەکەیان تێکشکاند و کوژراو برینداری زۆریان لێکەوتەوە.
-شەرڤانانی یەپەگە شارۆچکەی شیۆخی سەروو، کە دەکەوێتە خۆرئاوای کانتۆنی کۆبانێ و لە تەنیشت ڕووباری فورات، بە تەواوی لە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ئازادکرد.
-لە گەڕەکی هەواری شار لە سلێمانی کچێکی تەمەن 23 ساڵ کە خوێندکاری پۆلی پێنجی ئامادەییە خۆی خنکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 66

**07-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030717291661724

-تەقینەوەیەک لەنزیک مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی، لە قەزای خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین 25 بریندار و 2 شەهیدی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 67

**08-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030811301665560

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک ژمارەیەک چەکدار دەبێتە دەمەقاڵیان و دواتر شەڕ لە نێوانیان دروست دەبێت و بە هۆیەوە دووخوشک بریندار دەبن و دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە یەکێکیان گیان لە دەست دەدات.
-پیاوێک لە بەردەم پرسگەی نەخۆشخانەی خانەقین چەکی پاسەوانی نەخۆشخانەکە دەبات و ژنێکی پێدەکوژێت و دوو کەسی تر بریندار دەکات، دواتر خۆشی دەکوژێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 68

**09-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030909370565217



-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دژەتیرۆر لە باشووری رۆژئاوای کەرکوک لە پێشڕەوی بەردەوامدان و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیش لە هەڵاتندان.
-وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند، لە شەڕەکانی ئەمڕۆی باشووری کەرکوک، 20 پێشمەرگە شەهید بوون.
-هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە بۆسەر بنکە و بارەگاکانی چەتەکانی داعش، لەمیحوەری مەخمور دەستی پێکرد.
-فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان پاڵاوگەیەکی نەوتی ڕێکخراوی داعشیان لە شارۆچکەی گرێسپی لە رۆژئاوای کوردستان تەقاندەوە.
-لە باشووری کەرکوک، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە دوو پێشمەرگە شەهیدبوون و چواری دیکەش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 69

**10-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150310093247700



-گوندی جەدە، لە باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ، لە هەڵمەتێکی هێزەکانی پاراستنی گەل دا، لە چەتەکانی داعش ڕزگارکرا.
-ژنانی کورد بە ئامانجی پیرۆزبایی هەشتی ئادار و گەیشتن بە ژنانی شنگال، لە شاری سلێمانیەوە بە کاروانێ بەرەو شنگال بەڕێکەوتن، بەڵام ئەمرۆ لەلایەن ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بازگەی درابۆن لە ناوچەی سمیڵکا، ڕێگری لە ژنان کرا.
-لە تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە باشووری خۆرئاوای کەرکوک، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکوک و فەماندەیەکی تری پۆلیس و شەش پۆلیسی تر بریندابوون.
-لە مەراسیمێکدا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، ئەمڕۆ تەرمی سەربازە کەنەدییەکە کە بە هەڵە لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرا ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 70

**11-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031108503322198

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نێوان گوندی باقرت و گولیجە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەوە بەرپەرچیان درایەوە و تێکشکێندران.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەستڕێژی گوللە لە ژمارەیەک هاوڵاتی دەکەن و بە هۆیەوە دوو کەس کوژراو سێی دیکەش بریندار بوون.
-داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شنگال، بەڵام پێشمەرگە بە تووندی بەرپەرچی دانەوە و هێرشەکەیان تێکشکاندن.
-کاتژمێر یەک و نیوی شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە دوو قۆڵەوە لە بەرزاییەکانی میحوەری بادۆش هێرشیان کردەسەر سەرنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشەکەیان تێک شکێندراو ئەمیرێک و 9 چەکداریان کوژران". سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-03-2015
-روانگەی مافی سووری رایگەیاند: دەیان زیندانیکراوی لای داعش توانییان لەدەست چەکدارانی ئە و رێکخراوە تیرۆریستییە هەڵبێن، کە لە نێویاندا 30 شەڕڤانی کورد هەیە، بەڵام بەشێک لە هەڵاتووەکان جارێکی تر کەوتوونەتە دەست داعش و بەشێکیشیان توانییان خۆیان بگەیەننە تورکیا.
-روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، سەدان چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش، هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر هێزەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا دەستپێکرد و لە ئەنجامی دروستبوونی شەڕێکی توندیشدا، دەیان کەس لە و نێوەندەدا کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 71

**12-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312092616663O2

-شەوی رابردوو لە گەڕەکی سەربەستی شاری هەولێر کچێکی تەمەن 15 ساڵان لە باڵەخانەیەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوەو گیانی لەدەستدا.
-شەڕ لە نێوان چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری کەسکێ دەستیپێکردەوە.
-لە هێرشەکەی ئەمڕۆی پێشمەرگە بۆ سەر چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک، چەکدارانی داعش بەبێ هیچ کاردانەوەیەک دەستیان بە هەڵاتن کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 72

**13-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150313092209680l7



-هێزی پێشمەرگە لە باشووری کەرکووک هێرشیکردە سەر چەکدارانی داعش و لە ئەنجامیشدا چوار گوندی دەوروبەری ناحیەی بەشیر کۆنترۆڵکرانەوە، لە چەند ناوچەیەکیش چەکدارانی داعش بێ هیچ رووبەڕووبوونەوەیەک پاشەکشەیان کرد.
-لەکانتۆنی جەزیرەی رۆژئاوای کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان دەستیپێکرد. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کانتۆنی جزیرە رایگەیاند کە ئەمڕۆ هەڵبژاردن لە شارۆچکەی تل تەمەر بەڕێوەناچێت.
-لە شاری سلێمانی، ئەمڕۆ سەرۆکی داواکاری گشتی کە خانەنشین بووە، بە ناوی حاکم "فوئاد محەمەد تۆفیق" خۆی کوشت.
-لە ناحیەی وانکی سەر بە قەزای تلکێف نزیک بەناوی موسڵ بۆمبێک لە ناو ماڵێکدا تەقیەوە کوژراوێک و سێ برینداری لێکەوتەوە.
-هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و پۆلیسی کەرکوک و حەشدی شەعبی لە پێشرەوییەکیاندا بۆ گوندی مریەم بەگ، بۆمبێکی چێنراویان پێدا تەقیوەتەوە، بە هۆیەوە سێ پێشمەرگە و پۆلیسێک بریندار بوون، چەکدارێکی حەشدی شەعبی-ش کوژراوە و دووانی دیکەیان بریندار بوون.
-سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند" بڕیاری ناردنی هێزی کورد وەکو هێزێکی سەرەکی نادات، بۆ ڕزگار کردنی موسڵ و لەو شارانەی کە زۆرینەی عەرەب نشینن، پێشمەرگە ڕۆڵی پاڵپشتی دەگێڕێت و ناچینە ناوچە سونییەکان و بۆ شەڕی عەرەب".

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 73

**14-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150314123144653 51



-داعش پردی سەرەکی گوێریان تەقاندەوە، لەترسی پێشڕەوییەکانی هێزی پێشمەرگە.
-لەخوار گوندی مەلا عەبدوڵڵا تەرمی پێشمەرگەیەکی شەهید بەناوی عەبدولرەحمان عومەر دێوانە مەمەنداوەی دەدۆزرێتەوە کە مێژووی شەهید بوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چل و پێنج رۆژ لەمەو بەر.
-وەفدێکی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" کە پێکهاتبوون لە پەروین بولْدان و ئیدریس بالوکەن سەرۆکانی فراکسیۆنی هەدەپە، خەتیب دیجلە هاوسەرۆکی کەجەدە، سری سورەیا ئۆندەر پەرلەمانتاری هەدەپە و جەیلان باگریهان ئەندامی کۆما ژنێن بلْند، بەمەبەستی چاوپێکەوتنی عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان پێش نەورۆز، بەرهو دورگەی ئیمراڵی بەڕێکەوتن.
-هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارەیەک گوندی ناوچەکانی دەوروبەری بەنداوی موسڵ، لە چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش)، پاکدەکەنەوە.
-ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان راگەیەندراوێک لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن داعشەوە بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە بڵاودەکاتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 74

**15-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315104400674 32



-بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و کەسایەتی و دەزگاکانی حکومەت، پەردە لە سەر پەیکەری شەهید هوجام سورچی لە ناحیەی رۆڤیای سەربە قەزای بەردەڕەش لابرا.
-بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە رۆژئاوای شاری هەولێر، چەند گولە کاتیۆشایەک دەکەوێتە خوارەوە.
-باڵیۆزی ڤاتیکان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەکارهێنانی هێز بەپێویست دەزانێت بۆ پاراستنی کەمینەکان لە دەستدرێژییەکانی رێکخراوی تیرۆرستیی داعش.
-هێرشەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی باشووری کەرکووک بەردەوامە، پێشمەرگە لە شارۆچکەی حەویجە نزیکبووەتەوە و لەدووری 30 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کەرکووکەوە سەنگەری لێداوە و وێڕای جێگیرکردنی چەکە قورسەکانی لەو سەنگەرانە، هێزێکی دیکەشی بۆ هێرشە بەردەوامەکان دروستکردووە و گەیشتوونەتە چوارریانی وادی نەفت، کە تەنها 18 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی حەویجەوە دوورە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 75

**16-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031609491674261



-شەوی رابردوو، یەکێکی دیکە لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بەناوی ئامینە عەبدوڵلا کۆچی دوایی کرد، کە بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، کۆچکردوو یەکێک بووە لەو شەش کەسەی لە پیکابەکە رزگاریان بووە.

-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە باشووری کەرکووک هێرشی بۆ سەر گوندەکانی میحوەری داقووق دەستپێکرد و گوندەکانی وەحدە، سەعد، خالد، عەیالیە، جەدیدەی گەورە و جەدیدەی بچوکیان کۆنترۆڵکردەوە.

-خۆپیشاندان وناڕەزایەکان دژ بە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران دەست پێدەکاتەوەو سەرلەبەیانی ئەمرۆش کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەستیان بەمانگرتن کردوە دژی دواکەوتنی موچەکانیان و دووپاتیان کردەوە تا مووچە وەرنەگرن لە مانگرتن بەردەوام دەبن.

-لە گوندی بەشیری قەزای خورماتوو، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە کە تەرمی 18 گەنجی تێدایە، قائیمقامی قەزای خورماتووش ڕایدەگەیەنێت: ئەوگەنجانە تورکمانن و 8 مانگ پێش ئێستا بۆ ڕووبەڕوبونەوەی چەتەکانی داعش ڕوویان لەگوندەکانی‌سنوری بەشیرکردبوو.

-لە باکوری کوردستان یادی 27 ساڵیادی کیمیا بارانی هەڵەبجە کرایەوەو لە ئاگری و دیاربەکریش چەند چالاکیەک بەو بۆنەیەوە ئەنجامدرا.

-لە تۆڵەی ئاراستەکردنی چەند مووشەکێکی کاتیۆشا بۆ رۆژئاوای هەولێری پایتەخت، هێزی پشتیوانی و تۆپخانەی پێشمەرگە بە چڕی مۆڵگە و بارەگاکانی تیرۆریستانی داعشیان لەنێو شاری موسڵ بوردومان کرد و زیانێکی گەورەیان بە تیرۆریستان گەیاند.

-وەزارەتی دەرەوەی روسیا نیگەرانی توندی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە راگەیاند و داوایکرد لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکان بکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 76

**17-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031710185784887

-لە گوندی بازوایەی سەر بەناحیەی باشیکی پارێزگای موسڵ، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لۆریەکی پڕ تەقەمەنی رێکخراوی تیرۆرستی داعشیان تەقاندەوە.

-شەوی رابردوو لە گوندی بیر حسۆی گەورە کە سێ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی پردی قەرەقۆزاخەوە دووره شەڕوپێکدادانێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش دەستیپێکرد، لەئەنجامدا ئە و گوندە ستراتیژیە ئازادکراو 25 چەکداری تیرۆریستی داعش-یش کوژران.

-بالیۆزی وڵاتی ئەرمینیا لە عیراق کارین گریگۆریان و لیڤۆن سەرکیسیان بالیۆزی یاریدەر، بریاری حکومەتی وڵاتەکەیان راگەیاند بە رەزامەندی لەسەر کردنەوەی کونسولخانەی گشتی ولاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان.

-گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە شارەدێی سەعدییە دۆزرایەوە، کە چەندین تەرمی خەڵکی مەدەنی تێدابوو، بەڕێوەبەری شارەدێی سەعدییەش دەڵێت" چەکدارانی داعش لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی شارەدێکە، ئەوخەڵکە مەدەنییەیان کوشتووە."

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 77

**18-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150318070909849OO



-داعش، لە ناو قەزای شەنگال هێرشیان کردەسەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و هێرشەکەیان تێکشکێندرا.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری قەزای داقوق هێرشیان بۆ سەر مۆڵەگەکانی داعش دەستپێکردەوە و توانیان گوندێکی تر کۆنترۆڵ بکەن.
-هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هاوکاری تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چوونە ناو گوندی بەشیرەوە و کۆنترۆڵیان کرد.
-فەرهاد پیرباڵ، نووسەر و رووناکبیر پەیامێک ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و داوای لێدەکات لەگەڵ داعش دانووستان ئەنجام بدات.
-لە خانوێکی قەڵای هەولێر مۆزەخانەیەکی تایبەت بە جلی ژنانی کورد کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 78

**19-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031910375284915



-گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل HPG تەرمی پێشمەرگەیەک کە لەشەڕی دژی چەتەکانی داعش شەهید ببوو، لەهەرێمی ژێردەستی ئەو گروپە چەتانە دەردەخەن و رادەستی کەسوکاری دەکەنەوە.
-ژمارەیەک لە فەرمانگە حکومییەکانی پارێزگای سلێمانی بایکۆتکردنی دەوامی فەرمیان دەستپێکرد، بەرپرسی رێکخراوی سکاڵا و چاودێریش رایدەگەیەنێت: لە بەرنامەماندایە بایکۆتی دەوام لە سلێمانیەوە ببەینە هەولێر و دهۆک.
-ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان رایگەیاند، "پێدەچێت چەکدارانی رێکخراوی (داعش(، تاوانی جینۆسایدییان بەرانبەر بە کەمینەی ئێزدی لە عیراقدا ئەنجام دابێت، وێڕای تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دژ بە مەدەنییەکان و دژ بە منداڵان."
-ئەکاونتەکانی سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، وێنەی سێ پێشمەرگەی دیلیان بڵاوکردەوە و نووسیویانە " لە تۆڵەی بۆردومانکردنمان سەرمان پرین".

-حەوت خێزانی کوردی ئێزدی لەژێر دەستی چەکدارانی داعش رادەکەن و دەگەنە چیای شنگال.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 79

**20-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032009460584928



-داعش هێرشی کردەسەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک و لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشەکەیان تێکشکێندرا و شەش تەرمیشیان کەوتە بەردەستی پێشمەرگە.
-بەهۆی شەهیدکردنی سێ پێشمەرگە لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا بەشداری هیچ بۆنەیەکی جەژنی نەورۆز نەکات.
-لە کەرکوک لە دوو رووداوی جیاوازدا سێ کەس دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و هەر سێکیان گیان لەدەست دەدەن.
-بەهۆی دوو تەقینەوەی خۆکوژییەوە کە لەلایەن داعش لە شاری حەسەکە لە رۆژئاوای کوردستان ئەنجامدران، دەیان شەهید و بریندار کەوتنەوە.
-بڕیاربوو ئەمڕۆ لە شاری چەمچەماڵ لە ڤیستیڤاڵێکدا یادی نەورۆز بەشێوەیەکی شایستە بەڕێوە بچێت، بەڵام بەهۆی شەهیدبوونی سێ پێشمەرگەوە ئەو ڤستیڤاڵە، گۆڕا بە ماتەم.
-لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئاگری نەورۆز کرایەوە و نەورۆزی ئەمساڵ ناونرا نەورۆزی بەرگری.
-بۆ پیرۆزکردنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە پێنج شوێنی جیاوازی شاری موسڵ ئاگری نەورۆز کراوەتەوە و رێکخراوی تیرۆریستی داعشیش سزای ئەو کەسانەی داوە کە ئاگرەکەیان کردووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 80

**21-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032009062884925



-عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیامێکی نووسراودا کە لە مەراسیمی نەورۆزی شاری ئامەدی باکووری کوردستان خوێندرایەوە رایگەیاند بۆ دانانی چەک داوا لە پەکەکە دەکەم کۆنگرەیەک سازبکات و و دواتریش لیژنەیەک بۆ چاودێرپکردنی دروست بکرێت.
-شەوی رابردوو کەتیبەکانی شاری موسڵ سەرکردەیەکی بە رەگەز کوردی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەناوی ئەبو ئەنەس کوردی کە هاوکات وتارخوێنی مزگەوت بووە لە شاری موسڵ کوشت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 81

**22-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032216415984951



-چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، منارەی شەنگالیان تەقاندەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 1200 ساڵ پێش ئێستا.
-ئەو کچەی شەوی ڕابڕوو لە ڕوداوێکی گوماناویدا لە ناحیەی رزگاری سوتا و دواتر لە بەر زۆری ڕێژەی سوتانەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا،دوا نیوەڕۆی ئەمڕو گیانی لە دەستدا، توندوتیژی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت کچەکە خوی سوتاندووە و سەرچاوەیەکی نزیکی ماڵی کچەکە ڕەتیدەکاتەوە خۆی سوتاندبێ.
-لە نزیک گوندێکی سەر بە ناحییەی لەیلان هێزەکانی پۆلیس تەرمی سێ گەنجیان بە کوژراوی دۆزییەوە، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت گەنجەکان بە گوللە کوژراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 82

**23-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032309235784963

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیای باشیک، بەڵام بەهۆی بەرپەرچدانەوەی توندی پێشمەرگەوە پێنج کوژراویان لێکەوتەوە و بەدەیان پارچە چەک و ئامێری پەیوەندییکردنیان لە شوێنی شەڕەکە لێ بەجێماوە.
-چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقە لە مەفرەزەیەکی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە باشووری شاری موسڵ دەکەن و بەهۆیەوە ئەمیرێک و شەش چەکداریان لێکوژراون و نامەیەکیش لە شوێنی شەڕەکە بەجێهێڵراوە کە ئاماژەیە بۆ تۆڵەکردنەوەی 3 پێشمەرگە سەربڕدراوەکە.
490 -ملیار دینار لە بەغداوە گەیشتە هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕی 135 ملیار دیناری گەنمی جوتیارانیش گەیشتە هەرێم.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 83

**24-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150324102721849 71



-بۆ تۆڵەسەندنەوەی شەهیدانی تەقینەوەکەی 20 ئاداری 2015 لە حەسەکە، شەڕڤانانی یەپەگە شەو رابردوو هێرشیانکردە سەر بارەگاکانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کانتۆنی کۆبانێ و لەئەنجامدا 30 تەرمی چەکدارەکانیان کەوتنە بەر دەستی یەپەگە.

-سوپای تورکیا دەستپێکردنی هەڵمەتێکی سەربازی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان، راگەیاند.

-لەگوندی تل خەنزیر-ی سەر بەسەرێکانی لە باشووری ڕۆژئاوای شارەکە، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و یەکینەکانی پاراستنی ژن (YPJ)، کاتژمێر سێی دوێنێ شەو، وەڵامی هێرشێکی چەتەکانی داعشیان دایەوە.

-ژمارەیەک لە کەسوکاری رفێنراوانی ئێزدییەکانی شەنگال بە دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە گردبوونەوەیەکدا لەبەردەم ئیدارەی راپەڕین داوایانکرد هەرچی زووە سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە تا بە کەسوکاریان شاد ببنەو شەنگال بەتەواوی ئازاد بکرێت و تاوانەکانی داعشیش دژی ئێزدییەکان بە جینۆساید بناسێنرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 84

**25-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150325084645661 38

-مانگرتن لەسەر دواکەوتنی مووچە دەستپێکردەوە و ئەمجارە مامۆستایانی هەڵەبجە بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

-بەهۆی شەڕی چەند پەرلەمانتارێکەوە، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەتبوو بە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای سندوقی داهاتی نەوت و غاز، بۆ ماوەیەک دواخرا. دو پەرلەمانتاری پارتی و پەرلەمانتارێکی گۆڕان لەنێو هۆڵی پەرلەماندا دەبێتە شەڕیان و بەبۆکس لەیەکتری دەدەن.

12 -ژن لەشاری هەولێر ڕێگای بەردەم پارێزگای هەولێریان داخست، بەهۆی دەستگیرکردنی مێرد و کورەکانیانەوە بەبیانوی دروستکردنی خانوی زیادەڕۆیی.

-پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دوای ئەوەی مەفرەزەیەکی ئاسایش تیرۆرستێکی دەستگیرکراو دەگوازنەوە، چەکدارانی داعش هێرشیان دەکەن سەرو لەئەنجامدا تیرۆرستێک دەکوژرێت و ئاسایشێکیش شەهید دەبێت.

-لە چیایەکی دەڤەری سۆران مینێک بە ژنێکی خاوەن چوار منداڵدا بەناوی بەهار عەبدولواحید

تەقیەوە و بەهۆیەشەوە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 85

**26-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032610451084994

-سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت ئەو رووداوەی کە دوێنێ لە پەرلەمانی کوردستان روویدا، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەم جۆرە رووداوانە پاساوێکن بۆ بە لاڕێدابردن و پەسەندنەکردنی پرۆژە یاسای سندوقی نەوت و گاز.
-بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و نوسەران و رۆشنبیران، کۆنفرانسی دامەزراندنی رێکخراوی داپران بەرەو رۆشنبیرییەکی هاوچەرخ، لە سلێمانی بەڕێوەچوو.
-پەرلەمانی کوردستان لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر شەڕەکەی دوێنێی پەرلەمان پێکهێنا و لیژنەکە بە سەرۆکایەتی فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستانە.
-شەڕو پێکدادان لە نێوان چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و شەرڤانانی یەپەگەو گەریلاکان لە شەنگال روویداو و بەو هۆیەوە 7 چەکداری تیرۆریستی داعش کوژران.
-وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ئاشکرای دەکات، کە ئەمڕۆ بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایش دوو تۆمەتباری عەرەبیان لە هۆتێلێکی شاری سلێمانی دەستگیر کردووە، کە چەندین تاوانی کوشتن و رفاندنی ئۆتۆمبیلیان ئەنجامداوە و لەلایەن پۆلیسی بەغداوە بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە بەپێی ماددەی چواری تیرۆر.
-چەند چەکدارێکی داعش لە شنگال دەکەونە بۆسەیەکی پێشمەرگەوە و تەرمی حەوت چەکداریشیان دەکەوێتە بەردەستی پێشمەرگە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 86

**27-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032715131385003

-ئەمڕۆ، لەگوندی خێبش و تەل شامیران، شارۆچکەی تل تەمری خۆرئاوای کوردستان، هێزە هاوبەشەکانی: یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەکینەکانی پاراستنی ژن، هێزەکانی سریانی و ئاشوریی، زێرڤای خاپور و هێزی مەسیحیەکان، ئۆپەرسیۆنیان دژی چەتەکانی داعش دەست پێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 87

**28-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150328132658850111

-شەڕڤانانی یەپەگە لە باشووری کانتۆنی کۆبانی لە دژی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش چالاکیان ئەنجامدا و حەوت چەکداری تیرۆریستی داعش کوژران و شەڕو پێکدادانیش بەردەوامە.
-داعش سەر لەبەیانی ئەمڕۆ لە سێ قۆڵەوە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی شەنگال کرد و لە ئەنجامدا هێزەکانی پێشمەرگە بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەوەو تێکیان شکاندن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 88

**29-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150329102709850177

-وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی مووچەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکانی ڕاگرت، وتەبێژی ئەو وەزارەتەش رایدەگەیەنێت کە مووچەی هیچ کارمەندێک نافەوتێت و لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی کاری کارمەندانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە رێکبخەن و رێگە لە دوو مووچەیی بگرن.
-چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە سەنتەری قەزای شەنگال هەوڵیاندا خۆیان لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نزیک بکەنەوە و پەلاماریان بدەن، بەڵام کەوتنە ناو بۆسەیەکی پێشمەرگە و شەش تەرمیان بە سووتاوی لە شوێنی شەرەکە بەجێما."
-لە گوندێکی سەر بە ناحییەی لەیلانی سنوری پارێزگای کەرکوک، چوار تەرمی نەناسراو دۆزرانەوە، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت کە ئاسەواری گوللە بە جەستەیانەوە دیارە.
-وتەبێژی پۆلیسی هەولێر، رایدەگەیەنێت کە بەهۆی شەڕی نێوان دوو سەگەوە، دوو ماڵی گوندێکی سەر بە ناحیەی دێگەڵە شەڕ لەنێوانیاندا دروست بووەو بەهۆیەشەوە کەسێک کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 89

**30-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150330114633850488

-بەرەبەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە پلەی 3.6 بە پلەی ڕێختەر، شاری سەرپێڵ زەهاوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند.
-هەریەک لە لەیلا زانا و سری سورەیا ئۆندەر نامە تایبەتەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانیان گەیاندە هەولێر و بڕیاریشە هەر ئەمڕۆ نامەکە بگەیەننە تاڵەبانی.
-لە گەرەکی تسعینی شاری کەرکوک و نزیک بارەگای حزبی دەعوە بۆمبێکی موگناتیسی کە لکێنرابووە ئۆتۆمبێلێکی جۆری یارسی تاکسیەوە تەقییەوە و لە ئەنجامدا شۆفێرەکەی گیانی لەدەستدا.
-شەور پێکدادانێکی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی ڕێکخراوی

تیرۆریستی داعش لە ناو سەنتەری قەزای شەنگال دەستپێکردووە.
-لەکاتی تێکدانی هۆڵێکی زیادەڕۆیی لەسەر ڕێگای هەولێر - مەسیف شەڕە تەقە لە نێوان کەسی پێشێلکارەوە و زێرەڤانیەوە روودەدات و چەکی ئاربیجیش بەکار دەهێنرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 90

**31-03-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033111374485074

-ئەو دوو پەرلەمانتارەی هێرشیانکردە سەر عەلی حەمە ساڵح ئامادەنین بچنە بەردەم ئە و لیژنەیەی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە پێکهێنراوە و ئاماژە بەوەشدەکەن لیژنەکە نایاساییە.
-هێزە هاوبەشەکان لەگوندی تلبازی سەربە شاری تلتەمر لەدژی گروپە چەتەکانی داعش چالاکییەکیان ئەنجامدا و چەتەیەک کوژرا و یەکێکیش برینداربوو. هەروەها لە خێبش و تلنەسیریش شەڕوپێکداداان هاتەئاراوە.
-بەبۆنەی نزیکبوونەوەی 66 مین ساڵوەگەری لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجالان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە ئەمڕۆ رێپێوانی جەماوەری لەرووحاوە بەبەشداری گەنجان، پیر و ژنان بەرەو گوندی ئامارا شوێنی لەدایک بوونی ئۆجالان دەستپێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 91

**01-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040114570585087



-بەبۆنەی سەری ساڵی ئاشووری و بابلی، ژمارەیەک لە نوێنەری حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پێکهاتەکانی مەسیحی لە دەشتی نەینەوا و هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا و داواکاربوون هەرچی زووە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا لەدەست تیرۆریستانی داعش دەربهێنن و تاکو خەڵکەکەی کە لە پێکهاتەکانی مەسیحی و کوردی ئێزیدی و شەبەک و کاکەیی پێکهاتوون بگەرێنەوە ناوچەکانی خۆیان.
-پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکانی پەسەند کرد، کە لە 17 مادە پێکهاتبوو.
-وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسادا کۆبووەنەوەو وەزیری پێشمەرگەش رایگەیاند " بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەڵێنیانداوە بە پێدانی چەک و تەقەمەنی هاوکاری پێشمەرگە بکەن".

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 92

**02-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150402102616665774



-شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:36 خولەکی شەو بوومەلەرزەیەک لە پارێزگای هەڵەبجەی دا، لێپرسراوی هۆبەی بوومەلەرزەش لە کەشناسی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت بوومەلەرزەکە بە گوری 3.4 پلە بە پێوەری ڕێختەر بووە.
-لیژنەی لێکۆڵینەوە لەڕووداوی هێرشکردنە سەر پەرلەمانتار عەلی حەمەساڵح لە لایەن دوو پەرلەمانتاری پارتییەوە ڕایگەیاند، ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕووداوەکەوە دەدەنە سەرۆکی پەرلەمان و ئەو بڕیاری کۆتایی لەبارەی ڕووداوەکەوە دەدات.
-دەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب، لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کرایەوەو لە پێشانگاکەشدا زیاتر لە 700 هەزار ناونیشانی کتێب نمایشکران.
-کرێکارێکی خەڵکی وڵاتی سوریا، لەکاتی کارکردندا لە بینایەکی شاری هەولێر، کەوتە خوارەوە و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 93

**03-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150403092922666272

-بەپێی ئۆپەراسیۆنێکی تایبەت بە کوشتنی موەفەق ئەسعەد، بکوژی شەهید هوجام، لە گەڕەکی قاهیرەی ڕۆژئاوای شاری موسڵ کاژێر 11 و نیوی شەوی ڕابردوو لێیدرا و لە ئەنجامدا خۆی کوژرا و یەکێکیش لەوانەی لەگەڵی بوون برینداره.
-ئەمڕۆ بە بۆنەی 67 ساڵەی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێکخراوەکانی سەر بە PKK لەچەند شوێنێکی باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکە یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 94

**04-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150404122119668893

-شەوی ڕابردوو چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گەورەترین هێرشیان کردە سەر

سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری خازر، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە و فڕۆکە جەنگییەکان توانیان هێرشەکەی داعش تێکبشکێنن و زیانێکی گەورە بە داعش بگەیەنن.
-لە چالاکییەکدا دژی چەتەکانی داعش، لە باشوری شاری تل تەمر شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە، چەتەیەک دەکوژن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 95

**06-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150406110950 57523



-لەلایەن هێزێکی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شنگال و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو شوێنێکی نادیار رفێندراوەو چارەنوسی نادیارە.
-شەڕڤانانی یەپەگە لە گوندی خێبشێ لە رۆژئاوا و باشووری شارۆچکەی تل تەمەر چالاکی لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەنجامدەدەن و بەپێی زانیارییەکانیش لە چالاکییەکدا سێ چەکداری ئەو رێکخراوە کوژراون.
-بە پێی هەواڵێکی بی بی سی فارسی، بە پشت بەستن بە هەواڵیکی فرانس پریس، بەرەی نوسرە 300 هاوڵاتی کوردی رۆژئاوایان لە نێوان عەفرین و دیمشق رفاندوە، بەپێی هەواڵەکەی بی بی سی-یش رفێندراوەکان براونەتە شاری دانە لە نزیک حەلەب.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 96

**07-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150407105440 70404



28 -ژن و کچ و منداڵ و بەتەمەنی ئێزدی کەلەلایەن چەتەکانی داعشەوە ڕفێندرابوو، لە گوندی هەردانی گرێدراوی شەنگال گەیشتنە هێزە کوردیەکان و ڕزگاریان بوو.
-لە قوتابخانەکانی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بەسەر قوتابیاندا دابەشکرا .کتێبەکە ناوی (وانەی کوردی)یەو هەشتاو دوو لاپەڕەیە، بەڵام وەک پاشکۆی وانەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی ناونراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 97

**08-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040809452870821

-شەوی رابردوو تۆپخانەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ناوەران بۆردوومانی مۆڵگەکانی داعشیان کرد تا بەیانی لە گوندی قورسیبان و دەوربەری موسڵ، زیانێکی دیکەیان بە رێکخراوی تیرۆرستی داعش گەیاند.
-لەشاری سلێمانی لەدژی سەردانیکردنی عەبادی بۆ هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانێک ئەنجامدەدرێت و داوا دەکەن کورد بەشداری شەڕی موسڵ نەکات.
-حەیدەر شەشۆ ئازادکرا.
-هێزەکانی ئاسایش بە هاوکاری پۆلیس لە سنووری قەزای داقوق تەرمی پێنج کەسیان بە کوژراوی دۆزییەوە. سەرچاوەیەکیش رایدەگەنێت بە هۆی ئەوەی تەرمەکان شێواون لە ئێستادا ناناسرێنەوە.
-لە جەلەولا دوو بۆمبی چێنراو تەقییەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک و برینداربوونی دوو پێشمەرگەی تر.
-ئەمرۆ لەباشووری شاری کەرکوک زیاتر لە 216 هاوڵاتی ئێزیدی کە زۆربەیان پیر و ژن و منداڵن، لەدەستی چەتەکانی داعش رزگاریان بوو و لەئێستاشدا ئەو هاوڵاتیانە گەیشتوونەتە شوێنی پارێزراو.
-دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای رەشنوسی دەستووری هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان کرا، ئەمرۆ ئەندامانی لیژنەی یاسایی بە تەحەفوزی هەندێکیان ئیمزایان لەسەر راپۆرتی پرۆژەیاسای رەشنوسی دەستووری هەرێم کرد.
-داعش کۆمەڵێکی تر لە ئێزدییە بەتەمەنەکان ئازاد دەکات کە ژمارەیان 227 کەس دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 98

**09-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040911025485099



-لە ناوچەی تەلەعفەر 31 ئافرەت و منداڵی کوردی ئێزدی خۆیان گەیاندە لای هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری تەلەعفەر.
-نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان سووربوونی بزووتنەوەکەیانی لەسەر سیستمی پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.
-حکومەتی سوید بڕیاریدا "پرۆژەیەک پێشکەش بەپەرلەمانی سوید بکات سەبارەت بەناردنی هێزێکی سەربازیی کە پێکهاتوە لە 35 راهێنەری سەربازی بۆ عێراقو هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری پێشمەرگەو هێزی چەکدارانی عێراقی دژی شەڕی داعش."
-فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بە هەڵە بۆردوومانی گەڕەکێکی ناو شارەدێی گوێڕیان کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە.
-عەلی ئەکبەری ئاقایی نوێنەری شاری سەڵماس لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران، گیانی لەدەستدا.
-لە ناوچەی "تەل ئەسوەد"ی سەر بە میحوەری خازر، چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش پەلاماری سەنگەرەکانی بەرگری هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانیاندا و لە بەرامبەریشدا پێشمەرگەکانی سەر بە

بەتالیۆنی دووی هێزی یەکی سەربەخۆی فەرماندەیی زێرەڤانی بەرپەرچیان دانەوەو دوای یەک کاتژمێرو نیو بەرگری رەوای هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانی، چەکدارانی تیرۆریستی داعش چەندین لاشەیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت و رایانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 99

**10-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150410133808654322




-لە ماوەی 48 کاتژمێری رابردوودا چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش دەیان هێرشیان لە سنووری شارۆچکەی تل تەمەر کردووتەوە سەر گوندەکان و سەرجەم هێرشەکانیش لە لایەن یەپەگەوە تێکشکاون و زیانی گەورەیان پێدەگەیەنن و 152 چەکدار داعش دەکوژن.

-هەریەکە لە تەلەڤزیۆنەکانی مەد نووچە، رووناهی و ستێرک رووبەرووی هێرشی ئەلیکترۆنی بوونەتەوە و بەوهۆیەوە پەخشیان وەستا.

7 -چەکدار لەنێو دوو ئوتومبێلەوە تەقە لەبارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی دەکەن و پاسەوانانی بارەگاکەش تەقەکەران دەستگیردەکەن.

-لە شاری کەلار دژی دریژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کەمپینێک راگەینرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 100

**11-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150411091312710466



-تۆپخانەکانی تورکیا سنورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکەنەوە.

-لەزانکۆی حەیاتی ئەهلی لە شاری هەولێر لەلایەن چەند خوێندکارێکی عەرەب ئاڵای کوردستان داگیرا و لەشوێنی ئەو ئاڵای عێراق هەڵکرا. بەهۆی ئەمەوە گرژی لەنێوان قوتابییە کورد و عەرەبەکاندا دروستبوو.

-ئەمشەو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و لە ئاسمانی دەڤەری نهێل و نێروە و رێکانی سەربە قەزای ئامێدی سووڕاونەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 101

**12-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041213275170408

-شەوی رابردوو چەکدارانی داعش هێرشێکی فراوانیان کردە سەر گوێر و بەرپرسانی پێشمەرگە لەو میحوەرە رایانگەیاند، چەکدارانی داعش توانیبوویان بگەنە پردی گوێر و شەڕەکە گەیشتبووە بەردەم ماڵی بەڕێوەبەری ناحیەکە، بەڵام دواتر هێرشەکە لەلایەن پێشمەرگەوە شکێنرا و لە شەڕەکەشدا ئەفسەرێکی پێشمەرگە بەناوی زاهیر کەریم مستەفا شەهیدبووە و 3 پێشمەرگەی دیکەش بریندابوون.

-پاش شەڕ و پێکدادانیکی توند لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لەچوارریانی حەردان لەنزیک تەلعەفەر، پیشمەرگە توانی هێرشی داعش تێکبشکێنێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 102

**13-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041310271068682



-دادگا بڕیاری ئازادکردنی حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شنگالی دەرکرد.

-لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەیەکی کەم پشێوی کەوتە ناو پەرلەمان و دواتر دانیشتنەکان دەستی پێکردەوە.

-بە بەشداری ژمارەیەک لە چالاکوانان لە بەردەم وەزارەتی داد گردبونەوەیەک لە یادی 27 ساڵەی تاوانی ئەنفال ئەنجامدرا و گردبونەوەکە لەبەردەم وەزارەتی داد دەستی پێکرد و دواتر چووە بەردەم ئەنجومەنی دادوەری هەرێم.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 103

**14-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041409082166908



-سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ مەراسیمی یادی 27 ساڵەی تاوانی ئەنفال، کە ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد ئەنجامیدا لە کەلار بەڕێوەچوو، مەراسیمەکە بە لێدانی سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب دەستیپێکرد و هەمووان لەبەر سروودەکە هەستانەوە، جگە لە دڵشاد گەرمیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی و چەند ئەندامێکی دیکەی ئەو حیزبە، ئەمەش کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالی نیگەران کرد.
-فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شەنگال حەیدەر شەشۆ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیاند، هیچ بڕیارێک دەرنەکرابوو بۆ دەستبەسەرکردنی من، لە زیندانەکەشدا لەگەڵ چوار داعش پێکەوە بووین.
-دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و دوو مانگ بەسەر تۆمارکردنی سکاڵایەک لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە کەناڵی KNN و پاش ئەوەی بۆ پێنجەمینجار لە دادگا ئامادە بوو ئەمڕۆ دادگا بڕیاری کۆتایی داو (ئەمیر گۆران)ی بەرپرسی نوسینگەی دهۆکی کەناڵیKNN ی ئازاد کرد.
-لە ئەشکەوتی شانەدەر پەیکەرێکی تری مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە.
-ڕوفاتی هەشت کەسی کۆمەڵکوژی دێرسیم دەدۆزرێتەوە.
-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیارێکی نوێیان سەربارەت بە ڕێکخستن و پێشخستنی سیستمی خوێندنی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد، بەوەی سەرجەم خوێندگا ئیسلامییەکان بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و چیدی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف نەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 104

**15-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415134948659 06



-داعش پیاوێکی ئێزدی بەتەمەن و گەنجێکی ئێزدی لە ناوچەی تۆپ لە ناوەڕاستی شاری موسڵ، گوللەباران کرد. هەردوو قوربانییەکە خەڵکی ناوچەی شنگالن و پێشتر لە مانگی ئابی ساڵی پارەوە لای داعش دەستبەسەر کرابوون، دوای گوللەبارانکردنیان تەرمەکانیان ڕەوانەی پزیشکی دادی موسڵ کراوە.
-لە باشووری کانتۆنی کۆبانی لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژە، لە دژی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێری ڕابردوودا 18 گوند ئازادکراون و جگە لە زیانە ماددییەکان 120 چەکداری ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەش کوژراون.
-هاوڵاتیەکی کوردی باکوری کوردستان بەهۆی قەرزاری و نەبوونی لەبەر بینای پارێزگای شاری ماڵاتیا، لەبەر چاوی پارێزگاری شارەکە بەنزینی کردن بەخۆیدا و خۆی سوتاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 105

**16-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150416095650673600



-بەشێک لە کەمئەندامانی سلێمانی لەبەردەم بانکێکی حکومی مانگرتنیان راگەیاند و شەقامی سەرەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانیان داخست، هۆکارەکەشی وەک خۆیان دەڵێن نەبوونی مووچەیە.
-داعش لە چوار قۆڵەوە بە پشتبەستن بە چەند خۆکوژێک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە بەنداوی موسڵ، بەڵام هەر زوو هێرشەکەیان تێکشکا و نزیکەی 21 چەکداری داعش کوژران و ژمارەیەک تەرمی داعش لە ژێر دەستی پێشمەرگەدایە.
-شەوی رابردوو کوری رۆژنامەنووسی بەندکراو سەباح ئەتروشی، لە بەرانبەر ماڵەکەیاندا لە گەڕەکی رزکا لە پارێزگای دهۆک کەوتە ناو گومێکی ئاوەوە و گیانی لە دەستدا، لەئێستاشدا ئە و رۆژنامەنووسە بە کەفالەت ئازادکراوە تا لە مەراسیمی پرسەی کورەکەیدا بەشداری بکات.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 16-04-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 106

**17-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150417190705696910



-لە ناحیەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، تەقینەوەیەک روویدا، دواتر دەنگی تەقە و ئەمبۆلانسی فریاکەوتنی بەدواوەهات. بەپێی هەندێک سەرچاوە تەقینەوەکە 2 کوژراو و زۆرتر لە 10 بریندراری لێکەوتۆتەوە. تەقینەوەکە لە نزیک کونسوڵخانەی ئەمریکا بووە. پاشتر داعش رایگەیاند کە تەقینەوەکە کردەوەی ئەوان بووە. هەردوو شەهیدەکە خەڵکی باکووری کوردستان بوون.
-کەسێتی دیاری قەزای چەمچەماڵ، کەریم ئاغای هەمەوەند لەتەمەنی 88ساڵیدا کۆچی دوای کرد.
-بەپێی هەندێک دەنگوباسی ئێراقی ئەمرۆ عیزەت ئەلدوریی جێگری سەرۆککۆماری پێشووی ئێراق کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 107

**18-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150418092310705990

-هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری داقوق بەردەوامە و سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت تائێستا هێزەکانی پێشمەرگە دوو گوندییان کۆنترۆڵکردووەتەوە.
-موقەدەم هەژار خەلیل، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان لەشەرەکەی بەرەبەیانی ئەمڕۆی باشوری کەرکوکدا، بەدەستی چەکدارانی داعش شەهید کرا.
-تەرمی دوو شەهید کە خەڵکی باکووری کوردستانن رەوانەی زێدی خۆیان کرانەوە دوای ئەوەی لە تەقینەوەکەی دوێنێی هەولێر شەهیدبوون.
-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی رایدەگەیەنێت ئەمڕۆ 18 کەسی تر لە کوردانی ئێزیدی لەدەست تیرۆستانی داعش رزگاریان بوو و گەیشتنەوە هەرێم کوردستان.
-لە شاری ئەنقەرەی پایەتختی تورکیا، تەقە لە بارەگای سەرەکی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" کرا و تەنها زیانی مادی لێکەوتەوە.



کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 108

**19-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041912023268755

-دوو موشەکی دورهاوێژی چەکدارانی داعش کەوتوەتە ناو ناحیەی تازەخورماتوو و تەنها یەک برینداری لێکەوتەوە.
-خوێندکارانی بەشی زانستە تەندروستیەکان لە بەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داوادەکەن ساڵی خوێندنیان لە 4 ساڵ بۆ بکرێت بە 5 ساڵ.
-بریندارێکی تری چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە گیانی لەدەستدا و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش رایدەگەیەنێت لە ساڵی 2003ەوە تائێستا 84 بریندار گیانیان لەدەستداوە.
-لە بەردەم کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی خوێندکاران، بەهۆی دواکەوتنی دەرماڵەکانیانەوە، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و رێگای سەرەکی نێوان سلێمانی و کەرکووکیان داخست.



کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 109

**20-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150420083020120923

-شەوی رابردوو، پێشمەرگە لە باشووری کەرکووک هێرشێکی فراوانی داعش بۆ سەر عوزێرییە و عەتشانە تێکدەشکێنێ و لەو هێرشەدا زیاتر لە 15 چەکداری داعش کوژراون، کە 6 تەرمیان لە بەردەستی پێشمەرگە دان.
-لە کانتۆنی جەزیرە و کۆبانی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی

پاراستنی ژنان لە دژی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەردوامن و بەو هۆیەشەوە 21 چەکداری ئەو ڕێکخراوە کوژران و سێ گوندیش ئازادکران.
-ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردو بەدواداچوونی هێزەکانی ئاسایش و هاوکاری هاوڵاتییان، شەوی ڕابردوو توانرا ئەنجامدەری سەرەکی تەقینەوەکەی ڕۆژی 17-04-2015ی شارۆچکەی عەینکاوە دەستگیر بکرێت.
-لە ئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەر لەسەر ڕێگای سەرەکی ئاکرێ- ڕۆڤیا پێشمەرگەیەک گیانی لەدەست دا و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.
-لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە قەزای چەمچەماڵ بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری BMW تەقە لە سەرنوسەری ڕۆژنامەی چەرمو هەژار بابان دەکرێت.
-ژنێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی زەیتوون عەبدوڵڵا برایم، دانیشتووی گوندی کلاسوورانی سەر بە ناحیەی چوارقورنە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا سووتا. زەیتوون ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی سپارد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 110
**21-04-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015042109581967047

-بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەگوندێکی ڕۆژئاوای دیجلە کە نزیکەی 20کلیۆمەتر لە (تەلەعفەر) دوورە، شەڕی دەستەویەخە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی داعش ڕوویدا. لەم شەڕەدا بەلایەنی کەمەوە 2 پێشمەرگە شەهیدبوون و دەیانیش لە داعش کوژران.
-بەرەبەیانی ئەمڕۆ (30) کوردی ئێزدی لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش دەرباز دەبن و دەگەنە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.
-تەقینەوەیەک لە گۆڕستانێکی شاری کەرکوک ڕوویدا و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان قوربانی لێکەوتووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 111
**22-04-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015042209450070093




-شەوی ڕابردوو، لە قەزای خورماتوو هێزێک دوو هاوڵاتی دانیشتوی ئەو قەزایە بەرە و شوێنێکی نادیار دەڕفێنن و هەمان شەویش دوو نارنجۆک دەخرێتە خانووپەکەوە.
-دوای 70 ساڵ لە دەرچوونی، ئەمڕۆ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان کە ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان بوو، بەهۆی قەیرانی داراییەوە داخرا و دوایین ژمارەی کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی.
-وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، ئەمڕۆ تیمێکی لێکۆڵینەوە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا لە ناوچەی کوبرای سەر بە ناحیەی سەعدیە 11 تەرمیان دۆزیوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 112

## 23-04-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042309264785137

-شەوی ڕابردوو 32 کوردی ئێزدی لە دەستی چەکدارانی داعش دەربازبوون و گەیشتنە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە.
-ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی یەپەگە ئاشکرایدەکات کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا لە هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و جەزیرە، 16 چەکداری ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشیان کوشتووە.
-شەوی ڕابردوو لە میحوەری مەخموور، ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد و بەهۆیەوە 4 پێشمەرگە بریندداربوون، یەکێک لە پێشمەرگەکانیش باری تەندروستی ناجێگیرە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 113

## 24-04-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042413584985161

-لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی گەڕان و پشکنیندا بۆمبێک بە کاروانێکی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی خانەقیندا تەقییەوە و بەهۆیەوە 4 پۆلیس برینداربوون.
49 -پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنە جیاوازەکانەوە، پرۆژەیەک پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن بۆئەوەی پەرلەمانی کوردستان پرسی ئەرمەنەکان بەجینۆساید بناسێت و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەرمنەکانیش، ئەمە بەدەست کەوت بۆکورد ئەرمەن دادەنێت.
-لە شکری تورکیا لەسەر سنووری نێوان ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر سێ هاوڵاتی کورد کە دانیشتووی گوندی (ئەرەندێیێ)ن لە ناوچەی شێڕیا سەر بە کانتۆنی ئەفرین و سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بوون لەو ناوچەیە". لە ئەنجامی گوللەبارانکردنی ئەو سێ هاوڵاتییە، هاوڵاتیەکیان بەناوی سەیدۆ ڕەشاد کە تەمەنی 28 ساڵ بووە گیانی لە دەستدا و دوانەکەی دیکەش برینداربوون."

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 114
**25-04-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150425095002851
-درەنگانێکی شەوی ڕابردوو چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و گەریلاکانی هەپەگە و یەپەگە، دوای کاتژمێر و نیوێک لە شەڕکردن هێزە کوردییەکان هێرشەکەی داعشیان تێکشکاند.
-ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە، ڕایگەیاند کە لە هەرێمەکانی کۆبانێ و جزیرە زیاتر لە هەشت هێرشی چەتەکانی داعش تێکشکێندراون و 48 چەتە کوژراون و دوو گردی ستراتیژی ڕزگارکراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 115
**26-04-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150426090943851



-ژمارەیەک لە کەسوکاری ئەنفالکراوان، لەبەردەم دادگای تێهەڵچونەوەی گەرمیان - کەرکوک لە شاری کەلار چالاکیەکیان ئەنجامدا. چالاکیەکە بۆ گەڕانەوەی حاکم هاوژین بوو کە دۆسیەی دادگایی کردنی بکەرانی ئەنفالی لەئەستۆ گرتبوو دورخراوەتەوە.
-دوو خێزانی تری ئێزیدی کە پێکهاتبوون لە 10 کەس لە داعش رزگاریان بوو و خۆیانیان گەیاندە ژێر ناوچەکانی دەستەڵاتی پێشمەرگە.
-لە بەرزایەکانی سوڵتان عەبدوڵڵا هاوەنێک بەناو پۆلێک پێشمەرگە دەکەوێت، لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەک بەناوی کازم مەعروف دانیشتووی سۆران شەهید دەبێت.
-بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابوری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق رایدەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێم لەم مانگەدا پری بڕیارلێدراونەوتی لەڕێگەی سۆمۆوە نارودووە، بۆیە دەبێت بەغدا پری یەک ترلیۆن و دووسەدو سی و سێ ملیار دینار بنێرێت، بەپێچەوانەوە نوێنەرانی کورد قسەی خۆیان دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 116
**27-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150427114622700096



-حەیدەر شەشۆ فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شنگال لە ڕاگەیاندراوێکدا باس لە دامەزراندنی حزبێک بەناوی ئێزدییەکان دەکات، حەیدەر شەشۆش ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە و ڕایگەیاند، پارتێکی تایبەت بۆ ئێزدیەکان دادەمەزرێنن، لە بارەی مانەوەشی لەناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت، بەپێی یاسا بۆی نییە لەناو پارتێکی دیکەدا کار بکات.

-دادوەر سیروان خدر، گوتەبێژی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووک-گەرمیان ڕاگەیاند "بەهۆی شکاندنی حەرەمی دادگا لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوان و لەبەر مەترسی دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە بەرامبەر بە دادگا و دادوەرەکان، دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووک- گەرمیان بۆ کاتێکی نادیار کارەکانیان هەڵپەسارد."

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 117

**28-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150428125357851 73

-شەوی ڕابردوو لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار کچە خوێندکارێکی زانکۆ خۆی سوتاند و دواتریش گیانی لەدەستدا.

-مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە شاری سلێمانی و سەردانی ماڵی مام جەلال-ی کرد لە دەباشان.

-ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش سێ کاتیۆشایان ئاراستەی شارۆچکەی مەخموور کرد، بەڵام هیچ زیانی نەبوو.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 118

**29-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150429091230851 77



-لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان نرخی 100 دۆلار بە 130 هەزار و 750 دینارە، 100 پاوەن بە 199 هەزار دینارە، 100 یۆرۆ بە 143 هەزار دینارە.

-وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پاش ئازادکردنی شاری کۆبانی و گەڕانەوەی دانشتوانی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری بۆ زێدی خۆیان، سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە بەباشی زانی کۆتایی بە ئەرکی ئەو یەکەیە بهێنێ لە کۆبانی ودەوروبەرین، بڕیاردرا بە گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان بە یەکجاری.

-کاروانی چوارەمی هێزی پێشمەرگە، کە بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ چووبوونە ڕۆژئاوای کوردستان، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە

گەیشتنەوە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.
-لە بەرانبەر ڕاگرتنی هێنانی چیمەنتۆی فەل لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، شۆفێرانی سایلۆ لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانیان گرت، بەڕێوەبەری گومرگی گەرمیانیش دەڵێت داواکاری شۆفێران داواکارییەکی رەوایە.
-ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک لە سەرجەم بەشەکان خۆپیشاندانیان سازکرد و داوای لابردنی سەرۆکی زانکۆی کەرکوک دەکەن. ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش رایدەگەیەنێت خوێندکاران لەسەر حەقن و ئەو پۆستە ئیستحقاقێکی نەتەوەییە.
-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە میحوەری حەردانی سەر بە ناحیەی سنوون، ئامر فەوجی لیوای چواری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە عەقید عەبد ساڵح کۆلەتی بە سەختی بریندار بوو.
-ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە رایگەیاند، لە کانتۆنی کۆبانێ 16 چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون و چەکدارێکیش بەدیلگیراوە و لە کانتۆنی جەزیرەش چەکدارێک کوژراوە و ئۆتۆمبێلێکیش تێشکێندرا.
-نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبەیاننامەیەکدا پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکەی کۆنگرێسی ئەمەریکی لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردو سونە وەک دوو "دەوڵەت" ڕەت دەکاتەوەو رایدەگەیەنێت کە ئەوە دەبێت هۆی زیاتر دابەشبونی عێراق.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 119

**30-04-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150430093923667 66

-وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، دوایین لیستی بریندارانی چەکی کیمیایی 400 کەس بوون سەرجەمیان رەزامەندی مووچەی مانگانەیان بە پری 400 هەزار دینار بۆ دەرچووە، دەشڵێت: "هەر بریندارێکی چەکی کیمیایی کۆچی دوایی بکات بە شەهید هەژمار دەکرێت."
-بە هۆی کێشەی زەوی و زارەوە لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان 4 برا دەکوژرێن و 4ی تریش بریندار دەبن.
-لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق جەختدەکاتەوە کە گوزەرانی ئەو پەنابەرانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، زۆر لەوانە باشترە کە لە بەغدا نیشتەجێکراون.
-بە هۆی پرۆژە یاسایەکی کۆنگرێسی ئەمریکاوە سەبارەت بە پرچەککردنی پێشمەرگە و سونەکانەوە پشێوی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق دروست دەبێت و ئاڵا تاڵەبانی ئەندامی ئەنجومەنی نوینەرانیش بە ناوی فراکسیۆنە کوردییەکانەوە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە دژی پێشمەرگە لێدوان دەدەن.
-لیژنەی هێزە چەکدارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، پـرۆژە یاسای خەرجییەکانی ساڵی 2016 ی حکومەتی ئەمەریکای بۆ وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکان پەسەندکرد، و لە نێو ئەو پرۆژە یاسایەشدا، پـێشـنیارکراوە ڕاستەوخۆ یارمەتی لە سەربازیی پـێشـکەش بە هێزەکانی پـێشـمەرگە و هێزە سوونەکان بکرێت کە لەئێستادا شەڕ لە دژی داعش دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 120

**01-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050112160085203

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان لە قەزای شەنگال تێکشکاند و شەش هەمەریشیان سووتاند.
-وەزیری بەرگری عیراق، هێرشێکی توند دەکاتە سەر وەفیق سامەڕائی، کە ئێستا وەک توێژەری سیاسی لە میدیا عەرەبییەکاندا دەردەکەوێت و ئاشکراشی دەکات، کە لەسەردەمی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، وەفیق سامەڕائی دەستی لە کۆمەڵکوژیی کوردەکاندا هەیە.
-کەسوکاری ئەنفالکراوان بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بۆ دووەمجار دەچنەوە بەردەم دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوک-گەرمیان و یەکێک لەداواکارییە سەرەکییەکانیان گەڕانەوەی حاکم هاوژین و دەستلەکارکێشانەوەی حاکم ئەکرەم دەبێت.
-ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند، لە شەر و پێکدادانەکانی 24 کاتژمێری رابردوودا لە شارۆچکەی تل تەمەر 65 چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون و 12 شەڕڤانی یەپەگەش شەهیدبوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 121

**02-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050209020285215

-کۆنفرانسی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان دەست بە کارەکانی دەکات و کۆنفرانسەکەش بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.
-لە سنوری جەلەولا بۆمبێکی چێنراو بە ژمارەیەک لە هێزەکانی ئاسایشدا تەقییەوەو بەهۆیەوە ئەفسەرێک و سێ کارمەندی ئاسایش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 122

**03-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050313265285221

-بە مەبەستی لە کار لابردنی دەستبەجێی سەرۆکی دادگای تاوانەکانی کەرکوک - گەرمیان، دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و ڕاگرتنی بڕیاری گواستنەوەی حاکم هاوژین، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و چالاکوان و هاوڵاتیانی دەڤەری گەرمیان لە بەردەم دادگای پێهەڵچونەوەی کەرکوک – گەرمیان دیسان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.

-هەریەک لە فراکسیۆنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) لە پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ، واژۆیان لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بە ناونیشانی (هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 123

**04-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150504130617852226

-لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا، پەرلەمانی کوردستان دووبارە گفتوگۆی کردەوە لەسەرە پێکهێنانی لیژنە 21 کەسیەکەی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری هەرێم و بەپێی ڕێکەوتنی لایەنەکانیش لیژنەکە پێکهێنرا.

-بە مەبەستی کردنەوەی ڕێگای هاتووچۆی خورماتوو - بەغداد، جارێکی تر خاوەن کار و کاسبکارانی قەزای خورماتوو دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و ڕێگای هاتوچۆیان بە ڕووی ئۆتۆمبێلەکاندا داخست، قایمقامی قەزاکەش پشگیری داوای خۆپیشاندەران دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 124

**05-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150505095511185228



-بارزانی و ئۆباما لە واشەنتۆن کۆبوونەوە، بەپێی ڕاگەیندراوی هەردوولا کۆبوونەوەکە زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەندامانی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، لە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مستەفا سەید قادر وەزیری پێشمەرگە، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکان، دەرباز کۆسرەت وەزیری ئاوەدانکردنەوە، فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، مەسروور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەیان سامی عەبدولرەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا پێکهاتبوو.

-لەبەردەم دادگای دەربەندیخان چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست و پشتگیری خۆیان بۆ سەروەرکردنی یاسا نیشاندا و داوایانکرد دادگاکان ڕۆڵی خۆیان ببینن و چەندان کەیس هەیە یەکلایی بکەنەوە.

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی سێ چارەی سەر بە ناحیەی گوێر، فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەخەنە خوارەوە.

-لەپێجەمساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) گردبونەوەیەک لەشوێنی ڕفاندنەکەی لەنزیک کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی

سەلاحەدینی هەولێر بەبەشداری کەسوکاری شەهید و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدرا.
-ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، حکومەتی سوریا بە ناپاڵم مەدەنییەکانی کردووەتە ئامانج و نەخۆشخانە و خوێندنگەکانی ناچار کردووە لەژێر زەویدا کاربکەن، هێرشی حکومەتی سوریاشی بۆسەر مەدەنییەکان بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وەسفکرد.
-گوتەبێژی کۆشکی سپی ڕایدەگەیێنێ، ئەمریکا لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا بەردەوامدەبێت لە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 125

**06-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050609351885239



-پاش ئەوەی بڕیاردرا شارۆچکەی بەمۆ بخرێتە سەر شاری هەڵەبجە، لە شاری خانەقین دژ بەو بڕیارە خۆپیشاندان ئەنجامدرا.
-کاتژمێر 10ی سەلەبەیانی ئەمڕۆ حەوت تۆپی جۆری هاوەن، نرا بە گەڕەکی کوردانی شاری حەسەکەوە و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.
-چەکدارانی داعش هێرشدەکەنە سەر گوندی (زەنقر) کە لە سنووری داقووقەو دوا گوندی باشووری کوردستانە. فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە دەڵێ هێرشەکە تێکشکێنراوە، بەڵام زەوییەکی زۆری داچێنراو بە دانەوێڵە سووتاوە.
-دادگای کەلار لەسەر دۆسیەیەکی کاوە گەرمیانی، مەحموود سەنگاوی بە بڕی 1 ملیۆن و 500 هەزار دینار سزادا کە بە تەلەفۆن جنێوی پێداوە. بنەماڵەی کاوە گەرمیان-یش ڕایدەگەیێنن تانە لە بڕیارەکەی دادگا دەدەن.
-ئاسایشی هەولێر دەستی بەسەر بڕی 21 کارتۆن دەرمانی بێهۆشکەردا گرت و خاوەنی دەرمانەکانیش دەستگیرکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 126

**07-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050714072285251



-چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری شەنگال و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێ "هێرشەکەمان تێکشکاند و پاشەکشەمان بە داعش کردووە". لەلایەکی ترەوە هەپەگە رایگەیاند کە هێرشەکە کراوەتە سەر ئەمان و تێکیانشکاندوون.
-ئەنجومەنی دادوەری سەرلەنوێ بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفالی دەرکرد.
-لە شاری مەهاباد دەیان کەس لەبەردەم هۆتێل تارا بەهۆی رووداوی گیانلەدەستدانی کچە کارمەندێکی هۆتێلەکە بەناوی فەریناز خوسرەوانی کۆبوونەتەوە. پۆلیسیش بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران گەیشتە بەردەم هۆتێلەکە و گازی فرمێسکڕێژ بەکاردەهێنێت، بەم هۆیەش پێکدادان لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران دەستییپێکرد. هێزەکانی حکومەت، بەتایبەت هێزی (دژە ئاژاوە) بەگازی فرمێسڕێژو چەکی ساچمە، پەلاماری ئاپۆرەی خەڵکەکەیاندا، کە بوە هۆی برینداربونی زیاتر لە50 کەسو دەستگیرکردنی زیاتر لە30 کەسی، بەپێی هەندێک زانیاریی ئاژانسەکان دو کەس لەخەڵکی ئەو شارە شەهید بون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 127

**08-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050809312368600



-ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی یەپەگە ئەنجامی چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانیان لە کانتۆنی کۆبانێ و جەزیرە راگەیاند، کە 15 گوندیان ئازادکردوە و 33 چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعشیش کوژراون.
-بەهۆی خۆپیشاندانی دانیشتوانی چەند گوندێکی سەر بە ناوچەی پشدەر بەهۆی جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکانیان بۆ گەڕانەوە و دروستکردنی خانوو لە سەر زەویەکانیان لە ئوردووگای بەستەستێن، لە ئێستادا رێگەی نێوان رانیە - قەڵادزێ داخراوە و هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایشیش بڵاوەیان پێ کراوە و لە ریزی خۆپیشاندەران و پۆلیسیشدا بریندار هەیە.
-شەوی رابردوو لە چەند گەرەکێکی شاری کەلار ژمارەیەک ئۆتۆمبێل سوتێنران و پۆلیسی گەرمیانیش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە.
-دوای ئەوەی ئەمرۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی لەخورماتو رێگرییان لەفەوجی تایبەتی سەرۆک کۆماركردو چەکیان کردن، لەئەمشەودا چەند هاوڵاتییەکی ئەو قەزایە ڕوبەڕوی حەشدی شەعبی بونەتەوەو پاشەکشەیان پێ کردون .
-چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە میحوەری سنۆنێ هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام جگە لەزیانە مادییەکان 17 کوژراویان لێکەوتەوە.
-وەک پشتیوانییەک بۆ خۆپێشاندانی هاونیشتمانیانی مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کورد لە باکووری کوردستان و لە شاری ئامەد خۆپیشاندانێکیان سازکرد.
-دوو برا لە دەریاچەی دوکاندا خنکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 128

**09-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050908474069103

-یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) پێنج گوندی تریان لە کۆبانێ و جەزیرە لە چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش پاککردەوە.
-لە کاتی سەرقاڵبوونی هێزەکانی پۆلیس بە پوچەڵکردنەوەی دوو بۆمب لە قەرەتەپە، یەکێک لە بۆمبەکان دەتەقێتەوە و دوو کەسیش بریندار دەبن.
-رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەسەر روداوی خۆپیشاندانەکەی شاری مەهابادو گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی دێتە دەنگ و رایدەگەیەنێت کە پێویستە هێزە ئەمنییەکانی ئێران مامەڵەیەکی تەندروستانە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەن.
-بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێک لە زنجیرە چیاکانی سنووری هەڵەبجە و هەورامان رووبەرێکی زۆر لە پوش و پاوان و دارستانی سروشتی سوتاوە و تائێستاش هۆکاری کەوتنەوەی ئەو ئاگرانە نەزانراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 129

**10-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051011135569671

-بەدروشمی "مهاباد بەتەنیا نیە" خۆپیشاندان لەشاری هەولێر و لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد.
-چوار پاسەوانی سەرۆک کۆماری عێراق دوو رۆژە بێسەروشوێنن و لە ناوچەی عوزێم تەرمی 4 کەس دەدۆزرێتەوە کە گومان دەکرێت کورد بن.
-شەوی رابردوو لە سەنتەری قەزای شەنگال چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەریلاکانی پەکەکە و یەپەگە و یەبەشەیان داوە و لە ئەنجامدا حەوت چەکداریان کوژران.
-وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم زانیاری لەسەر ئەنجامی سەردانی وەفدەکەی هەرێم بۆ ئەمریکا ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت ئەمریکا سێ لیوای هێزەکانی پێشمەرگە پر چەک دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 130

**11-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051109435485267

-دادگای هەولێر بریاری داخستنی رێکخراوی ژنانی ئازادی دەرکرد کە رێکخراوێکە لەسەر فکری

ئۆجەلان کار دەکات و بڕیاریشە ئەمڕۆ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لەبەردەم ئەنجومەنی دادورەی گردبوونەوەیەک سازبکەن و بەیاننامەیەک بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەنەوە.
-لە ترسی پەلامارەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هەڵساون بە لێدانی خەندەق لە دەورووبەری ناحیەی عیازیە سەر بە قەزای تەلەعفەر و ئێوارەی ئەمڕۆش دوو پردیان تەقاندەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 131

**12-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051209071485273



-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە ناوچەی عەتشانە لیوا سەڵاح دیلمانی ئامر لیوای 118-ی باڵەک لەگەڵ ئەفسەرێک و پێشمەرگەیەک کە پاسەوانی محەممەدی حاجی قادر بووە لەکاتی سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو شەهید بوون.
-لە شارۆچکەی جەلەولا بۆمبێکی چێنراو بە چەند پێشمەرگەیەکدا دەتەقێتەوە و لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکی خۆبەخش بەناوی نەبەرد عومەر، شەهید بوو.
-شەوی ڕابردوو لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە باڵەخانەکانی شاری هەولێر کرێکارێک بەناوی (ئەحمەد حەسەن وسو) تەمەن 47 ساڵ دەکەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدات.
-ڤیکتۆر ئۆربان، سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە "وڵاتەکەی پاڵپشتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات". گوتیشی "هەرێمی کوردستان خاڵی زۆر باشی لەخۆگرتووە کە وای لێدەکەن ببێتە سەنتەرێکی سەربەخۆ و دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ."
-ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عیراق هێرشی کردە سەر سەرۆک وەزیرانی هەنگاریا کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کردبوو.
-نوسینگەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیری عیراق، سەرسەڕمانی بەرانبەر بە لێدوانەکانی ڤکتۆر ئۆربان سەرۆک وەزیری هەنگاریا لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە، دەربڕی و ئەو هەنگاوەی بە دەستوەردان لەکاروباریی عیراقدا وەسفکرد، داواشی لە هەموو وڵاتان کرد، ڕێز لە سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی عیراق بگرن و دەست لە کاروباریی ناوخۆیی وەرنەدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 132

**13-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051310172885283

-لە کوێستانێکی ناوچەی باڵەکایەتی پێشمەرگەیەک بە هۆی مین-ەوە بریندار دەبێت و قاچێکی دەپەڕێت.
-هەرێمی ئاڵای کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای تلتەمر و چەندین گوندی بەسەرەوەیە بەتەواوی لەچەتەکانی داعش پاککرایەوە.
-لە کاتی لادانی ئاڵایەکی چەتەکانی داعشدا لە ناحیەی قەرەتەپە چوار پۆلیس بریندا دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 133

**14-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051409285485290



-کۆمەڵێک لە چالاکفانانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا داوا لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن ئەمڕۆ بۆ پشتگیری لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی شاری مەهاباد مانبگرن و دوکان و بازاڕەکانیان دابخەن.
-زۆربەی گیراوەکانی ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی مەهاباد لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە ڕزگارکران.
-داعش 15 خانووی هاوڵاتیانی کوردی شەبەکیان لە گوندی خەزنە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ تەقاندەوە.
-بوومەلەرزەیەک بەگوری 3.3 پلە لە ناوچەی پێنجوێن و قەزای سەیدسادق دەدات بێ ئەوەی هیچ زیانێک بەدوای خۆیدا بهێنێت.
-مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بەناوی هەڵکۆ مەحمود، لەنزیک شاری کۆیە بەکوژراویی دەدزۆرێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 134

**15-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051509461085305

-فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی دەڵێت، لەبەرەبەیانی ئەمڕۆوە دەستیان بە بۆردومانی بنکەکانی داعش کردووە لە سنووری گوێر و دەڵێت: "زیانی زۆرمان لێداون."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 135

**16-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051614541985324

-وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا رایگەیاند، کۆمەڵێکی تری چەک و کەلوپەلی سەربازیی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان رەوانە دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 136

**17-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051720535269486

-تەقینەوەیەک لەدوزخورماتو گیان لەدەستدانو برینداربونی 16 کەسی لێدەکەوێتەوە، سەرچاوەیەکی ناوخۆیش دەڵێت، تەقینەوەکە لەرێی بۆمبی چێنراوەوە بووە. شەهیدەکان بریتین لە " قوتەیبە ئیبراهیم حەبیب، سائیر محەمەد شوکر، کەمال فەهد زاهیر ". بریندارەکانیش بریتین لە " یەحیا کەمال فەهد، نەدا مزهر هاشم، حەسەن سەعدون فەهد، سوفیان ئیبراهیم حەسەن، مستەفا کەمال فەهد، فیراس عادل، عەلی ئیبراهیم، جینان واسق محەمەد، هەولە وەهاب کەریم، حسێن ئیبراهیم حەبیب و زەین ئەلعابدین سەعدون".

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 137

**18-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051812392185330



-لە ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شاری مێرسینی تورکیا تەقینەوەیەک رویدا و تا ئێستا هۆکاری تەقینەوەکە نازاندرێ و چەندین بریندار هەیە. بەهۆی تەقینەوەکەشەوە ئاگر کەوتووەتەوە. هەروەها بنکەی رێکخستنی هەدەپە لە ناوچەی سیحانێی لە ئەدەنەش سەر لەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک تیایدا روودەدا و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان 4 کەس لەو روداوەدا بریندار بوون. پەرلەمانتاری مێرسینی پارتی دیموکراتی گەلان HDP رایدەگەیێنێت "بەهۆی ئەوەی کە هادەپە لە سەرووی بەندی سەدا 10وەیە چەند لایەنێکی ترساندووە و پێدەچێت دەوڵەت و حکومەتی تورکیاش لەپشت رووداوەکەوەبن."

-ئۆپەراسیۆنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) لە چوارچێوەی هەڵمەتی فەرماندار ڕووبار، کەلە حەسەکە، تلتەمر و سەرێکانی دژی چەتەکانی داعش دەستی پێکردوە، لە گوندی ئوم ئەلمەسیر گەیشتنە یەک، و لە ئەنجامدا 23 گوند لە چەتەکان پاککراونەتەوە و کەوتونەتە دەست یەپەگە.

-ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناسنامەی ئەو گرووپە تیرۆرستییەی ئاشکراکرد کە 18 بۆمبیان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی هەرێمدا بیتەقێننەوە، هەروەک راشیدەگەیەنێت، گرووپەکە سەر بە داعشن و لە شەش کەس پێکهاتوون.

-لە شەقامێکی شاری کەرکوک بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلێکی مەدەنیدا تەقییەوە و بە هۆیەوە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 138

**19-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150519092205853340

-یەکینەکانی پاراستنی گەل، گوندی قاهیرەی سەر بە شارۆچکەی تل تەمەریان لە چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش پاککردەوە و لەئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانەشدا 80 کوژراویان لێ بەجێماوە.
-بەهۆی مەترسی ئەنفلۆنزاوە، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریداوە مریشک فرۆشتن لەکۆڵانو بازاڕەکاندا قەدەغەبکرێتو بەو مەبەستە بڕی شەش ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ بەبازاڕکردنی مریشک، بەو هۆیەوە مریشک فرۆشەکان خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن.
-بەرەبەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک لە شارۆچکەی پێنجوێنیدا، بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 139

**20-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150520120706853343



-شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە گەیشتنە بەرزترین لوتکەی چیای عەبدولعەزیز کە چەتەکانی داعش وەک بارەگایەکی سەرەکی بەکاریان دەهێنا.
-لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستاندا، دەنگ لەسەر ئەو کەسانە درا کە لەلایەن حیزبەکانەوە پێشنیازکراون بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای دەستووری کوردستان- عیراق بۆ راپرسی.
-ئەنجومەنی قەزای خانەقین، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ، جارێکی تر جەختیان کردەوە لەسەر پابەندبوونیان بە بڕیاری ئەنجومەنەکە بە گەڕانەوەی قەزای خانەقین بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
-گرووپێکی چوار کەسی لەناو شاری کەرکووک دەستگیرکران، کە سەر بە رێکخراوی داعش بوون و لەکاتی دەستگیرکردنیان چەند بۆمبێکی چێندراویان پێبووە. بە گوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکووک، بەنیازبوون لەناو شاری کەرکووک تەقینەوە ئەنجامبدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 140

**21-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150521114614853351



-ڕێگای سەرەکیی نێوان مەریوان و سنە کە تاکە ڕێگایە شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا و سنە و زۆر گوند و ناوچەی دەوروبەر پێکەوە گرێدەدات، بەهۆی دۆزینەوەی بۆمبێکی پاشماوەی شەڕی ئێران و عێراق لە گوندی قەڵاگای سەر بە شارۆچکەی سەوڵاوا داخرا.
-لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە لەتلتەمر 20 گوند لەچەتەکانی داعش پاککرانەوە.
-لە بانی مەقان-ی سنووری شارۆچکەی چەمچەماڵ 50 دۆنم زەوی سووتا کە بەشی هەرە زۆریشی دانەوێڵەی جوتیاران بوون.
-دوای گەیشتنی بەوڵاتی ئەردەن، مەسعود بارزانی لەگەڵ شا عەبدوڵادا کۆبویەوە و لەکۆشی شاهانەی ئەو وڵاتەشدا لەتەنیشت ئاڵای عێراقەوە، ئاڵای کوردستانیش هەڵکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 141

**22-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150522163857853354

-هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) رایگەیاند کە ئەو چەکدارەی هێرشی کردووەتە سەر بارەگای پارتەکەی لە مێرسین و ئەدەنا پەیوەندی بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە هەیە.
-بەهۆی ڕەشاباوە، لە چەند گەڕەکێک و شوێنێکی گەشتیاریی سلێمانی، چەندین یاریی هەوایی منااڵن، کەوتوون و لە ئەنجامدا 15 منداڵ بە برینداری رەوانەی نەخۆشخانە کراون کە باری تەندروستیی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 142

**23-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150523105121853357



-شاعیر و نوسەر، کەریم شارەزا شەوی ڕابردو لەشاری هەولێر لەتەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
-ئاگرێکی گەورە لە قەزای دوکان کەوتەوە و بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداریش، بەهۆی سەختی ئەو ناوچەیەی ئاگرەکەی تێدا کەوتووەتەوە، بواری ئەوە نییە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە، ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 143

**24-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052411591170062




-پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور، هێرشی چەکداریی کردە سەر بەشێک لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە لەم هێرشەدا 1 پێشمەرگەی حدکا بەناوی قادری کەریمی شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار هەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 144

**25-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052514521568003

-وەفدیکی یەکێتی نشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان پەکەکە و دیموکرات بەرە و قەندیل بەڕێکەوتن.
-فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی، رایدەگەیەنێت، کە هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی گردبوونەوەی ژمارەیەک تیرۆریستیان لە مۆڵگەیەکی تیرۆریستان لە ناو (کارگەی غاز)ی نزیک (کەسکێ) کردە ئامانج و بە هەماهەنگی لەگەڵ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای هاوپەیمانانیش توانرا مۆڵگەیەکی تیرۆریستان لە ناوچەکە خاپوور بکرێت و زیاتر لە 10 چەکداری تیرۆریست لەناو بران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 145

**26-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052612520185384

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک دوای رفاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنێک لەلایەن کەسانی نەناسراو و پاش چەند کاتژمێرێک لە رفاندنی بە کوژراوی تەرمەکەی دۆزرایەوە. سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت کە ناوبراو مامۆستاشە لە خوێندنگەیەکی ئامادەیی.
-فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بنکە و بارەگاکانی داعشیان لە سەنتەری شارۆچکەی شنگال بۆردوومانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 146

**27-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527115133853397



-لۆران فابیۆس وەزیری دەرەوەی فەرەنسا جەخت لەوەدەکاتەوە کە هیچ چارەسەرێک بۆ دۆخی سوریا نییە، جگە لە چارەسەری سیاسی و هۆشداریدا لە دابەشبونی عیراق.
-بەهۆی تۆپبارانی تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر بارەگاکانی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە بەرەکانی شەڕ، ئەمڕۆ 46 تەرمی چەکدارەکانیان گەیەندراونەتە پزیشکی دادی شاری موسڵ.
-کۆبوونەوەی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "حدکا" و پارتی کرێکارانی کوردستان"پەکەکە" لە شاری هەولێر، بە سەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتاییهات.
-پەرلەمانتارێکی هەدەپە رایدەگەیەنێت، ئەوان ئەم پشتیوانی و هەڵمەتەی خەڵکی باشووری کوردستان بۆ سەرکەوتنی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی حەوتی حوزەیران دەگەیەنینە رێبەری پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵی.
-کونسوڵخانەی تورکیا رێگەی بە وەفدەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەدا سەردانی تورکیا بکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 147

**28-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150528092918652248

-شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) توانییان 14 گوند و شارۆچکەی ئاشووری لە داعش پاک بکەنەوە کە ماوەی زیاتر لە سێ مانگە لەلایەن ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بەمەش زیانەکانی داعش لەسەر دەستی شەڕڤانان زیاتری کرد بەتایبەت کە لە پارێزگای رەقە یەپەگە لە پێشڕەوی بەردەوامدایە.
-ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا، بە دەنگی 169 ئەندامی ئەنجومەنەکە، رەزامەندی لەسەر داوایەکی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیر دەریکرد کە پێشتر بۆ دوورخستنەوەی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری نەینەوا، لە پۆستەکەی پێشکەشی کردبوو.
-بەتۆمەتی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و نەچوونیان بۆ بەرەی بەرەی دژی کورد، چەکدارانی

ڕێکخراوی داعش 3 هاونیشتمانی کورد لە شاری موسڵ بە بلۆک دەکوژن. ئەو سێ هاونیشتمانییە دانیشتووی گەڕەکی باب ئەلبەیز بوون لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ بە ناوەکانی (ئەحمەد سەمەد سلێمان، بەشیر سەمەد سلێمان و ناسر عەبدوڵلا) پیشەیان کاسب بووە و دوانیان بران."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 148

**30-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015053011562685413

-شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لەچوارچێوەی قۆناغی دووەمی ئۆپەڕاسیۆنەکانی فەرماندە روبار قامیشلۆدا، ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30 خولەک گوندی رەجایی کە دەکەوێتە 35 کیلۆمەتری رۆژئاوای سەرێکانی، لە دەستی چەتەکانی داعش رزگار دەکات.

-تا ئێستا لەماوەی 22 ڕۆژی ڕابردوودا لە بنکەی دەنگدانی دوسەڵدۆرف 44 هەزار و 400 کەد دەنگی داوە، بەپێی قسەی چاودێرانی هەدەپە لەسەدا 35ی دەنگەدان بە هەدەپە دراوە کە دەکاتە نزیکەی 15 هەزار و 540 دەنگ.

-کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، سێیەم کۆنگرەی خۆی، بە بەشداریی 760 ئەندام لە هۆڵی ئەوتار لە شاری هەولێر دەستپێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 149

**31-05-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015053114212685424



-چەکدارانی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک، بەڵام لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە و فڕۆکەجەنگییەکانی هاوپەیمانانەوە هێرشەکەی داعش تێکشکا و 17 چەکداریان کوژرا.

-لە رۆژی دووەمی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێر، عەلی باپیر وەک ئەمیر کۆمەڵ بۆ سێیەم جار هەڵبژێردرایەوە.

-ئاگر لە ناوەندێکی تەندروستی شاری قامیشلۆ دەکەوێتەوە و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان 23 کەس لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەست داوە.

-سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی رەزامەندی دەربڕیوە مانگانە بایی 900 ملیۆن دۆلار نەوت لە هەرێم بکرێت، بەم پلانەش لە مانگی تەمموزەوە دەتوانرێت کێشەی مووچە و بودجە چارەسەر بێت، هاوکات هەر ئەمڕۆ و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەواڵێکی خۆشی دایە هاوڵاتیان بەوەی هەرێم لەم قەیرانە داراییە رزگاری دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 150

**01-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150601205959854449



-ئەمڕۆ سەرۆک مام جەلال لەشاری سلێمانییەوە بەڕێکەوت بۆ گوندی یاخسەمەر بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی 40ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام بەهۆی زۆری ئاپۆرای جەماوەرو هەوادارانی یەکێتیی لەسەر ڕێگای ئەو گوندە، کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆک مام جەلال بەناچاری نەیتوانی بەردەوامبێت لەڕۆیشتن بەرەو ئەو گوندە و لەگوندی مالومەوە گەڕانەوە بۆ شاری سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 151

**02-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150602101053854450

-شەوی ڕابردوو بە نارنجۆک هێرشکرایە سەر بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە دووزخورماتوو، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیش هۆکاری ڕووداوەکە بۆ بوونی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی کورد و شیعە دەگەڕێنێتەوە.
-بڕیارە ئەمڕۆ، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕەوتی هەوڵ و هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ لێدان و لاواز کردنی گرووپی تیرۆریستی داعش لە سوریاو عیراق، 20 وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە پاریس کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی گرێبدەن، بەڵام نوێنەری هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عیراقی فیدراڵەوە بانگهێشتی ئەم کۆنگرەیە نەکراوە.
-لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەتبوو بە گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژەیاسای قەرزی نێودەوڵەتی، هەسێ فراکسیۆنی کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی، نارەزابوون و دانیشتنەکەیان جێهێشت.
-بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، ڕایدەگەیەنێت کە ئەمڕۆ ئاگرێکی گەورە لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە کەوتۆتەوە و بەهۆیەوە 50 دۆنم گەنمی هاوڵاتیەک سووتاوە و داتر ئاگرەکە کۆنترۆڵ کراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 152

**03-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150603201122854464

-له شاری رواندز کچێکی تەمەن 17 ساڵ، خۆی فڕێدایە ناو خەرەندی رواندز بەهۆی بەرزی ئەو شوێنەوە دەستبەجێ گیانی لە دەستدا.

-بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کاروباری مین لە سلێمانی، ئاشکرای کرد لە گوندی (قاڵیجۆ)ی سەر بەقەزای سەیدسادق کۆگایەکی تەقەمەنیان دۆزیوەتەوە کە زیاتر لە 500 گولە هاوەن و تەقەمەنی تێدابوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نێوان عێراق وئێران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 153

## 04-06-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150604092604854469



-له گەڕەکێکی شاری کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە تەقە لە سێ هاوڵاتی دەکەن بە هۆیەوە یەکێک لە هاوڵاتییەکان کە فەرمانبەرە دەکوژرێت و یەکێکی دیکەش بریندار دەبێت.

-وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەو کارانەی مەلا عەلی کەڵەک دەیانکات فرت و فێڵ و جادوگەرییە، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی چەند شووشەیەک لە شیرمیزەکەی مەلا عەلی دێت کە خستوویەتییە بازاڕەوە و نرخی یەک لیتری بە 100 هەزار دینار دەفرۆشێت.

-چوار برا بەهۆی مۆبایلێکەوە لە ناو چاڵاوێکدا لە گوندی مجێبرەی رۆژئاوای شارۆچکەی تەل تەمر لە کانتۆنی جزیرە لە رۆژئاوای کوردستان، خنکان و برایەکی تریشیان لە بارێکی تەندروستی خراپدایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 154

## 05-06-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150605093858854484



-بەرپرسی ئاسایشی بەرەی تورکمانی لە شارۆچکەی دووز خورماتو لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوە،لە سەر ڕێگەی شارۆکەی خورماتوو- سلێمان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفێندرا.

-هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە لەنێوان چیای قەزوان و گوندی ئالای سەربە تلتەمر (7) گوندی دیکە لەچەتەکانی داعش پاک دەکەنەوە. هاوکات رێگای سەرەکی ئەبوخەبەش کە دەچێتە رەقا و دێرازۆر دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

-لە ئامەد بەهۆی 2 تەقینەوەوە لەنێو ئاپۆرای لایەنگرانی هەدەپە، 4 کەس کوژران و زۆرتر لە 100 کەسیش برینداربوون.

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک و نزیک بەنزینخانەیەک بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە، بە هۆیەوە کارمەندێکی ئاسایشی کەرکوک بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 155

**06-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060509393085485



-وەک نارەزاییەک بەرامبەر تەقینەوەکانی دوێنێی ناو ئاهەنگە جەماوەریەکەی لایەنگرانی هەدەپە لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان گەنجانی باوەنور خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
-بەهۆی نەبوونی مۆڵەت و کارکردن بەشێوەی نایاسایی لە شاری دهۆک، 150 پاڵاوگە داخران و لە هەولێر و سلێمانیش هەڵمەتەکە دەستپێدەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 156

**07-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060713033585499



-رۆژی دەنگدانی پەرلەمانی تورکیا. پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی 550 ئەندامی 25ەمین خولی پەرلەمانی تورکیا دەستی پێکرد و بریارە تا کاژمێر 5ی ئێوارە بەردەوام بێت.
-بەیانی ئەمرۆ لە کاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەست بەسەر 20 بۆمبدا گیرا کە گوماندەکرێت ئامادەکرابن بۆ کاری تیرۆرستی.
-لە پارێزگای روها لە باکووری کوردستان شەڕ و پێکدادان لە بنکەیەکی دەنگدان روویدا و 15 کەس بریندارن.
-لە شاری عەنتاب-ی باکووری کوردستان بەهۆی ئەوەی کە دەگوترێ 6 کەس ویستوویانە "دەنگی ساختە" بەکاربهێنن، رێگریان لێکراوە و بەوهۆیەشەوە شەڕ و پێکدادان لەنێوان پۆلیس و دەنگدەران روویداوە و گازی فرمێکسرێژ بەکارهاتووە.
-هەڵمەتی نیشتمانی بۆ پاککردنەوەی دارستان و لەوەڕگاکان دەستپێکرد و بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەکی زۆری کارمەندانی وەزارەتی ژینگە بەشداریان تیادا کرد.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 157

**08-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150608103337855 05



-بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی هەدەپەوە لە باکووری کوردستان لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی تەواوی کوردستان ئاهەنگ گێردرا و خەڵکانێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی خۆشیی خۆیان.
-لە دوو رووداوی جیاوازدا بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لە سنووری پێنجوێن و ماوەت زیاتر لە 700 دۆنم پوش و پاوان و داری سروشتی سووتاوە.
-گوتەبێژی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، حکومەتی ناوەندی بڕی 508 ملیار دیناری خستووەتە سەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
-جوان ئاسلان تەمەن 17 ساڵ لەئاهەنگە جەماوەرییەکەی هەدەپە لە ئامەد، دوای تەقینەوەکان بەسەختی بریندارببوو، دوای هەموو هەوڵدانەکان ناوبراو لەنەخۆشخانە ئەمڕۆ گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 158

**09-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150609104855855 11

-بەڕێوەبەری هۆبەی راگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایدەگەیەنێت بەهۆی فڕێدانی جگەرەی نەکوژاوە زیاتر لە 100 دۆنم پوش و پاوان لە گوندێکی سنووری قەرەداغ سوتاوە.
45 -خێمەی ئاوارەکان لە کەمپی ئایدن کە دەکەوێتە قەزای خانەقین ئاگریان گرت و دوای کاتژمێر و نیوێک تیمەکانی ئاگرکوژاندنەوە گەیشتنە شوێنی رووداوەکە.
-ئایتاچ باران، سەرۆکی رێکخراوی لێکۆڵینەوە و هاریکاریکردنی خزمەتی زانستی، نزیک لە پارتی دۆزی ئازاد (HUDAPAR) لە ئامەد کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 159

**10-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150609105014855 12

-شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای کەلار کەسێک کە دسداشیەکی سپی لەبەردا بووە لە دەرگای ماڵی سەلاح شێخ لەنگەری داوە و بانگی کردوە و لەگەیشتنی ناوبراودا دەسترێژێکی گولەی لێ دەکات و گولە بەرسەری دەکەوێ و بە سەختی بریندار‌ی دەکات و پاشان گیان لەدەستدەدات.
-شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە 50 کم لە رۆژئاوای لەرۆژئاوای شارۆچکەی مەبروکا گردێکی ستراتیجی کۆنترۆڵ دەکەن کە ئەویش 5 کم دوورە لە شارۆچکەی سولوکی سەربە گردەسپی.
-ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایگەیاند لە شەڕ و پێکدادانەکانی کانتۆنی کۆبانێ و جەزیرە گورزی کوشندە بەر چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی

داعش کەوتووە و بەو هۆیەشەوە 15لاشەی چەکدارەکانیان کەوتوونەتە دەست شەڕڤانەکانی یەپەگە.
-قائیمقامییەتی سلێمانی رایدەگەیەنێت، لەماوەی دوو رۆژدا نزیکەی 5 تۆن خواردەمەنی ماوە بەسەرچوو لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و سەرۆکی لیژنەی لەناوبردنیش رایدەگەیەنێت، پاش پشکنینی تاقیگەیی سەرجەمیان لە ناوچەی تانجەرۆی شاری سلێمانی لە ناوبراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 160

## 11-06-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150611092858855525



-لە هێرشێکی هێزەکانی دژە تیرۆر بۆسەر کارگەیەکی دروستکردنی مۆمب لە باشووری کەرکوک، کارگەکەی داعش خاپوورکرا و 3 پێشمەرگە شەهید بوون.
-بەیانی ئەمرۆ، زۆربەی بەنزینخانەکانی سلێمانی بەهۆی قەیرانی بەنزینەوە داخران.
-بە ئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان، مەراسیمی دەستبەکاربوونی پارێزگاری هەڵەبجە و دوو جێگرەکەی دەستیپێکرد.
-فەرماندەی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگەی کوردستان رایگەیاند، ئەمرۆ 11ی حوزەیرانی 2015، شەڕە تەقە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی حەشدی شەعبی روویدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 161

## 12-06-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150612135040855532

-لە 24 کاتژمێری رابردوودا داعش 100 خانووی کاکەییەکانی تەقاندۆتەوە.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە رزگارکردنی 4 گوند و 6 گوندی چووکیان راگەیاند کە دەکەونە باکووری رۆژهەڵاتی شاری سلوک.
-وتەبێژی قایمقامیەتی خورماتوو رایدەگەیەنێت، کە شەوی رابردوو چەند کەسێکی نەناسراو نارنجۆکێکیان هەڵداوەتە ماڵێکی نیشتەجێی قەزای خورماتوو و بەهۆیەوە دایکێک و دوو منداڵی بریندار‌بوون.
-لە بەرەی شلو لە ناوچەی شنگال چەکدارانی داعش دوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هەردوو هێرشەکە تێکشکێندران.
-وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی رایدەگەیەنێت، کە ئاگرێکی زۆر بەرفراوان لە گوندێکی سەر بە قەزای پێنجوێن کەوتۆتەوە، داواش لە هاوڵاتیانی سنوورەکە دەکات بچن بە هانای هێزەکانی پۆلیسی دارستانەوە، بۆئەوەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 162

**13-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150613141710855548



-شۆفێرانی ڕێگەی کوردستان-بەغدا، ڕێگەی سەرەکی خانەقین _نەفتخانە_کوتیان بۆ ماوەیەک گرت و داوایان کرد ڕێگەی ئیمام وەیس کە دەچێتە سەر قەزای شارەبان _باقووبە_ بەغدا بکرێتەوە، ئیدارەی ناوچەکەش بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیان داوە.

-جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، جارێکی تر هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و رایدەگەیەنێت، ئەوەی لە عیراقدا ڕوودەدات شۆرشێکی تائیفیی سوونەیە دژ بە شیعە و زووری پرۆسەکانیش لە هەولێرە.

-دوای ئەوەی فەرماندەیی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" داوای لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کرد کە پرۆسەی سەربازییان تێدا ئەنجام دەدرێت رووبکەنە کانتۆنی جەزیرە، چەکدارانی داعش دەستیان کردووە بە دەستبەسەرکردنی ئەو هاوڵاتیە مەدەنییانەی دەیانەوێت بەرەو کانتۆنی جەزیرە و باکووری کوردستان بەڕێبکەون.

-سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، "سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە هەڵبژاردنی گشتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لە ڕۆژی 20-08-2015، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، بارزانی لە فەرمانەکەدا گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپاردووە بۆ دانانی ڕێکارو ڕێوشوینە پێویستەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 163

**14-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150614093401651333



-بەرەبەیانی ئەمڕۆ، چەند دەستەیەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG چوونەتە ناو شارۆچکەی گرێسپی لەنێوان هەردوو کانتۆنی جەزیرێ و کۆبانێ لەڕۆژئاوای کوردستان و چاوەڕوان دەکرێت لە 24 کاژێر داهاتوودا، هێزەکانی YPG و بورکانی فورات(هێزێکی هاوبەشی یەکینەکانی پاراستنی ژنان و یەکینەکانی پاراستنی گەل) لەدیوی کۆبانێ لەگەڵ هێزەکانی دیکەی YPG لەدیوی جەزیرێ و لەسەنتەری گرێسپی یەکبگرنەوە.

-وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان، رایگەیاند ئەو وادەیەی بارزانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دیاریکردوە کەمە ئاشکراشیکرد کە لە 48 سەعاتی داهاتوودا

وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێم دەدەنەوە.
-پێنج ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کە هەر پێنجیان بە ڕەگەز عەرەبن بە چەکەکانیانەوە خۆیان رادەستی هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان کرد.
-بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ئاشکرای دەکات ڕۆژانە حەوت سانتیم ئاو کەمدەکات ئەو کەمبونەوەیەش تا چوار مانگی دیکە بەردەوام دەبێت لەچەند مانگی داهاتوشدا بەڕێژەی 14مەتر ئاو کەم دەکات.
-لە دوو رووداوی جیاوازدا لە شاری کەرکوک تەرمی هاوڵاتییەک لە گۆرستانێکدا بە کوژراوی دۆزرایەوە و لە رواوێکی دیکەدا کەسێک بە چەقۆ کوژرا، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت، کێشەکە کۆمەڵایەتییە و سێ کەس دەستگیرکراون لەسەر رووداوەکە.
-جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کە پرۆژەی فراکسیۆنی گۆران سەبارەت بە پرسی سیستەمی سیاسی و سەرۆکایەتی هەرێم دەستپێکی شکستهێنان بوو بە سازان لەنێوان لایەنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە مەسعود بارزانی دەتوانێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید بکاتەوە.
-کاتژمێر 9:47 خولەک بوومەلەرزەیەک بە گوری 3.1 پلەی رێختەر بە دووری 16 کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی خانەقین رووی دا بەبێ ئەوەی هەستی پێ کرابێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 164
**15-06-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150615093916855557



-شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) چوونە ناو شاری گرێ سپی و ئێستا یەک کیلۆمەتر لە دەروازی سنووریی ئەو ناوچەیە لەگەڵ سنووری تورکیا دوورن.
-لە درێژەی کردەوە تیرۆریستییەکانیاندا، چەکدارە نەناسراوەکانی شارۆچکەی خورماتوو دووژن دەدەنە بەر دەستڕێژی گولە و بریندراریان دەکەن، دواتریش بۆ شوێنێکی نادیار هەڵدێن.
-نرخی 100 دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتە 142 هەزار و 750 دیناری عێراقی.
-رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا، نیگەرانی خۆی بەرانبەر بە پێشڕەویی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە باکووری سوریا (رۆژئاوای کوردستان) دەربڕی و ئەو پێشهاتەی بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی تورکیا، وەسفکرد.
-لە شاری هەولێر رێورەسمی لادانی پەردە لەسەر پەیکەری مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار خاوەنی کتێبی (ئەلف و بێ)ی کوردی لادرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 165

**16-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150616094055855562

-لە گەڕەكێكی شاری كەركوك كچێكی خوێندكاری تەمەن 14 ساڵ بە هۆی وەرگرتنی نمرەكانی دەرنەچوونی لە ژوورێكی ماڵەكەی خۆیاندا خۆی دەخنكێنێت و كۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، سەرچاوەیەكیش رایدەگەیەنێت، لە دوو وانە دەرنەچووە.
-ئازادكردنی گردە سپی لەلایەن شەڕڤانانی یەكینەكانی پاراستنی گەل، بووە مانشێتی رۆژنامەكان و باس و خواسی میدیا جیهانییەكان.
-فراكسیۆنە ئیسلامییەكان (یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان، كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی كوردستان) بۆ جاری دووەم لەكاتی خستنە دەنگدانی چەند مادەیەكی پرۆژەیاسای قەرزی دەرەكی، دانیشتنی پەرلەمانیان جێهێشت.
-چەكدارانی داعش لە بەرامبەر شكانی هێزەكانیان لە گرێسپی و كۆنترۆڵكردنەوەی شارەكە لەلایەن یەكینەكانی پاراستنی گەل و هێزەكانی بوركانی فورات، دانیان بەوە دانا كە چەكدارەكانیان لەشارەكە كشاونەتەوە.
-ئۆتۆمبێلێكی بارهەڵگر لەسەر ڕێگای دەربەندیخان –سلێمانی لە بەردەم تونێلی دەربەندیخان وەرگەڕا و بەوهۆیەوە تونێلەكە داخرا و شۆفێری بارهەڵگرەكەش بریندارە.
-لیژنە باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان رایدەگەیەنێت كە بەهۆی ئەوەی هێزەكانی پێشمەرگە لە بەرەی جەنگدان وەكو ئەوە وایە لە سەفەردا بن، بگرە زیاتر لەوەش، بەتایبەتی لەو دۆخە گەرمەی تێیكەوتوونە، كەواتە بۆیان هەیە بە رۆژوو نەبن و دوایی قەزای بكەنەوە.
-ئەنجومەنی سیناتی ئەمەریكا (كۆنگرێس) پرۆژە بڕیارێكی پەسەند نەكرد كە ڕێگەی بە ئۆباما دەدا راستەوخۆ هێزەكانی پێشمەرگە كۆمەك و پڕچەك بكات بەبێ ئەوەی مۆڵەت لە حكومەتی ناوەندی عیراق وەربگرێت.

كویک ریسپۆنس كۆد:

بابەتی ژمارە: 166

**17-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150617093014855567



دوای تێپەڕبوونی دوو رۆژ بەسەر ئازادكردنی گرێ سپی ئەمرۆ، بە سەدان شەرڤانی یەپەگە لە نێوان كانتۆنی كۆبانی و جەزیرە لە ناوچەی شەهیدان لە بەرەی 48 بەیەككگەیشتن.
-وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ئاشكرای دەكات، كە لە ماوەی سێ رۆژی رابردوو تا ئەمڕۆ، باندێكی 16 كەسییان دەستگیركردووە كە كڕین و فرۆشتنیان بە پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكانی 12ی ئامادەییەوە كردووە و بە مۆبایل وەڵامەكانیان بۆ ئەو خوێندكارانە ناردووە، كە بە پارە لەگەڵیان رێككەوتوون.
-شەوی ڕابردوو لە شارۆچكەی كفری لە ڕوداوێكی نادیاردا ژنێك لە ماڵەكەی خویدا دەكوژرێت و تا ئێستا هۆكاری كوشتنەكەی نادیارە.
-ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی یەكینەكانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایگەیاند لە ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی گرێ سپیدا، 124 چەكداری رێكخراوی تیرۆریستی داعش كوژراون و یەك تیرۆریستیش دەستگیركراوە.
-ئەنجومەنی كۆمسیاران لەهەرێمی كوردستان رایدەگەیەنێت بەهیچ

شێوەیەک ناتوانن لە 20 ئابی 2015 کە بارزانی داوایکردوە، هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ئەنجامبدرێت.
-وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پنتاگۆن)، رزگارکردنی شاری گرێ سپیی لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای ئازادەوە، بە رووداوێکی گرنگ و گەورە وەسفکرد و رایگەیاند، رزگارکردنی ئەو شارە، لێدانێکی گورچکبڕ بوو بۆ رێکخراوی تیرۆریستی داعش.
-خێزانێک لە چەمچەماڵ کورێکی خۆیان کە تەمەنی 19 ساڵە بە بلۆک دەکوژن لەسەر ئەوەی خواردنەوەی ئەلکهولی خواردووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 167

**18-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150618111255585573

-چەکدارانی حەشدی شەعبی لە دوزخورماتوو دەسڕێژی گوللە لە هاوڵاتیانی کورد دەکەن و بەو هۆیەوە هاوڵاتییەک شەهید بوو، چواری تریش برینداربوون.
-پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی بنکەی پێنجوێن داوایەک ئاراستەی هاوڵاتیانی پێنجوێن و دەوروبەری دەکات کە بچن بە فریای تیمەکانیانەوە بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی لە سنوورەکانی عەواڵ - چاش کەوتووە.
-دوای پاککردنەوەی گردەسپی لە چەتەکانی داعش گەمارۆکانی سەر کۆبانێ شکێندرا و سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ژمارەیەک تەنکەر نەوت و بەنزین و چەند بارهەڵگر هاوکاری لە کانتۆنی جزیرەوە گەیشتە کانتۆنی کۆبانێ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 168

**19-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150619084150677757



-هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش چوار چەکداری سەر بە حەشدی شەعبییان دەستگیرکرد کە ئێوارەی دوێنێ لە شارۆچکەی خورماتوو تەقەیان لە ژمارەیەک هاوڵاتی کورد کرد و لەئەنجامی ئەو تەقەکردنی هاوڵاتییەک شەهید بوو، چواری تریش برینداربوون.
-ئەمشە و چەکدارانی داعش نزیکەی 10 گوللە هاوەنیان گرتوەتە ناحیەی قەرەتەپە و پێشمەرگەش دانیشتوانی ناوچەکە دەگوازێتەوە و وەڵامی هێرشەکانی داعش دەداتەوە.
-لە ناحیەی قەرەتەپە لە مەیدانی ئاژەڵ فرۆشان بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا 6 کەسی بریندار کردووە.
-شۆفێرانی تاکسی لە شاری سلێمانی بەهۆی نەبوونی بەنزینەوە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و رێگای سەرەکی عەربەت - سلێمانیان داخست.
-لە سنووری ناحیەی قەسرێ لە چیای کۆلیتار، ئاگرێکی گەورە

کەوتووەتەوە و تا ئێستا زیاتر لە 40 دۆنم پوش و پاوان سووتاوە، هەروەک تا دێت ئاگرەکە فراوانتر دەبێت و تیمەکانی ئاگر کوژێنەوەش داوای هاوکاری لە دانیشتوانی ناوچەکە دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 169

**20-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150620123019666607



-پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی توند، ئاراستەی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا و حدک) دەکات و ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئاستی سەبری بزوتنەوەی ئاپۆیی و گەلی وڵاتپارێز کوردستان نەدەن.

-چەکدارە نەناسراوەکانی سەر ماتۆر سکیلەکەی خورماتوو جارێکی تر هاوڵاتیەکی بە ڕەگەز عەرەبی سونە دەدەنەبەر دەستڕێژی گولە و تیرۆری دەکەن.

-ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان و خەڵکی گەرەکی وڵوبە بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین و سازکردنی خۆپیشاندن، ڕژاونەتەسەر شەقامی سەرەکیی سلێمانی – عەربەت و ئەوپەری ناڕەزاییان لە کەمیی کارەبا و نەبوونی بەنزین دەربڕیووە.

-ئەنجلینا جولی، ئەستێرەی ناوداری هۆلیوّد و باڵیۆزی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی پەنابەرانی سووریا و عێراق لە کەمپی پەنابەرانی مدیات، گەیشتە پارێزگای مێردینی باکووری کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 170

**22-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150622104216668721



-ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند لە هەنگاوی فەرماندار رووبار قامیشلۆدا ئۆپەراسیۆنەکانی یەپەگە و پەیەژە لە دەوروبەری گرێ سپی بەردەوامن و بەهۆیەوە توانیویانە حەوت گوند لە باشووری ڕۆژئاوای گرێ سپی و شارۆچکەی سلوک ئازاد بکەن.

-کاتژمێر 1:02 خولەک، بوومەلەرزەیەک بە دووری 40 کیلۆمەتر و بە قوڵایی حەوت کیلۆمەتر و بە گوری 3.7 پلەی ڕێختەر لە قەزای ڕواندز روویدا.

-ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، دەستگیرکراوە ئێزدییەکانی ناچار کردووە لە مانگی ڕەمەزاندا بە ڕۆژووبن و جەڵدی هەموو ئەوانەش دەکات کە سەرپێچی لە پێنج فەرزەی نوێژ بکەن.

-دوای کۆنترۆڵکردنەوەی گرێ سپی لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ەوە سوپای تورکیا دەستیکردووە بە پتەوکردنی مۆڵگەکانی لەسەر سنووری باکووری کوردستان - رۆژئاوای کوردستان و لەئێستاشدا خەندەق لێدەدات.
-هەرێم ئەمڕۆ نزیکەی 600 هەزار بەرمیل نەوتی لەڕێی (سۆمۆ)ەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا هەناردەکردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 171

**23-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150623092345855599



پەرلەمانتارانی تورکیا سوێندی یاساییان بۆ 25هەمین خولی پەرلەمانی تورکیا خوارد. پەرلەمانتارانی هەدەپەش لە کاتی سوێندخواردندا سرودی نەتەوەیی تورکیایان نەوتەوە و دیلەک ئۆجەلانیش وەک گەنجترین پەرلەمانتاری تورکیا بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەستنیشانکرا.
-سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان رایدەگەیەنێت پەرلەمان شوێنی دەرکردنی یاسایە و دەبێت هەموو لایەک رێز لە شکۆی پەرلەمان بگرێت و ئاماژەش بەوە دەکات هەڕەشەکردن لە پەرلەمان هەڕەشەیە لەسەر ئەزمونی گەلێک، بۆیە پێموانییە کەس جورئەت بکات هەڕەشە لە پەرلەمان بکات.
-بەبێ بەشداریی فراکسیۆنەکانی پارتی و تورکمانەکان و ئاراستەی سێەم و سۆسیالیست دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچو و تێیدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکانی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کرا. هەر لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەماندا نوێنەری کونسوڵی ئەمریکا، جێگری کونسوڵی میسر، نوێنەرایەتیی کونسوڵی ئێران، نوێنەرایەتیی کونسوڵی ئەڵمانیا و نوێنەرایەتیی یونامی،و، ژمارەیەک ڕێکخراو و کەسایەتی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 172

**24-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624210130856615



-بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی پەیام رایدەگەیەنێت، کە پاشنیوەڕی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر بە ئۆتۆمبێلێکی ژمارە حکومی وەزارەتی ناوخۆ کارمەندێکی نووسینگەی هەولێری کەناڵەکەیان بەناوی دڵشاد هەرتەلی دەستگیرکراوە، ئاماژە بەوەش دەکات، کە دوای بەدواداچوون بۆیان دەرکەوتووە ئەو کارمەندەیان لای ئاسایش دەستبەسەرە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 173

**25-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062509563785620



-چەتەکانی داعش کاتژمێر 05:00 سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە چوار قۆڵەوە لە خاکی تورکیاوە هێرشیان کردوەتە سەر کۆبانێ، لە هێڵی باشوورەوە بە جلی سوپای ئازادی سوریەوە هێرشیان کردوە، لە سنوری دەرگای مورشیدپناری باکور و ڕۆژئاوای کوردستان کەلەژێر چاودێری جەندرمەی تورکیایە، بە جلی شەرڤانانی یەپەگەوە بە هاوکاری سوپای تورکیا هێرشیان کردوە. لەم هێرشەدا دەیان کەس شەهید و بریندار بوون. لەگەڵ هێرشەکەدا 3 تیرۆریستی داعش خۆیانیان تەقاندەوە.
-چەکدارانی داعش هێرشیان کردوەتە سەر رۆژئاوای شاری حەسەکە و شەڕوپێکدادان لەنێوان چەکدارانی داعش و هێزەکانی بەرگری نیشتمانی و کەتیبەکانی سوپای سووریا روویدا.
-پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (پەیەدە)، بەرپرسانی تورکیای تۆمەتبارکرد کە ئاسانکارییان کردووە بۆ پەڕینەوەی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستیی داعش و هێرشکردنەسەر کۆبانێ.
-پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت وەک ناڕەزاییەک بەرانبەر ئەو پرۆژانەی لە پەرلەمان بەبێ ئامادەبوونی فراکسیۆنەکەیان و نەبوونی سازانی لایەنەکان خوێندنەوەیان بۆ کرا، لە لیژنەی ئامادەکردنەوەی دەستوور دەکشێنەوە. پاشان لە روونکردنەوەیەکی تردا پەشیمان بووەوە لە دەستلەکارکێشانەوەی.
-جێگری سەرۆکی لاوانی جیهان لە رایدەگەیەنێت، لە هەنگاوێکی تازەو مێژوویدا لە رێگەی کۆمەنیتی لاوانی سیاسی ئەوروپا توانرا بە فەرمی ئاڵای کوردستان بخرێتە پاڵ ئاڵای وڵاتانی ئەوروپا، دەشڵێت: "پریاریش درا ئاڵای کوردستان بە فەرمی لە کۆبوونەوەکان دابنرێت.
-رۆژنامەنووس دڵشاد هەرتەلی لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە ئازادکرا.
-ژمارەی شەهیدەکانی ئەمڕۆی هێرشەکەی کۆبانێ گەییشتە 42 کەس و زۆرتر لە 30 چەتەی داعشیش کوژراون.
-لەدوای کاتژمێر 18:00 ەوە، چەتەکانی داعش بە ئۆتۆمبێلی بۆمڕێژکراو هێرشیان کردووەتە سەر گرتوخانەی ناوەندی حەسەکە لە گەڕەکی خوێران خەربیا، لە ئەنجامدا چەند کوژراو بریندارێکی لێکەوتوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 174

**26-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062612071385632

-ئۆپەڕاسیۆنی یەپەگە و یەپەژە بۆ پاککردنەوەی کۆبانێ بەردەوامە و لە ئەنجامی ئەم هەڵمەتەدا 80 هاوڵاتی سڤیل لەدەستی چەتەکانی داعش لەناو کۆبانێ رزگار کران.
-بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوە، رۆژنامەنووس جەلال هۆرێنی، سەرنوسەری سایتی ئاگا پرێس دەستگیر کرا.
-هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەرێوەبەری کۆماجڤاکێن کوردستان کەجەکە لەبارەی هێرشی گروپە چەتەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ لێدوانێکی نوسراوی بڵاوکردەوە رایگەیاند کە دوای ئەوەی گروپە چەتەکانی داعش لەبەرامبەر گورزی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە تێکشکان، ئەمجارە لەکۆبانێ هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی.کەجەکە ووتی :" داعش حیسابی ئەو هێرشە دەدات. ئاکەپە و حکومەتی تورک بەرپرسیارن لە هێرشەکانی سەر کۆبانێ.
-لە حەسەکە ئوتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراو تەقییەوە و زیانی گیانی و ماددیی لێکەوتەوە.
-لە ناو سەنتەری قەزای شەنگال، هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە لیوای 111ی هێزەکانی 70 هێرشیانکردە سەر بارەگایەکی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەهۆیەوە شەش تەرمیان لێبەجێما و چەندین چەک و تەقەمەنی تیرۆریستانیش دەستی بەسەردا گیرا.
-لەگەڕەکی عەسکەری لەقەزای خورماتوو ڕویداو بەهۆیەوە چەند شەهید و برینداڕێکی لێکەوتوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 175

**27-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062715163885639



-کۆبانێ بەتەواوەتی لە چەتەکانی داعش و لاشەکانیان پاکرایەوە.
-لە گەڕەکەکانی باشوری شاری حەسەکە شەڕ و پێکدادانی توند لە نێوان هێزەکانی رژێم و چەتەکانی داعش بەردەوامە.
-رۆژنامەیەکی تورکیا بڵاویکردەوە، ئەنقەرە بەنیازە دیوارێکی کۆنکرێتی بە درێژایی سنورەکانی لەگەڵ سوریادا، دروست بکات.
-ناوەندی چاپەمەنی یەپەگە دەستنیشانی کرد، لەو چەتانەی بە ئامانجی کۆمەڵکوژی هاتنە کۆبانێ 80 چەتەیان لێ کوژراوە و دانەیەکیشیان بە زیندوویی دەسگیر کراوە. ناوەندەکە ئاشکراشیکرد هەڵمەتی فەرماندە رووبار قامیشلۆ لەسەر رێگای رەقا-گردە سپی بەردەوامە.
-لە شارۆچکەی ڕەواندوز گردبوونەوەیەکی نارەزایی بۆپشتیوانی لەکۆبانێ بەرێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 176

**28-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062813560585654

-چەتەکانی داعش هەوڵیاندا کە بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرش بکەنە سەر ناوەندێکی یەپەگە لە حەسەکە، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست لەلایەن شەڕڤانانەوە تەقێندرانەوە.
هەروەها لە سەرێکانی لە ڕێگای ماتۆرسکلیتێکەوە تەقینەوەیەک ئەنجامدرا و لە ئەنجامدا 3 هاوڵاتی سڤیل برینداربوون.
-لە گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکوک و بەرانبەر پەیمانگای نەوت لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە بەڕێوەبەری بەشی کێڵگەکان لە کۆمپانیای نەوتی باکوور دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات.
-لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ پارێزگای هەڵەبجە، کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: راهێنانمان بە زیاتر لە 2 هەزار پێشمەرگە کردوە و بەردەوام دەبین.
-روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایدەگەیەنێت هێرشەکانی ئەم دواییەی چەکدارانی داعش بۆ کۆبانێ لەلایەن 7 گروپەوە بوە و 12 چەکداریان لە و کوردانەی عێراق بوون کە لەناو داعشدان و سەرجەمیان کوژراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 177

**29-06-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062911013868807

-لەبەرامبەر دواکەوتنی موچەکانیان فەرمانبەرانی شارەوانی پارێزگای هەڵەبجە ئەمڕۆش لە مانگرتن بەردەوامن، هاوکات فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیش مانگرتنیان ڕاگەیاند.
-شەوی رابردوو گەرەکی عەزیزیە لەشاری حەسەکە لە گروپە چەتەکانی داعش لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژەوە پاک کرایەوە.
-ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەکاتی دەستپێکردی کۆبوونەوەی پەرلەمان داوای لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە، بەهۆی بانگهێشتکردنی میوانی بیانی لە رۆژی 23-06-2015 بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و هەروەها پێشێلکردنی پەیرەوی ناوخۆ بەوەی کە کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشتری نەخوێندوەتەوە و دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی دەستپێکردووە، داوای لێبوردن بکات. لە بەرامبەردا سەرۆکی پەڕلەمان داوای لێبووردنی نەکرد و تەنها چەند روونکردنەوەیەکی دا.
-لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو لە خورماتوو، دوو منداڵ بە سەختی بریندار بوون، ڕەوانەی نەخۆشخانەی کەرکوک کران.
-بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوە، دانیشتوانی گوندی میرخاس لە کاتژمێر شەشی ئیوارەی دوێنێ-وە ڕێگای سەرەکی کەلار خانەقین-یان داخستووە.
-لە 24 کاتژمێری رابردوو لە هەر دوو قەزای سۆران و چۆمان 5 رووداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمار کراون، رووداوەکانیش سووتانی پوش پەلاش بوون.
-محەمەد کەیفی، کە دەکاتە زاوای عەلی باپیر، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە بەتاوانی تیرۆر دەستگیرکرا.
-بەرەی تورکمانی (سەرکردایەتی شەرعی)، داوای لە هێزەکانی پێشمەرگە کرد، چوار گوندی تورکمانی لە قەزای تەلەعفەر لە چنگی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش رزگار بکەن، داواشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، هێزێکی تایبەت لە چوارچێوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ تورکمانەکان پێکبهێنێت تا لەو رێگەیەوە بتوانن، بەرگری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن.

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک بۆمبێکی موگناتیسی لە ماڵی ئەفسەرێکدا تەقییەوە، دوای ئەوەش بە چەند خولەکێک بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە و بە هۆیەوە دوو کەس بریندار بوون، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت کە یەکێک لە بریندارەکان پۆلیسە.
-بە فەرمانی حەیدەری عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق کە هاوکات فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، بابەکر زێباری سوپاسالاری عیراق کە لەسەر پشکی کورد ئەو پۆستەی وەرگرتووە خانەنشین کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 178

## 30-06-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015063007145285671

-فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هەرێمەکانی گەریلایان لە هەرێمی مەدیا بۆردومانکرد و فەرماندارێکی هەپەگەش ڕایدەگەیەنێت کە بەم هێرشانە دەوڵەتی تورکیا تاکلایەنە بەتەواوی ئاگربەستی شکاند.
-لە قایمقامییەتی قەزای دوزخورماتوو، کۆبوونەوەیەک لەنێوان بەرپرسانی کوردی ناوچەکە و بەرپرسانی شیعە بەڕێوەچوو، لەو کۆبوونەوەدا، لایەنی کوردی چەند مەرجێکی داناوە بۆ لایەنی شیعە، ئەگەر جێبەجێ نەکرێن، لە چەند گوندێک دەکشێنەوە کە ئەو گوندانە بەشێکی زۆریان دانیشتوانەکەی شیعەمەزهەبن.
-بەهۆی نەبوونی مووچەوە سەرجەم فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بایکۆتی دەوامیان کرد و هیچ کامێکیان نەهاتوونەوە بۆ سەر کارەکەیان.
-داگیرکەری تورک چەک و جبەخانەیەکی زۆری لەسەر سنووری رۆژئاوای کوردستان کۆکردەوە.
-ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئەمڕۆ ڕایگەیاند کە یەکینەکانیان توانیوایە گەڕەکی ئەلعەزیزیەی حەسەکە و دەوروبەری لە چەتەکانی داعش پاک بکەنەوە.
-فەرهاد سەنگاوی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، یاداشتێک کە باس لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات، دەداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە 100 پەرلەمانتار و لەنێویاندا دەستەی سەرۆکایەتی، ئیمزایان کردووە.
-وڵاتی سودان بوو بە سێ دوو هەمین وڵات کە نوێنەرایەتی لە هەرێم بکاتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 179

## 01-07-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070116313785685



-دوو برا بەناوەکانی جەلال فەرەجی و نەجمەدین فەرەجی خەڵکی گوندی لەنجاوای سەر بە شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هیزە جل مەدەنییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات دەستبەسەر کران.
-چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سێ گوندەوە لە ڕۆژهەڵاتی باشیک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە ئێستاشدا شەڕی قورس لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعشدا بەردەوامە.
-وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بڕی 30 تەن دەرمان و پێداویستی پزیشکی ڕەوانەی شاری کۆبای ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و نوێنەری خۆ بەڕێوەبردنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان-یش رایدەگەیەنێت: کۆبانی پێویستی بە یارمەتییە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 180

**04-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070420384385688

-ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاندوە کەلە پێکدادانەکانی ڕۆژێکدا زیاتر لە 24 چەتە کوژاون، سێ شەرڤان یەپەگە و 2 شەرڤانی سوپای ئازادیش شەهیدبوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 181

**05-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070609481185694

-ئێوارەی ئەمڕۆ، بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی تین لە قەزای خورماتوو دەتەقێتەوە و 11 کوژراو بریندارى لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 182

**06-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070609410485693

-گروپە چەکانی داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر باشووری شاری کەرکوک، بەڵام ئەو هێرشەی گروپە چەتەکانی داعش ڕووبەڕووی وەڵامێکی توندی هێزەکانی گەریلا و پێشمەرگە

بووەوە و لەئەنجامدا 12 چەتەی داعش کوژران و 5 پێشمەرگەش شەهیدبوون و یەکێکیش بەدیلگیرا.
-لە ئێستادا شەڕو پێکداداانێکی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە گوندی مرەو تەللوەردو مریەم بەگ بەڕێوەدەچێت.
-رێکخراوی تیرۆریستی داعش پەلاماری شارۆچکەی تەل بەراکی سەر بە شاری حەسەکەی داوە و بەهۆیەوە شەڕ و پێکدادانی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی یەپەگە و چەکدارانی ئەو رێکخراوە روویداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 183

**07-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070713491285699

-گروپە چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر چیای قەزوانان و هێرشەکەش لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە شکستی پێ هێنرا.
-داعش لە شەنگال هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و گەریللا و لە ئەنجامدا شکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 184

**08-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070815120585705

-بەدروشمی ئازادی بۆ ئۆجەلان و بەئامادەبوونی چەند کەسایەتی سیاسی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتاران و چالاکوانان، هەڵمەتی دەستپێشخەری ئازادی بۆ عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری زیندانیکراوی پەکەکە لە هۆتێلی چوارچرای شاری هەولێر دەستی بەکارەکانی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 185

**09-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071008105285708

-ناوەندی چاپەمەنی یەپەگە دەستنیشانی کرد کە دوای تێکشکاندنی هێرشی بەرفروانی چەتەکانی داعش، شەوی رابردوش بە 3 سەیارەی بۆمبڕێژکراو هێرش کرایە سەر عەین عیسا، بەڵام ئەو هێرشەش تێکشکێندرا و ئۆپەراسیون بەردەوامە.
-پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک توانیان لە ناو شاری کەرکووک لە چەند گەرەکێک 7

ئەندامی چەتەکانی داعش دەستگیر بکەن کە دزەیان کردۆتە ناو شارەکەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 186

**10-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071107290685713

-وتەبێژی پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، کە ئەمڕۆ کرێکارێک لەسەر ئەسکەلەی بینایەکەوە کەوتۆتەخوارەوە و گیانی لەدەستداوە.
-سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیەنێت، ژمارەیەک مامۆستای کوردستان هاوشانی جێبەجێکردنی ئەرکە پەروەردەییەکانیان، بەشدارییان لە شەڕی دژی چەکدارانی داعش کردووە و لەو ماوەیەدا 40 مامۆستا شەهید بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 187

**11-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071109062585717

-ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی یەپەگە ئەنجامەکانی شەڕ و پێکدادانی بیست و چوار کاتژمێری رابردووی نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە شارۆچکەی حەسەکە و کانتۆنی کۆبانێ رایگەیاند. لە راگەیەندراوەکەی یەپەگەدا هاتووە:
"ئۆپەراسیۆنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە حەسەکە دەستپێکردووە و شەڕ و پێکدادانی سەخت هاتووەتە ئاراوە و لە دەوروبەری عەین عیسا شکستیان پێهێناون و لاشەی 26 چەکدارەکانی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە کەوتوونەتە بەردەست شەڕڤانەکانمان."
-وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، بە گوێرەی پرۆژە یاسایەک سەرجەم قوربانیانی شنگال بە شەهید و رزگاربووانەوە بە زیندانی سیاسی هەژماردەکرێت و هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتەیان دەبێت، ئاماژە بەوەشدەکات، قەرەبووکردنەوەی زیانلیکەوتوان لە ئەستۆی حکومەتی عیراقە کەچی ئەو خۆی دەدزێتەوە.
-بەپێی راگەیەندراوێکی ئاژانسی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێمی کوردستان، ئەمشەو کاتژمێر 09:28 خولەک بە کاتی هەولێر بومەلەرزەیەک بە گوری 4.3 پلە بە پێی پێوەری رێختەر لە دووری 27کم لە چەمچەماڵ و 38کم لە شاروچکەی کۆیە و 51 کم لە شاری کەرکوک بە قولایی 10 کم رویدا و هاولاتیانیش لە قەزای تەق تەق هەستیان پێکردوە بە بێ ئەوەی هیچ زیانی هەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 188

**12-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150712133559857‌27

-لە میحوەری باشیکی پارێزگای موسڵ، بەهۆی کەوتنە خوارەوەی گوللە هاوەنێکی چەتەکانی داعش کە ئاڕاستەی پێشمەرگەکانیان کردبوو، دوو پێشمەرگەی قەزای سۆران شەهید دەبن.
-جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی شەنگال و ئەندام کۆمیتەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیرکران.
-لە گەڕەکی ڕزگای قەزای خورماتوو، نارنجۆکێک دەخرێتە ناو ماڵێکی کوردەوە، قایمقامی قەزاکەش ڕایدەگەیەنێت، تەقینەوەکە زەرەری گیان نەبووە.
-لەماوەی 72 کاتژمێردا هەزار و 200 دۆنم پوش و پاوان و زەوی سوتاون و بە هەزاران ماسیش لە رووباری سیرواندا لەناوچوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 189

**13-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150713111359857‌56

-فڕۆکەیەک لە قەرەداغ کەوتە خوارەوە و بەپێی زانیارییەکان فڕۆکەکە سەر بە دژە تیرۆرە و فڕۆکەوانەکەش بە سوکی بریندار بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 190

**14-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150723001907857‌76

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 191

**20-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150721091850857‌63



-لە ئەنجامی تەقینەوەیەک لە شارۆچکەی پرسوس لە روها، 27 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیانی تریش برینداربوون.
-بە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا لەهەرێمی "ئادیامان"، سەربازێکی سوپای تورکیا کوژراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 192

**21-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150721103534124872

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک .بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان توانیان شکست بە هێرشەکەیان بێنن و شەش تەرمیان لە شوێنی شەڕەکە بەجێما.
-بەیانی ئەمڕۆ، تەقینەوەیەکی بەهێز لەناو ناوەندێکی سەربازی یەپەگە لە شارۆچکەی رمێلانی رۆژئاوای کوردستان روویداو لەئەنجامدا زیانی گیانی بەر کەسانی ناو ناوەندە سەربازییەکە کەوت.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە هۆکاری تەقینەوەکەی بەیانی ئەمڕۆی رۆژئاوای کوردستان ئاشکرا دەکات کە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە روویداوە و کردەوەی تیرۆرستی نەبووە.
- -تەقینەوەکەی دوێنێی پرسوس نارەزایی زۆری لێکەوتەوە، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە دژی داگیرکەری تورک خۆپیشاندان کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 193

**22-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150722222500385770

-ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی هەپەگە بەڵێدوانێک ئاشکرایدەکات کە ئەو 2 پۆلیسە تورکە لە شارۆچکەی سەرێکانی باکوری کوردستان لەلایەن گروپێکی ئەوانەوە کوژراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 194

**24-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150724103413124895



ئاشتۆن کارتەر وەزیری بەرگریی ئەمریکا گەیشتە هەرێمی کوردستان و بڕیارە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندە سەربازییەکان کۆببێتەوە. دوای ئەوەی سەرلەبەیانیی دوێنێ گەیشتە شاری بەغدا، ئاشتۆن کارتەر وەزیری بەرگریی ئەمریکا، کاتژمێر 10 و 30 خولەکی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرو لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لێکرا. سەردانەکەی ئاشتۆن کارتەر بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، یەکەم سەردانیەتی وەک وەزیری بەرگریی ئەمریکا، ئەوەش دوای ئەوەی مانگی شوباتی ئەمساڵ، لەلایەن باراک ئۆباما وەک وەزیری بەرگریی دیاری کرا. بڕیارە کارتەر لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە و شەڕی داعش تاوتوێ بکات.

ئیوارەی ئەمرۆ کاتژمێر 23:00 فرۆگە جەنگییەکانی تورکیا لە سنوری قەزای ئامێدی بۆردومانی بارەگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان کرد هەروەها فرۆگە جەنییەکانی تورکیا بە چڕی ناوچەکانی نێروا و رێکان و بەرواری باڵا و دەڤەری نهێل و چیای گارا و چیای مەتین بۆردومان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 195

**27-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150730095507857 84

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 196

**30-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150730094336857 83

-بەهۆی خراپی رەوشی کارەباوە، لە شاری کەلار گەنجێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان و رێگای سەرەکی کەلار - سلێمانییان داخست .

هاووڵاتیانی ناحیەی شۆرشی قەزای چەمچەماڵ بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و کێشەی کەمئاوییەوە خۆپیشاندانیان دەستپێکردوەو رێگای سەرەکی نێوان کەرکوک – سلێمانیاندا داخستوە.

خۆپیشاندەران ئاماژە بەوەدەکەن کە ماوەی چەندین رۆژە ئاوی خواردنەوەیان پێنەگەیشتوە.

-بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە، حکومەتی هەرێم ئەمرۆ و سبەینێی کردە پشووی فەرمی.

-وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم داوا لەهاوڵاتیان دەکات، بەهۆی ئەو شەپۆلە گەرمایەی ڕووی لەهەرێم کردوە، ئەگەر زۆر پێویست نەبێت، لەماڵەکانیان نەچنە دەرەوە و سەرجەم دەزگا تەندروستیەکانیش کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشیەوە.

-سوپای تورکیا کوژرانی سێ سەربازی لە هێرشێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕاگەیاند.
بەیانی ئەمڕۆ 30-7-2015 ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی تورکی بەئاسمانی شاری کۆبانێ دا سوڕاونەتەوە.
تائێستاش هۆکاری سورانەوەی ئەو فڕۆکانە لە ئاسمانی کۆبانێ نەزانراوە.
تورکیا بۆردومانکردنی سنورەکانی هەرێمی دەستپێکردەوە.
بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەو ناوچانەدا، فرۆکە حەنگییەکانی تورکیا بۆردمانکردنی چەند ناوچەیەکی سنوری پارێزگای دهۆکیان دەستپێکرد.
فرۆکەکانی تورکیا بە سەختی بۆردومانی ناوچەکانی " گەلیێ بازێ و بێسیلێ و دەرگەلێ و هێسێ و مێرگا جیا و کانی رەشێ و شێلازا و قەسرکێ" لە دەڤەری بەرواری باڵا و سێدەرا لە سنوری ناحیەی چەمانکێ دەکەن."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 197

**31-07-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015073108424985790

-ماوەی زیاتر لە 13 کاتژمێرە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئەو ناوچانەی بارەگای "پەکەکە"ی لێیە بۆردومان دەکەن، بەوهۆیەشەوە ئاگرێکی زۆر لەو ناوچانە دروست بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 198

**01-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150801074853124983



-بەرەبەیانی ئەمڕۆ، فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بە چڕی بۆردومانی گوندی "زاری گەڵی" یان کردووە، بۆردومانەکەش قوربانی لێکەوتۆتەوە هەروەها بەهۆی بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە، هەشت هاوڵاتی ئەو گوندە شەهید بووە و 10ی تریش بریندار بوون کە سەرجەمیان هاوڵاتی ئەو دەڤەرەن.
-لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەرامبەر بۆردوومانی خاکی هەرێم و شەهیدکردنی خەڵکی سڤیل لەلایەن تورکیاوە ئیدانە دەکرێت.
-لەلایەن قەناس بەدەستەکانی پەکەکە لە سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان، هێرشدەکرێتە سەر خاڵێکی سنوری لە ناوچەی هالیسای سەربەناوچەی بیلوری پارێزگای دەرسیم لەئاکامدا جەردەمەیەک دەکوژریت و سەربازەکانی تر هەڵدێن.
-سەعات 21:45 دەقیقەی لەبەردەم بینای پارتی داد و گەشە (ئاکەپە) لە ئامەد بۆمبێک تەقیوەتەوەو بەپێی زانیاریە سەرەتاییەکان هێزە ئەمنیەکان ناوچەکەیان گەمارۆ داوەو تاکو ئێستا روونکردنەوەو زانیاری

پێویست بۆ ڕاگەیاندنەکان نەخراوەتەڕوو.
-هاوشێوەی شارەکانی ڕانیە و دەربەندیخان و ناحیەی عەربەت ئێوارەی ئەمڕۆش دانیشتوانی ناحیەی خورماڵی سەربە پارێزگای هەڵەبجە بەهۆی کەمی کارەبای نشتیمانی خۆپیشاندێکی نارەزایەتیان ئەنجامدا و بۆماوەیەک ڕێگای سەرەکی سەیدسادق خورماڵ-یان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 199

**02-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150802112531125009

دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزاکە ڕێکخست و چەند داواکارییەکیان خستەڕوو.
لە چالاکیەکدا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی بایەزیدی باکوری کوردستان 5 سەربازی سوپای تورکیا دەکوژن و 22 سەربازی دیکەش بریندار دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 200

**03-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150803132000085802



-لە خورماڵ بەڕێوەبەری ناحیە بەردباران کراو بەردەم بینای شارەوانیش گیرا.
-ژمارەیەک گەنجی شاری سلێمانی بەهۆی زیادبوونی قەیرانەکانەوە هەولی گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دا لەبەردەم سەرای شاری سلێمانی، بەڵام بە بیانووی ئەوەی مۆڵەتیان بۆ خۆپیشاندانەکە وەرنەگرتووە، هێزە ئەمنییەکان ڕێگرییان لە خۆپیشاندانەکە کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 201

**04-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150804140010085809



-لە خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی قەزای شارەزووردا گرژی کەوتە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسی قەزاکە و لە ئەنجامدا 12 کەس بریندداربوون.
-داعش 8 کاتیۆشای نا بە شارۆچکەی مەخمورەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 202

**05-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080513224785811



-چەتەکانی داعش قەزای مەخموری گرێدراوی هەولێر دەدەنە بەر کاتیۆشا و لە ئەنجامدا 3 هاوڵاتی بریندار دەبن و یەکێک لە بریندارەکان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات .
-شاندی هەدەپە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژی زارگەلی گەیشتنە شوێنی روداوەکە و لەلایەن بنەماڵەی شەهیدانەوە پێشوازی دەکرێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 203

**06-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080615341885815

-لە قەزای خورماتوو لە نزیک نەخۆشخانەی دوز لەلایەن چەند چەکدارێکی نەنسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە هاوڵاتییەک کراو کوژرا.
-لەدرێژەی دەستدرێژیەکانی سوپای پاسدارنی ئیرانی بۆسەر کاسبکاران و کۆڵبەرانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان شەوی ڕابردوو بەدەستڕێژی گوللە کۆڵبەرێک کوژرا.
-لەسەعات 09:5 دەقیقەی ئەمشەوەوە، گەریلا هێرشێکی فراوانی بۆ سەر بازگەیەکی جاندرمەی تورکیا لەنێوان شاری وان - هەکاری لەباکوری کوردستان ئەنجامداوەو شەڕەکە بەردەوامی هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 204

**07-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080717024085816



-سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت، کە ئەمشەو یەکێکی دیکە لە بەرکەوتووانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە گیانی لەدەستداوە. وتیشی: "ئەو کەسە ژنێکە بەناوی "حەمیدە محەمەد عەبدولرەحمان"ە، کە دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجە بوو."
-لەناوچەی سلۆپی سەربە شاری شرناخ لەئەنجامی هێرشی پۆلیسی تورک هاوڵاتیەک بەناوی کامەران بیلین گیانی لەدەستدا و بەو شێوەیەش ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لەشەوی رابردووەوە تا ئێستا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 3 کەس. پۆلیسی تورک بەتانک کەوتنە ناو گەڕەک و دەرگای ماڵانیان شکاند، ژمارەیەک هاوڵاتی دەستبەسەرکراون و ماڵی هاوڵاتیەکیش سووتێندراوە.
-بەرەبەریانی ئەمڕۆ شەڕ و پێکدادانێکی سەخت لە شاری موسڵ لە نێوان کەتایبەی تەحریری موسڵ و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش روویدا، لێپرسراوی راگەیاندنی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش دەڵێت، شەڕەکە بەدەیان کوژراو و بریندارى لێکەوتووتەوە و تا ئەم ساتە وەختەش پێکدادان لە نێوانیاندا بەردەوامە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 07-08-2015
-یەکینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسیاری چالاکییەکەی شەوی رابردووی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ و رایدەگەیەنێت کە شەوی رابردوو لەشاری مەریوانی چالاکییەکیان ئەنجامداوە، بەو شێوەیەش جارێکی دیکە دەوڵەتی ئێرانیان هۆشیار کردۆتەوە، کە هەر هێرشێک لەدژی گەریلاکانیان بەوتای پێشێل کردنی ئاگربەست دێت، بەڵام ئێران هێرشەکانی بەردەوام دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 205

**08-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080810140885819

-بەهۆی دەستپڕێژی گوللەی چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە، لە خورماتوو ژنێک کوژرا.
-فەرماندەیی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە کۆبانێ رایگەیاند، دەوڵەتی تورکیا شەش شەڕڤانی بریندارى (یەپەگە)ی لە دەروازە سنوبیەکان و لە ناوچەی (باب الهوا)، رادەستی بەرەی نوسرە کردووە.
-ناوەندی ئاشتی مەدەنی کە لەلایەن حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدانەوە بۆ سەرپەرشتی دانوستانەکان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پێکهاتووە، لە زاری ئۆج ئالانەوە رایگەیاند: "گەریلاکانمان و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و بەرپرسانی حکومەت، شکستخواردوو بوون لە بەڕێوەبردنی دانوستانەکان، بۆیە داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەم، بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستان و خشتەیەکی کاتی بۆ راگرتنی خوێنرشتن و دۆزینەوەی چارەسەرێکی خێرا، دابنێن."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 206

**09-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080909534485839

-سەرۆک وەزیرانی عیراق کۆمەڵێک بڕیاری گرنگ و چاوەڕوان نەکراوی دەرکرد، کە بەپێ بڕیارەکان، هەرسێ جێگرانی سەرۆک کۆمار و هەروەها هەرسێ جێگرانی سەرۆک وەزیران و بریکاری وەزارەتەکانی لە پۆستەکانیان دوورخستووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 207

**10-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081013335085851



-ناوچە جیاجیاکانی تورکیا چوار هێرشی بەخۆوە بینی کە بووەهۆی کوژرانی شەش کەس و برینداربوونی 10ی دیکە.
-هێزەکانی پارتی بەچەکی قورسەوە بەسەر شەقامەکانی هەولێردا سوورانەوە.
-ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 18:00 بۆمبێکی چێندراو لەقەزای خورماتوو تەقیەوە. لە ئەنجامدا هاولاتیەکی تورکمانی سونە مەزهەب بریندار بووە بە ناوی (ولید نافع واحد) کە دانیشتوی گوندی ستاملی یە.
-هێزەکانی سوپای پاسدارانی شاری مەریوان بە بیانووی بوونی هێزی چەکدار چیاکانی بەرانبەر بە گوندی وەیسە سەر بە زنجیرە چیای سوورێن-یان لە ناوچەی مەریوان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک توپباران کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 208

**11-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081110394885857

-هەردوو پێکهاتەی تورکمان و ئاشووری لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم کشانەوە و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی پێشکەوتنی تورکمانیش رایدەگەیەنێت، ئەوان لەمڕۆ بەدواوە دان بە دەستووری هەرێمدا نانێن.
-لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی 12 پرۆژە بڕیاری گرنگی پەسەند کرد کە دیارترینیان ڕێگریکردنە لە گواستنەوەی کۆبۆنی خۆراک و باری شارستانی و تاپۆکردنی موڵک و ماڵ بۆ غەیرە کورد لە سنووری پارێزگای سلێمانی.
-بەڕێوەبەری راگەیاندنی کارەبای سلێمانی رایدەگەیەنێت، وێسگەیەکی نوێی کارەبا لە لایەن کەرتی تایبەتەوە دروست کراوە و بڕیارە لە مانگی 12ی ئەمساڵدا بکەوێتەکار کە یاریدەدەرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی لە زستان و هاوینی ساڵی داهاتوودا سەعاتەکانی کارەبای نیشتیمانی زیاد بکات.
-وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان رایگەیاند، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا پرۆژە یاساکەی د. بەرهەم پەسەند کرا.

-پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، مەسعود بارزانی سەرۆکای هەرێمی کوردستان، بەتەواوی دەسەڵاتەکانییەوە، لەدوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی لە 20ی ئەم مانگە، لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەوەشی رەتکردەوە یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمان، لەدوای ئەو بەروارەوە پۆست و ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم بگرێتەدەست.
-هێزەکانی پێشمەرگە بە هەماهەنگی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بۆ ردومانی مۆڵگەیەک و شوێنی جێگیر کردنی چەکی قورسی داعشیان لە گوندی عاشق، بۆردومان کرد و وێران کران.
-رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا، رایگەیاند، کە وڵاتەکەی بەردەوامە لە هەڵمەتە سەربازییەکەی دژبەPKK.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 209

**12-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150812152209125149

بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم هەموو نمایشێکی عەسکەری لە هەولێر قەدەغە کرا
بەپێی راگەینراوێکی فەرمی کە بە ئیمزای نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەرچووە، راگەینرا، بۆ هیچ دەزگایەکی عەسکەری و حکومی و حزبی نیە نمایشی عەسکەری و رێپێوان لەناو شاری هەولێر بکەن و بەهیچ شێوەیەک رێگەی پێنادرێت.
-پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی دوو کەسی بە رەگەز عەرەب دەستگیر دەکەن کە لەناو گەڕەکەکانی سلێمانی کاری تێکدەرانەیان ئەنجامداوە و دزیشیان لە چوار ماڵ کردووە.
-ئێرانی لەزاری فەرماندەیەکی سوپای پاسدارانەوە لەئوستانی کوردستان هەواڵی کوژرانی 5 بەسیجی راگەیاند لەناوچەی شاهۆی سەر بەشارۆچکەی کامیاران کە بەهۆی هێرشی گەریلاکانی پژاکەوە کوژراون.
-پێشمەرگەیەکی زێرەڤانی کەلە لقی پێنج بەتالیۆنی یەکی فەوجی دووی سوپای پێنجی زێرەڤانی بەناوی (کارزان فاخر محەمەد مەحموود) لەکاتی دەوامی فەرمی خۆی لە زێی خازر خنکا.
-لە سنوری قەزای مەخموری رۆژئاوای شاری هەولێر داعش لەڕێی رۆکێت و گوللە هاوەنەوە کە کڵاوەی کیمیایی و گازی کلۆریان بەسەرەوە بووە بۆردومانکردنی ناوچەکەی کردووەو لەو ناوچەیەش راهێنەرانی ئەڵمانی لێ بووە کە مەشقیان بەهێزی پێشمەرگە کردو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.
-سەرۆکی یانەی ئارارات هیوا سەڵاحەدین لە نزیک شاری تەورێز لە ئێران بەهۆی رووداوی هاتووچۆوە گیانی لە دەستدا.
-بۆ یەکەمجار شێوەزاری سۆرانی لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک زیادکرا. لەهەنگاوێکی نوێدا کۆمپانیای فەیسبووک شێوەزاری سۆرانی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک زیادکرد و ئێستا بەکارهێنەرانی کورد دەتوانن بەرێنووسی سۆرانی فەیسبووک بەکاربهێنن. تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەزیاتر لە 70 زمانی جیاواز بەکاردەهێنرێت لەرۆژی 12-08-2015 بەشێوەیەکی ڕەسمی شێوەزاری سۆرانی بۆ فەیسبووک زیادکرد، ئەوەش دوای پێنج ساڵ دێت لەزیادکردنی زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی بۆ فەیسبووک. فەیسبووک یەکێکە لەگەورەترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەجیهاندا خاوەنی یەک ملیار و 44 ملیۆن بەکارهێنەرە و ژمارەیەکی زۆری کوردستانیان بەکاری دەهێنن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 210

**13-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150813115703125161



-سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمەریکا جەنەراڵ ریمۆند ئۆدیرنۆ رایگەیاند کە ڕەنگە تاکە چارەسەر بۆ ناکۆکیی و ململانێ مەزهەبییەکانی عێراق، دابەشکردنی ئە و وڵاتە بێت.
-یەرەکە لەڕاگەیەنراوێکدا، بڵاویکردەوە: ئەو چالاکیەی ڕۆژی 2015/8/11 لەناوچەی کامیاران ئەنجامدرا، کە تێیدا 12 پاسدار کوژرابوون، ئەوان ئەنجامیانداوەو ئەوەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ لەسێدارەدانی گیراوی سیاسی کورد (سیروان نەژاوی.(
-لە گەڕەکی نەورۆزی شار هەولێر لە ڕووداوێکی نەخوازراودا دوو کەس بە هۆی شەڕکردن گیان لە دەست دەدەن، چوار کەسی تریش بە سەختی بریندار دەبن،
-سوپای تورکیا ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس و هێزێکی زۆری سەربازی لەناوچەکانی هەکاریی و شەڕناغ جێگرکردوەو ماوەی چەند رۆژێکە بەچڕی بارەگاکانی گەریلا بۆردومان دەکات.
-وەتبان ئیبراهیم حەسەن زربرای سەدام حسێن سەرۆکی لەناوچوی رژێمی بەعس کۆچی دوایکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 211

**15-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150817133951858 69

-کۆمەڵێک پەرلەمانتاری گۆران لە کاتی چوونیان بۆ هەولێر لە بازگەیەکی پارتی لە دێگەڵە سووکایەتییان پێدەکرێت و دەپشکنرێن و ڕێگیرییان لێدەکرێت بچنە هەولێر و بەشداریی دانیشتنی پەرلەمان بکەن، ناچار دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، ئەم ڕووداوە نارەزایەتییەکی زۆر لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 212

**16-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150817135108858 70

-لە ناوچەی گمگمی سەربە شاری موشی باکوری کوردستان هەتا سەر لەبەیانی ئەمرۆ شەڕ و پێکدادان بەردەوامی کرد و بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەش شارەکە کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی گەیلاکانی هەپەگە، پارێزگاری ئەو شارەش هاتووچۆی لەم شارە قەدەغەکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 213

**17-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150817120023858666



-داگیرکەری تورک سێ کوردی تر لە شاری موش دەکوژێت.
-دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وادەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات کە رۆژی چوارشەممە 19ی ئابی 2015یە.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە بە دەستڕێژی گوللە فەرمانبەرێکی زانکۆی کەرکوک کوژرا.
-ئەنجوومەنی شورای دادوەری کوردستان بڕیاریدا، مەسعود بارزانی بۆماوەی دووساڵی دیکە بەتەواوی دەسەڵاتەکانییەوە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە.
-ئەمیرە زەنگەنە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ئاماژەی بە رەزامەندی وەزارەتی گواستنەوەی عیراق کرد بۆ دامەزراندنی فڕۆکەخانەی کەرکوکی نێودەوڵەتی.
-دوای کەوتنەخوارەوەی حەوت گوللەهاوەن لەنێو خاکی تورکیا، هێزەکانی تورکیا کە لەسەر سنورەکانی سوریا جێگیرکراون، چەند پێگەیەکی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیان لە نێو خاکی سوریادا بۆردومان کرد.
-لە نووسراوێکدا بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کە هەر نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنەکەتان کرابێت، بەبێ ئیمزای سەرۆکی پەرلەمان رەسمی نییە، ئەرکی ئەنجومەنەکەشی دیاریکردووە کە رادەرپرینە لەسەر ئەو پڕیارە یاساییانەی ئاراستەیان دەکرێت.
-سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کە وابەستەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی شورا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم نابن، جەختیشی لەوە کردەوە کە لە 20ی مانگەوە بارزانی ناتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتەکانی وەک سەرۆکی هەرێم پیادە بکات.
-ئەمشەو داعش هێرشی کردۆتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە گوێر و پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو.
-رۆژنامەی (کوێلنەر شتادت ئانتسایگەر) رایگەیاند، لە ناوچەی بروکی شاری کۆڵن گۆرستانێکی تایبەت بە کوردانی ئێزدی کراوەتەوە و ئەمرۆش یەکەم مردووی لێ نێژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 214

**18-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081810042265219



-درەنگانێکی شەوی رابردوو 2015 چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و دوای نزیکەی نیو کاتژمێر لە شەڕ و پێکدادان توانرا هێرشەکەی داعش تێکبشکێنرێت.
-لە شارۆچکەی فارقین سەر بە پارێزگای ئامەد گەنجێک دەکوژرێ و پێکدادان بەردەوامە.
-بۆردومان و تۆپبارانکردنی گوندی شاپاتان لەلایەن سوپای تورکیاوە بریندار بوونی چوار هاووڵاتی لێکەوتووەتەوە و زیانی زۆریش بە 10 خانووی هاووڵاتییانی ئەو گوندە گەیشتووە.
-ئەیاد کەرکوکی، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی لە خانەقین، راگەیاند :" ئەمشەو کەسێکی نەناسراو هێرشی کردە سەر "محەممەد حوسام ئەنوەر" کە یەکێکە لە رێکخرانی خۆپیشاندانەکەی خانەقین."
-لە کۆبوونەوەی ئێوارەی ئەمڕۆی لایەنە سیاسییەکاندا، نوێنەری وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا رایانگەیاندووە کە پێویستە ئەمشەو تابەیانی لایەنە سیاسیەکان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بگەنە رێککەوتن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 215
**19-08-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015081912133985892



-فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و بە سەختی چەند شوێنێک لە دەڤەری بەرواری باڵا و ناوچەکانی پاراستنی میدیا بۆردوومان دەکەن.
-کاتژمێر 09:20 خولەک لە گەڕەکی عەنتەریە لەبەر ئاوایی ئاسایشی شارەکە ڕوویداوە، بەپێی زانیاریەکان بارهەڵگرێکی بۆمبرێژکراو لەکۆڵانی نێوان بارەگای ئاسایش و گەڕەکی سینا تەقیوەتەوە. لەئەنجامدا ئەندامێکی ئاسایش، یەک منداڵ و 8 کەسی تری مەدەنی شەهیدبوون و 56 کەسیش برینداربوون.
-هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) چالاکییەکیان لەبەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی شارۆچکەی (گمگمی) سەر بە شاری موش و سەربازگەیەکی ئەو شارە ئەنجامدا و تەواوی رێگاکانی هاتوچۆ و شەقامەکانی ئەو شارە کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی گەریلاوە.
-لەسەر رێگای بەرواری سەر بەشاری مینێکی باکووری کوردستان بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی سەربازانی تورکیادا تەقییەوەو لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا هەشت سەربازی تورکیا کوژران و ژمارەیەک سەربازی تریش بریندار بوون.
-فەخرەدین قادر عارف، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، بەپێی یاسا، سبەینێ ولایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت و هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە.
-لە شاری هەڵەبجە، تەقە لە مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 216

**20-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082011015585895

-شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە و یەژاستار) بەرامبەر سوپای تورک، لەناوچەی شەهید کەندالی هەرێمی حەفتەنین بەردەوامە.
-سوپای سەوڵاوای ڕژێمی ئێران، گوندەکانی دامێنی چیای کۆسالانی ڕۆژهەلاتی کوردستان تۆپباران دەکات.
-لە شاری وان هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر ئەو گەنجانەی کە بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی ئاکەپە کۆبونەوەیان ئەنجامدابوو، ئەو پێکدادانەی نێوان گەنجان و هێزەکانی پۆلیس تا بەرە بەیانی ئەمرۆ بەردەوامی هەبوو.
-بەرپرسی چاپەمەنی و راگەیاندنی هەپەگە رایدەگەیەنێت، کە تورکیا هێزێکی زۆری بە چەکیی قورسەوە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان کۆکردۆتەوە و ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆن دەکات، دەشڵێت: "لە تۆڵەی شەهدێکمان 12 جەندرمەی تورکیمان کوشت."

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 217

**21-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082111080565086

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو هێرشیان کردەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ناوەران و لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بە توندی بەرپەرچ درانەوە و بە هاوکاری فرۆکەجەنگییەکان هێرشەکە تێکشکێندرا.
-فرۆکەجەنگییەکانی تورک بەسەر هەرێمەکانی پاراستنی میدیا دەسورێنەوە و هەرێمی گارا بۆردومان دەکەن.
-وەک نارەزایی دەربرین بەرامبەر لابردنی وەزیرێکی تورکمان لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، رێگەی نێوان کەرکوک _ خورماتوو لەلایەن هاوڵاتیانی تورکمانی ناحیەی ئامرلی سەر بە قەزای خورماتوو داخرا.
-لە ناو شاری کەرکوک ژمارەیەک چەکداری داعش دەستگیرکران، بەرێوەبرەی پۆلیس و قەزاو ناحیەکانی کەرکوکیش رایدەگەیەنێت، کە دەستیان لە چەندین کردەوەی تیرۆریستی دا هەبووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 218

**22-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082221544066735

-لە هێرشێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا بۆسەر خاڵێکی سەربازی لە هەرێمی شرناخ، ئەفسەرێکی سوپای تورکیا کوژرا.
-پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوری 3.4 پلە بەپێی پێوەری رێختەر ناحیەی جەلەولای هەژاند.
-ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند کە لە رۆژی 17 بۆ 18ی ئاب لەنێوان سەربازگەی خەرخۆڵی سەربە هەرێمی گارسای شاری سێرت و گردی سەربازگە فرۆکەیەکی سیخوری جۆری ئانکا خراوەتەخوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 219

**23-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082313033666036

-دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش چەکی کیمیاوی بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە بەکارهێناوە لە میحوەری تلسقوف، لەو بارەیەوە فەرماندەیێکی هێزی پێشمەرگە لە فەرماندەی سپیلک بە خەندانی راگەیاند: "ئەم هەواڵە هیچ بنەمایەکی راستی تێدا نییە."
-پاش دوو ڕۆژ زیندانی کردنی ئەمڕۆ هاوڵاتی (شڤان ئازاد) بە کەفالەتی 3 ملیۆن دینار لە هەولێر ئازادکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 220

**24-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082411293268997

-هەریەکە لە فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا لە سلێمانی، بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە دەوامیان جێهێشت و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.
-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لەسەر رێگای ولایەتی هەکاری و لەکاتی تێپەڕبوونی ئوتۆمبێلێکی سەربازیدا، دوو سەربازی سوپای تورکیا کوژران و سیانی تر بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 221

**25-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082509425266858



-کاتژمێر 12:25 خولەکی درەنگانێکی شەوی ڕابردو بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە لەقەزای خەباتی سەر بەشاری هەولێر، فەرەیدون جوانڕۆیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرپەرشتیاری میحوەری پێشمەرگە لەخازر گیانی لەدەستدا و لە پیرمام بەخاک سپێردرا.
-فەرمانبەرانی شارەوانی چەمچەماڵ مانگرتنیان لە کارەکانیان دەستپێکرد و رایدەگەیەنن کە هۆکارەکەی دواکەوتنی مووچەیە.
-لەدرێژەی دەستدرێژیەکانی هێزەئەمنیەکانی ئێران و سوپای پاسداران، بۆجارێکی دیکە لە ناوچە سنووریپەکانی پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەقە لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد دەکرێت بەو هۆیەشەوە کۆڵبەرێک کوژراوە و یەکێکی دیکەش بریندار بووە.
-ڕاگەیاندنی هەپەگە لێدوانێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، دوێنی هێزەکانی گەریلا لە دژی زرێپۆشی تیپی شەمزینان چالاکیان ئەنجامداوەو کە تێیدا دوو سەر باز کوژران و چوار سەرباز بریندار بوون.
-فرۆکە جەنگییەکانی تورک لە کاتژمێر 21:55 خولەکەوە روویان لەسەر هەرێمی قەندیل کرد و بەگوێرەی زانیارییەکانیش لەئەنجامی بۆردومانی هەرێمی کورتەک کارەبای تەواوی گوندەکانی بناری قەندیل پچراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 222
**26-08-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150826084446316



-هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری داقوق هێرشێکی فراوانیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەستپێکردووە و سەرچاوەیەکیش لە هێزەکانی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت تائێستا گوندێکیان کۆنترۆڵ کردووەتەوە و زیانێکی زۆریان بە چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گەیاندووە.
-گیراوی سیاسی کورد (بەهرۆز ئیلخانی) دوێنی سێ شەممە گواستبویانەوە ژوری تاکەکەسی زیندانی ورمێ، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەگەڵ پێنج کەسی دیکەدا بەبەهانی بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر لە سێدارە دران.
-لەسەر ڕێگەی کەرکوک _ سلێمانی، لە نزیک بازگەی سلێمانی، ماتۆرسکیلێک تەقییەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکانیش رایدەگەیەنێت، مەبەست لەو کردەوە تیرۆریستییە، بەئامانجگرتنی کاروانی حاجیان بووە.
-لە ناوچەیەکی سەر بە قەزای داقوق، 60 خێزانی عەرەبی ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە سنوری شارۆچکەی داقوق.
-پۆلیس و سەربازانی توک بە دەیان تانک و زرێپۆش کەوتنە گەڕەکەکانی ئۆرمان، کشلا و مەزەرلیک-ی سەربە پارێزگای جۆلەمێرگی باکوری کوردستان و تۆپبارانیان کرد، بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکانیش لایەنی کەم سێ کەس کوژراون و بە دەیان کەسیش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 223

**27-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150827094537708455

-لە سەر ڕێگای گشتی کەرکوک و قەزای دوبز خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکەوە خۆی بە هێزە کانی پۆلیسی نەوتی باکوردا تەقاندەوە و بە هۆیەوە دوو کەس شەهید بوون و چواری دیکەش بریندار بوون.

-لیوا سەفین مەلا مەجید گوێری، فەرماندەی فیرقەی 10 لە سوپای عیراق، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراوەوە لە نزیک پارێزگای ئەنبار شەهید بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 224

**28-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150828134038659822



-هێرشی پۆلیس و سەربازانی تورک بۆ سەر کوردانی ئەو ناوچانەی باکوری کوردستان کە خۆبەڕێوبەریان ڕاگەیاندووە بەردەوامی هەیە و شەویرابردووش گەنجێک لە بازید و کور و باوکێک لە سلۆپی بە گوللەی پۆلیس گیانیانلەدەستدا.

-شەوی ڕابردوو کۆڵبەرێکی دیکە بەتەقەی سوپای پاسداران گیانی لەدەستدا.

-بە سەرۆکایەتی ئەحمەد داود ئۆغلۆ، حکومەتی کاتی لە تورکیا پێکهات کە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە تشرینی دووەمی داهاتوودا، کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەدەبات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 225

**29-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150829102848697200



-لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک لە شاری ماردینی باکووری کوردستان، 24 کەس برینداربوون کە 10 یان پۆلیسن.
-لە شاری رحا (ئورفە) کەسانێکی نەناسراو هێرشێکی چەکداریان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی تورک و لە ئەنجامدا دوو پۆلیسیان بەگرانی بریندارکرد، دوای گەیاندیان بە نەخۆشخانە هەردوو پۆلیسەکە مردوون.
-لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە مۆڵەتی مانگێک درایە ئاوارە عەرەبەکانی شارەکە، ئەو ئاوارانەی کە ناوچەکانیان لە چەکدارانی داعش پاککراوتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 226

**30-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150830153915859 19



-ئەو خەڵکە بە رەگەز عەرەبانەی کە پێشتر لە جەلەولا و ناوچەکانی دەوروبەری دادەنیشتن و ماوەی ساڵێکە ئاوارەی شاری بەعقووبە بوون، دوو خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و داوای ئەوەیانکرد کاری بەپەلە بکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناحیەی جەلەولا.
-لەناوچەی فارقینی سەربە شاری ئامەد، منداڵێک لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا ژیان لەدەست دەدات و کەسێکی تریش بریندار دەبێت.
-لەناوچەی سلۆپی سەربەشاری شڕناخی باکوری کوردستان، پۆلیسی تورک سێ گەنجی کورد لە ماڵێکدا گولەباران دەکەن و هەرسێ گەنجەکە کەناسنامەیان ئاشکرا نەکراوە شەهید دەبن و تەرمەکانیان لەلایەن پۆلیسەوە دەبرێت.
-شەپۆلێکی خۆڵبارینی چڕ ناحیەی جەلەولای گرتووەتەوە و ئاراستەکەی روو لە خانەقینە، ئەو شەپۆلە خۆڵبارینە بۆ یەکەمجارە بەو شێوازە چڕە ئەو ناوچانە بگرێتەوە.
-لەدرێژەی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبڕیاری دەزگا بەناو دادوەریەکانی ئێران ئەمڕۆش زیندانیەکی دیکەی کورد بەتۆمەتی کێشانی مادەی هۆشبەر لەسێدارەدراو تائێستاش تەرمەکەیان ڕادەستی کە سوکارەکەی نەکردوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 227

**31-08-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150831100159680 83

-فرۆکەجەنگییەکانی تورک لە کاتژمێر 09:30 خولەکی سەرلەبەیانی ئەمرۆ بەسەر هەرێمی گارا، زاپ و دەشتی کافیا بەشێوەیەکی نزم دەسوڕێنەوە.
-لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بارانبارین بەپێی جیاواز باریووە، ئەمەش یەکەم وەرزی بارانبارینە لەمساڵدا.

-شەوی رابردوو کاتژمێر 12:30 خولەک، لە گەڕەکی کارشیاکای قەزای سلۆپی سەربە پارێزگای شرناخی باکوری کوردستان، ژنێک بە ناوی فاتمە تەمەن 55 ساڵ و کچەکەی بە ناوی بەرفین ئۆکتەن 14 ساڵ، لە کاتێکدا کە لەسەربانی ماڵی خۆیان نوستبوون، بوونە ئامانجی ئەو قەناسانەی کە لە بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکە جێگیر کرابوون. لە ئەنجامدا دایکەکە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.
-هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری رۆژئاوای موسڵ، هێرشێکی چەکدارەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیان تێکشکاند و زیانێکی زۆریان بەو رێکخراوە گەیاند. پێشمەرگەیەکی خەڵکی شاری "بۆکان" ی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی "محەمەد محەمەد پور" کە بە ئاهورا ناسراوە، لەو هێرشەدا شەهید بوو.
-ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رایدەگەیەنێت، سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریداوە، ئاوارە عەرەبەکانی پارێزگای دیالە، کەرکوک جێبهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان.
-ئەنجومەنی ئێزدییانی قەزای شەنگال داوایکرد حکومەتی عیراق لێکۆڵینەوە لە کەوتنی قەزاکە بە دەستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بکات و لێپرسینەوەش لە کەمتەرخەمەکان بکرێت.
-لەکاتی تێپەڕبوونی پاسێکی پۆلیسی تورکیادا لە قەزای ئیدیلی شاری شرناخ بۆمبێکی چێندراو تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا پێنج پۆلیس برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 228

**01-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150901093123710 32

-تیمی تایبەتی پۆلیسی تورک هاوڵاتیانی گەڤەر کۆمەڵکوژ دەکەن و شەوی رابردووش هێرشیانکردە سەر گەڕەکی ئەسەنتەپە و ئەسەنیورت و گوللەبارنیان کرد، بەو هۆیەشەوە گەنجێک بەناوی عەلی کاڤال گیانی لەدەستدا.
-شەوی ڕابردوو بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە لە شارەدێی تەقتەق لەنێوان دوو لایەنەدا، چوار کەس کوژراون و سیانی دیکەش برینداربوون.
-ناوەندی راگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، "چەتەکانی داعش شەوی رابردوو هێشیان کردە سەر گوندی فاتسە کە 8 کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی شارۆچکەی عەین عیساوە دوور، بەڵام یەکینەکان توانیان ئەو هێرشە تێک بشکێنن و چەتەکان ناچار بکەن هەڵبێن."
-تۆڕی (CNN) ئەمریکایی بڵاویکردەوە رێکخراوی تیرۆریستی داعش سەرلەنوێ بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەلدان لە حەسەکە و لە ئاکامی ئەو هێرشەشدا، ژمارەیەک لە هێزەکانی (یەپەگە) و هاوڵاتیانی مەدەنی، بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 229

**02-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150902220700859 39

-میدیاکانی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان رایانگەیاند، گەریلاکانی پارتەکە، فڕۆکەیەکی سیخوری تورکیایان لە ناوچەی شەمزینان لە نزیک سنورەکانی نێوان تورکیا و عیراق خستە

خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 230

**03-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090314045985944

-لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەی خورماتوو لە نزیک کۆمیتەی سێی یەکێتی دەستڕێژی گوللە لە کوڕ و باوکێک دەکرێت و بەو هۆیەشەوە کوڕەکە دەکوژرێت و باوکەکەش بە سەختی بریندار دەبێت.
-لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە ناحیەیەکی سەربە پارێزگای ماردین-ی باکوری کوردستان ئەفسەرێک و سێ پۆلیسی تورک کوژران.
-پەرلەمانی تورکیا بڕیاری دەستوەردانی سەربازی سوپای وڵاتەکەی بۆ ئەنجامدانی کاری سەربازی لەناو خاکی عیراق و سوریادا بۆ ماوەی ساڵێکی تر، درێژکردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 231

**04-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090411384185953



-تەرمی ئایلان کوردی و دایک و براکەی لەتورکیاوە بەرەو کۆبانێ بەڕێکران و لەسەر خاکی کۆبانێ و لەگۆڕستانی شەهیدانی شارەکە بەخاکسپێردران.
-دوای ئەوەی چالاکیەک لەبەرامبەر سەربازگەیەکی تورکی لە شاری دێرسیمی باکووری کوردستان روویدا و لەناوەندی شارەکەش پۆلیسی تورک دەستی بە دەستڕێژی گوللە لەهاوڵاتیانی مەدەنی کرد و دوو هاوڵاتی برینداربوون. دواتر هاتوچۆ لە شاری دێرسیم قەدەغەکرا و ڕاگەیەندرا کە لەو هێرشەدا گەریلایەک گیانی لەدەستداوە و یەکێکیش برینداربووە.
-کاتژمێر 20:30 خولەکی ئەمشەو لەناوچەی تاتوانی سەربە بەدلیس لەدژی بارەگایەکی سەربازی چالاکیەکی بەرۆکێت ئەنجام درا و بەچەکی قورسیش شەڕ وپێکدادان هاتەئاراوە. هاوکات لەچەندین گەڕەکی شاری جزیرەش دەنگی چەک دێت و لەچەندین شوێن شەڕ وپێکدادان دەستی پێکردوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 232

**05-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150905093208859665



-دوای ئەوەی دوێنێ چالاکییەک لەدژی سەربازگەیەکی تورک لەناوەندی دێرسیم بەڕێوەچوو، سەربازەکانی تورک دەستڕێژی گوللەیان لەهاوڵاتیان کرد و چوار هاوڵاتی برینداربوون. یەکێک لەو هاوڵاتیانە کچێکی دێرسیم بوو بەناوی ئایتەن گولهان تەمەن (32) ساڵ بەهۆی سەختی برینەکەیەوە سەرەرای هەموو هەوڵدانەکان ئەمرۆ لەنەخۆشخانەی گشتی شاری دێرسیم گیانی لەدەستدا.
-بەهۆی ئەو بیرەی کە لەلایەن هاوڵاتیەکی چەمچەماڵەوە لێدرابوو و ئاوێکی زۆری لێدەرچوو لەگەڵ ئەو ئاوەشدا گڕێکی ئاگری زۆری هەبوو تائێستا ئاگرەکەی کۆنترۆڵ نەکراوەو بەوهۆیەوەشەوە پێنج کەس سوتاون و رەوانەی نەخۆشخانەی شەهید پێشرەو کراون لە چەمچەماڵ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 233

**06-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150906121553859668



-دوێنێ شەو لە ئەنجامی هێرشێکدا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس لەگەڕەکی حاسیرلی دوو پۆلیسی تیمی تایبەت کوژراون و سێ پۆلیسی تریش برینداربوون، لەکاتژمێر چواری سەرلەبەیانی ئەمرۆوە هێزە ئەمنیەکانی تورکیا بەچەکی گران دەستیان کردوە بە هێرش بۆسەر گەڕەکەکانی فاتیح پاشا و حاسیرلی سەر بە ناوچەی سوری ئامەد و گەنجانیش وەڵامی هێرشەکانیان داوەتەوە.
-دوای ئەوەی لە جزیرە هاتوچۆ قەدەغرا کرا، دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیلیش داخرا و راگەیەندرا کە بەهەزاران ئۆتۆمبێل لەودیوی باشووری کوردستان و باکوور وەستێنراون.
-گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەی ئۆرێماری سەر بە شاری جولەمێرگی باکووری کوردستان، هێرشیان کردۆتە سەر دوو ئۆتومبێلی سوپای تورکیا. بە پێی زانیارییەکان لەو هێرشەدا زیاتر لە 15 سەربازی سوپای تورکیا کوژراوە و ژمارەیەک سەربازیش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 234

**07-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150907105954687760



-لە گوندی کیژۆکی سنووری قەزای کەلار هەورە بروسکە لە دوو هاوڵاتی ئەو گوندەی داوە، بەهۆیەوە یەکێکیان گیانی لەدەستداوە و یەکێکی تریشیان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار چارەسەری بۆ دەکرێت.
-پۆلیسی تورک لە ناوچەی جزیرەی شرناخ، دەستڕێژی گوللە لە سێ منداڵ دەکەن کە بەمەبەستی کڕینی نان لەماڵ چونەتە دەرەوە، لە ئەنجامدا هەر سێ منداڵەکە بریندارەبن و ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شارەکە دەکرێن.
-ئێوارەی ئەمڕۆ لە گۆرەپانی پارکی شاندەری شاری هەولێر گردبوونەوەیەک بۆ پشتگیریکردنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی باکوری کوردستان و ڕیسواکردنی تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا دژ بەخەڵکی سڤیلی باکوری کوردستان ئەنجامدرا.
-کاتژمێر 23:00ی شەو لە ناوچەی کاغزخانەی ئستەمبوڵ گەنجێکی تەمەن 21 ساڵانی کورد بەناوی (سەدات ئاکباش) لەلایەن شەش تورکەوە پەلامار دراوە و بەچەقۆ کوشتویانە. هۆکارەکەی تەنها ئەوە بووە بە تەلەفون بە کوردی قسەی کردووە.
-لەناوچەی ئاناموری سەربە شاری میرسینی تورکیا تورکە ڕەگەزپەستەکان بەهاوکاری پۆلیس و بەهاندانی ئاکەپە هێرشیان کردە سەر کوردانی ناوچەکە و ئەو ئۆتۆمبێلانەیان شکاند کە ژمارەی شارە کوردیەکانی پێوەبوو، هەروەها دوکان و شوێنی کاری کوردان و بیرۆ هەدەپەیان سوتاند.
-ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە خستنی فڕۆکەیەکی سیخوری سوپای تورکیای لەهەرێمی مەتینا ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 235

**08-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090812220385982



-کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ فەرمانبەرانی (سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک - گەرمیان و فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان مانیان لە دەوامکردن گرتووە و شوێنی دەوامەکانیان بەجێهێشت. مانگرتنەکانیش بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانەوەیە.
-شەڕێکی قورس لەنێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا لە ناوچەی ئەغدیر دەستپێکردووە و بەپێی زانیارییەکان 10 پۆلیس کوژراون.
-بەرپرسی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ 20 فەرمانبەری وڵاتی تورکیا ئازادکران کە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەستبەسەر کرابوون.
-هاوڵاتیان و شۆفێرانی ئەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانەی کە دەیانەوێت بچنە نێو خاکی تورکیا، لەخاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. خۆپیشاندەران داوادەکەن خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل بکرێتەوە بۆ ئەوەی بچنە نێو خاکی تورکیاوە.

-لەدوای هێرشە خوێناوییەکانی ئەم دواییە و بۆ مەبەستی راوەدونانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، تورکیا رایگەیاند:" ئەمڕۆ سێ شەممە، هێزێکی زەمینی تایبەت رەوانەی نێو هەرێمی کوردستان کراوە."
-کاتژمێر 01:00ی شەوی رابردوو لەگەڕەکی نوری ناوچەی جزیرەی سەر بە شەرناخ لە دژی دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیس چالاکی ئەنجام درا و8 پۆلیسی تورک بریندار‌بوون .چالاکییەکە بەهۆی بۆمبی چێندرا و پێکهات و بریندارەکان رەوانەی نەخۆشخانەی گشتی ئەو شارە کران و دەووترێت، برینی هەندێک لەو پۆلیسانە سەختە.
-کاتژمێر 8:30 خولەکی ئەمشەو چەتەکانی داعش دوو گولە هاوەن ئاراستەی ناو شارەدێ قەرەتەپە دەکەن و لە ئەنجامدا 4 هاووڵاتی بریندار‌بوون.
-گروپێکی زیاتر لە 100 رەگەزپەرستی تورک هێرشیان کردە سەر بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە ئەنکەرە و لە 3 لایەوە سوتاندیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 236
**09-09-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150909144951859999



-هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە سەڵاحەدین دەمیرتاش، وەزیرانی هەدەپە عەلی حەیدەر کونجا و موسلم دوگان، پەرلەمانتارانی هەدەپە و گروپێکی قەرەباڵغ لە هاوڵاتیان بۆ شەرمەزارکردنی تیرۆری دەوڵەتی لە شارۆچکەی جەزیرە و بەستنی کۆبوونەوەی هەفتانەی هەدەپە دەیانەوێت بچنە ئەو شارۆچکەیەوە. شاندەکەی هەدەپە لەسەر رێگای هەزەخێ لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە رێگریان لێکرا.
-بەپێی بەیاننامەیەک کە ئەمڕۆ چوار لە ولایەتی ئامەدەوە دەرچوو، ناوچەکانی (سیلوان) و (قولپ) و (دیجلە) و (لیجا)، وەک چەند ناوچەیەکی سەربازیی تا، یەکی ئایاری 2016، دادەخرێن.
-فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی تورکیا لە کاتژمێر 4:30 خولەکی ئەمڕۆوە دەستیان بە بۆردومانی قەندیل - هەرێمی پاراستنی میدیا کردوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 237
**10-09-2015**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150910103949860012



-بەهۆی تۆبارانی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری جزیرەی باکوری کوردستان، سێ هاوڵاتی گیان لەدەست دەدەن، هەروەها بەهۆی هێرشی پۆلیس بۆسەر پەرلەمانتارانی هەدەپە، هەریەک لە پەرلەمانتار روحا عوسمان بایدەمیر، مەرال دانش، چەندین پەرلەمانتاری تر بریندار بوون.
-لە کانتۆنی عەفرین سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی 31 شارەوانی لە سنووری کانتۆنەکە بەڕووی دەنگدەراندا کرایەوە و خەڵکیش بە پەرۆشەوە بەپیر هەڵبژاردنەکەوە دەچن و وەک بڕیارە تا کاتژمێر 8ی شەو دەنگدانەکە بەردەوام بێت.
-پەرلەمانتاری شاری ئاگری بەهۆی ستەمی سەر گەلی کورد و ئەو شەڕەی دەوڵەتی تورکیا دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و خەڵکی باکووری کوردستانەوە بەرپای کردووە، مانگرتن تا مردنی ڕاگەیاند.
-سوپای تورکیا لەسەر سنور دەستڕێژی گوللە دەکاتە سەر ئەو شۆفێرانەی باکوری کوردستان کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە و شۆفێرێک شەهید دەبێ و چەندین شۆفێری تریش بریندار دەبن.
-بەڕێوەبەری یاریدەدەرێتی ئاسایشی کەلار، سەیوان غازی، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، گوللەیەک بەر سەری کەوتووەو لەبەر سەختی برینەکەشی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە.
-یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆی لە ئاڵۆزییەکانی تورکیا ڕاگەیاندو داواش لە حکومەتی ئەو وڵاتە دەکات کە هێرشەکانی سەر هاوڵاتیانی مەدەنی رابگرێت.
-لە قەزای دورزخورماتوو دەست ڕێژی گولە لە دوو هاوڵاتی کورد دەکرێت، یەکێکیان کوژرا و ئەوتریان برینداربوو.
-دەسەڵاتدارانی تورکیا هەرسێ مەرزی سنووری خۆی (بازرگان، سرۆ، رازی) لەگەڵ ئێران، داخست. هۆکاری بڕیارەکەش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە مەترسیان هەیە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) هیرشیان بکاتە سەر.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 238

**11-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150911100035086021



-هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پاک کردنەوەی ژمارەیەک گوندی باشووری قەزای داقوقی سەربە پارێزگای کەرکوک، ئۆپەراسیۆنێکیان لەدژی گروپە چەتەکانی داعش دەستپێکرد و لە ئەنجامدا 8 گوند کۆنتڕۆڵ کرانەوە کە یەکێکیان تەل رەبیعە بوو. سێ پێشمەرگە شەهید بوون کە یەکێکیان ئەفسەرە، هەروەها 13 پێشمەرگەی تریش برینداربوون.
-بەهۆی تەقینەوەکەی بۆمبێک بە کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری گوندی ئەلبو محەمەد لە قەزای داقوق، محەمەدی حاجی مەحمود و هەشت پاسەوان و پێشمەرگە برینداربوون.
-لە جزیرە هاوڵاتیان قەدەغەکردنی هاتوچۆ و تیرۆری دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد، بەڵام هاوڵاتیان ڕووبەڕوی هێرشی هێزەکانی پۆلیسی

تورک بوونەوە و قەناس بەدەستەکانی تورکیش منداڵی 10 ساڵی بەناوی سەلمان ئاگر شەهید دەکەن.
-ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی سوپای تورکیا سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاند و بەسەر ناوچەکانی هەرێمی پاراستنی میدیا سوڕاونەتەوە و بۆردوومانی دەڤەری بەرواری باڵا و نێرۆوە و ڕێکانیان کردووە.
-لەکوێستانی ئەلێی سەربە بازیدی شاری ئاگری باکوری کوردستان شەڕ و پێکداداان لەنێوان گەریلاکانی هەپەگە و سوپای تورک دەستپێکرد. ڕاگەیەندرا کە سەربازانی تورک دەستڕێژی گوللەیان لەو هاوڵاتیانەکردووە کە بەمەبەستی قەلغانی زیندوو لەو هەرێمەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 239

**12-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015091211462486028



-بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن چەند چیکدارێکی نەناسراوە تەقە لە بارەگای مەڵبەندی 11ی چەمچەماڵی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەن و زیانی ماددی لەبارەگاکە دەدەن.
-لەدژی بەڕێوەبەرایەتی فەرماندەی گمگم چالاکییەک ئەنجامدرا و دوای چالاکییەکەش شەڕ و پێکداداان دەستپێکرد.
-چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرێکی پێشمەرگە لە گوندی گورمزی باکووری تەلەعفەر، بەڵام تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توووند بوون و دوای شەڕێکی سێ کاژێر پاشەکشەیان کرد.
-ئەفسەرێکی پێشمەرگە بەناوی بورهان حەمە ڕەزا کواوایی لە گوندێکی میحوەری داقوقی باشووری کەرکوک شەهید بوو بە هۆی بۆمبی چێندراوی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 240

**13-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015091311394686037



-ئەو کەسانەی لەجزیرە کەلەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی تورکەوە شەهیدکران بەمەراسمێکی جەماوەری بەخاک سپێردران، لەمەراسیمەکەدا دارەمەیتێکی 70 سانتیمەتر بۆ محەمەد ئەو منداڵە تەمەن 35 ڕۆژانە دروست کرا کە جەندرمەی تورک شەهیدی کرد. 16 کەس لەوانەی لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی تورکەوە بە فەرمانی ئەردۆغان لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە جزیرە شەهیدکرابوون بەمەراسیمێکی جەماوری بەشکۆ بەخاک سپێردران.
-لە سنوری داقوقی سەر بە پارێزگای کەرکوک لەلایان ئاسایش و هێزەکانی پێشمەرگەوە ژمارەیەک چەکداری داعش دەستگیر کران کە دەیان ویست دزە بکەنە ناو سنوری ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە.
-لە دەروازەی شرناخ لەدژی بنکەیەکی پۆلیسی تورک چالاکیەک ئەنجامدرا و بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان 2 پۆلیسی تورک کوژراون و 5 پۆلیسیش برینداربوون.
-بەرپرسانی ئیداریی تورکیا بەبیانووی ناجێگیری بارودۆخی ئەمنی، قەدەغەکردنی هاتوچۆیان لە "ناوچەی سور"ی سەر بە شاری ئامەد-یان لە باکووری کوردستان ڕاگەیاند.
-تورکێکی رەگەزپەرست لە بێرنی پایتەختی سویسرا بە ئوتۆبیلەکەیەوە چەند خۆپیشاندەرێکی کورد بەخێرایی دەشێلێت و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدەدات و چەندینی تریش بریندار دەبن.
-حکومەتی تورکیا جارێکی تر خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلی داخست و قەدەغەکردنی هاتووچۆشی لەشاری جزیرە ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 241

**14-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150914094004860 51



-سمکۆ مەحمود وتەبێژی ئاسایشی کەرکوک بەهاوبەشی لەگەڵ لیوا عومەر ساڵح فەرماندەی لیوای 1ی بەرگری فریاکەوتنی کەرکوک لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایانگەیاند: "بەهەوڵی هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک و بە پشت بەست بەزانیاریی هەواڵگری، توانیومانە لەناو شاری کەرکوک و دەورووبەری 45 تیرۆرست دەستگیربکەین."
-تەقینەوەیەک لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و چەندین کوژراو و برینداری لێکەوتەوە. پاشتر راگەیەندرا کە ژمارەی شەهیدەکان 26 و 3یان ئاسایشن.
18 -کوردی ئێزدی لە زیندانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە شاری رقە لە سوریا هەڵاتوون و لە ماوەی 48 کاتژمێردا توانیان خۆیان بگەیەننە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.
-باری نا ئاسایی کە دوێنی لە ناوچەی سوور و فارقینی سەر بە ئامەد ڕاگەیەندرا، هاوڵاتیان بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دۆخی نائاساییە و قەدەغەکردنی هاتوچۆیە بهێنن، لە دوێنێ وە لە چالاکیدا بوون. لە لایەکی تریشەوە هەر یەکە لە هەدەپە و دەتەپە لەسەر هەمان مژار لەگەڵ پارێزگار و قایمقامی فارقین لە پەیوەندی دا بوون و هاتنە لای یەک. لە ئەنجامدا قەدەغەی هاتوچۆ ئەمڕۆ کۆتایی پێی هێنرا.
-لە درێژەی فشارەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد لە باکوری

کوردستان، ئێوارەی ئەمڕۆ، دەزگای رادیۆ و تەلەفیزۆنی باڵای تورکیا بڕیاری داخستنی کەناڵی ئاسمانی (GUN TV) دا.
-شەر و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا لە شارۆچکەی گەڤەری سەر بە پارێزگای جۆلەمێرگ دەستیپێکرد و هەردوولا بە تووندی رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 242

**15-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015091500401586060



-بەپێی هەواڵێکی کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمەریکی، پشتبەست بە کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، تانکە ڕووسیەکان گەیشتونەتە بارەگای هەوایی شاری (لازقیە)ی سوریا، بەپێی هەواڵەکە حەوت تانکی ڕووسی جۆری (T- 90) لەگەڵ چەند تۆپی دوورهاوێژ لە بارەگاکە بینراون.
-فەرمانبەرانی دادگای سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە دەستیان بەمانگرتن کردو دەوامەکانیان راگرت.
-کاتژمێر 11 ی پێش نیوەڕۆ تەقینەوەیەک لە گەڕەکی سەباحی قەزای مشێخی سەربە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و شەهید و بریندار لێکەوتەوە.
-لە باکوری کوردستان، لەسەر ڕێگای نێوان موش- ئامەد لە کاتی تێپەڕبوونی بوونی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورک تەقینەوەیەک ڕوویدا، لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک بریندار بوون.
-لەسەر رێگەی کەلار- سلێمانی، رووداوێکی هاتووچۆ روویدا، رووداوەکەش بەهۆی کەوتنە خوارەوەی بەکرەی کەیبڵی کارەبوە بووە لە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگردا، لە ئەنجامدا چوار هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا کە سیانیان خوشکی یەکتربوون.
-کاتژمێر 5 لە نزیک (پردی جوانان) کە 30 کم دووری شاری وان – جولەمێرەگە، لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبیلی زریپۆش دا تەقینەوەیەک روویدا. لە تەقینەوەکەدا دوو پۆلیس کوژراون و دووانی تریش بریندار بوون کە یەکێکیان برینەکەی سەختە.
-لە گەڕەکی مەمانی شارۆچکەی تەکمانی سەر بە پارێزگای ئەرزروم 3 گەریلای هەپەگە لەناو ئۆتۆمبێلێکدا لەلایەن پۆلیسی تورکەوە دەستبەسەر کران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 243

**16-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150916001640860

-کاتژمێر پێنج بەکاتی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوی کورد (ڕەئوفی حەسەنی) لەگرتووخانەی ناوەندی شاری سنە لە سێدارەدرا.
-لە یەکێک لە باڵەخانەکانی نێو شاری هەولێر، کرێکارێک لە کاتی کارکردن لە باڵەخانەیەک دەکەوێتە خوارەوە و دەست بەجێ گیان لەدەست دەدات.
-لە ڕۆژی جیهانی پاراستنی چینی ئۆزۆن و بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی خاوێنکردنەوە، شارەوانی سلێمانی هەڵمەتێکی خاوێنکردنەوەی دەستپێکرد و کەمپینەکە هەتا ڕۆژی جەژن بەردەوامدەبێت.
-ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە، دەربارەی چالاکیەکانی هەپەگە و یەژا ستار لە باکوری کوردستان لە بارامبەر سوپاری تورکیا لێدوانێکی دا. هەپەگە ئاشکرایکرد لە ئەنجامی چالاکیەکاندا 25 سەرباز و 4 پۆلیس کوژراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 244

**17-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150917111543860



-لە هەرێمی کولانی ناوچەی گمگمی سەر بە پارێزگای موش، گۆرستانەکانی شەهید ئیسماعیل و شەهید روناهی و دەوروبەری لە کاتژمێر 03:00ی ئەمشەوەوە تا ئێستا لەلایەن هەلیکۆپتەرەکانی تورکیاوە بۆردومان دەکرێن.
-شەوی رابردوو بۆ ماوەی سەعاتێک پێشمەرگەکانی دێموکرات دوو گەڕەکی شنۆ کۆنترۆڵ دەکەن و بە بڵاوکردنەوەی سرودی نیشتیمانیی ئەی رەقیب دەبن بە مایەی خۆشحاڵی خەڵک.
-ژمارەیەک چالاکڤان و هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان بە نوێنەرایەتی سەرجەم چین و توێژەکان لە هەڵەبجە (پایتەختی ئاشتی) هاتوون، لە بەردەم هۆڵی سەعد عەبدوڵڵای شاری هەولێر گردبوونەتەوە و داوای سازان لە لایەنەکان دەکەن.
-نەمسا ناوی ئەو هاوڵاتیانەی بڵاوکردەوە کە لەناو بارهەڵگرێکدا مانگی 8ی ئەمساڵ بەخنکاوی دۆزرانەوە و 16 هاوڵاتی کورد لەنێو قوربانیەکاندایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 245

**18-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150918130629651



-لەشاری سلێمانی مەراسیمێک بۆ 10یەمین ساڵیادی کۆچی دوای هونەرمەندی گەورەی کورد مەرزیە فەریقی بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی شار و بەئامادەبوونی ژمارەیەک هونەرمەند و کەسوکاری ناوبراو جیاوازتر لەساڵانی رابردوو بەڕێوەچوو.
-فرۆکەکانی تورکیا بۆردومانی بارەگاکانی "پەکەکە" یان لە گوندەکانی "ئەڤلا، پیربلی و کەلکێ" سەر بە شاردێی زارکا دەستپێکرد.
-لەهەرێمی زاگە لەسەر ڕێگەی پلەموور کە دەکەوێتە نێوان پارێزگای دێرسیم و شاری ئەرزنجانی باکووری کوردستان لەچالاکییەکدا گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی هەدەپەگە ئەفسەرێکی سوپای تورک دەستگیردەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 246

**19-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150919140356860687



-کۆچی دوایی هونەرمەند دالیا ئەحمەد لە ئەڵمانیا.
-ڕێگای نێوان شارۆچکەی چالێی پارێزگای جۆلەمێرگی باکوری کوردستان و شاری شرناخ، بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گەریلاکانی هەپەگە.
-نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا رایدەگەیەنێت، ئەو 71 کەسەی لەناو بارهەڵگرێک لە نەمسا خنکان، 21 یان خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون، ئەمڕۆ، تەرمی چوار لەو کوردانە دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.
-تەرمی چوار لەو گەنجانەی کە لە بارهەڵگرێکدا لە وڵاتی نەمسا خنکابوون لەگۆڕستانی کەلەکن لەشاری سلێمانی بەخاک سپێردران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 247

**20-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150920090356860695

-کۆنگرەی کۆنگرەی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) لە شارۆچکەی رمێلا لە رۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد.
-لە شەقامی قودسی شاری کەرکوک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لەدادوەری دادگای تاوانەکانی شاری کەرکوک کراو لە ئەنجامدا خۆی و سێ لە پاسەوانەکانی کوژران. سەرۆکی دادگای شەرعی کەرکوک ناوی (ئیبراهیم خەمیس)ە و لە نەتەوەی عەرەبە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 248

**21-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150921103437700091

-لە شاری هەولێر بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئاشتیەوە ماراسۆنێک ئەنجام دەدرێت.
-فەرماندەیی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال یەبەشە دەربارە چالاکیەکان کە دوێنی لە شەنگال ئەنجامدرا لێدوانێکی نوسراوی بڵاوکردەوە. یەبەشە لە لێدوانەکەیدا رایگەیاند: ئەمرۆ چەتە ویستیان هێرش بکەنە سەر گردی شەهید ئەردال، هەستمان بەو هێرشە کردبوو، بە چەک رووبەرووی چەتەکان بوینەوە و لە ئەنجامدا چەتەیەک کوژرا و دوانیشیان رایانکرد. هەروەها لە دەوروبەری گەڕەکی ستتی، بەرامبەر چەتەکانی داعش چالاکیەکی نیشانە گر (قەناس) ئەنجامدرا و لە ئەنجامدا چەتەیەکی تر کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 249

**22-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150922103308609 8



-عەلی حەیدەر کۆنجا، وەزیری کاروباری یەکێتی ئەوروپا و موسلیم دۆغان، وەزیری پەرەپێدان هەردوو وەزیرانی هەدەپە لە حکومەتە کاتییەکەی تورکیا دەستیان لەکارکێشایەوە.
-سەر لە ئێوارەی ئەمرۆ لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بە دروشمی (نا بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی) بە دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان و پاڵپشتی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان (رەژاک) ڕێپێوانێکی نارەزای لە بەردەم قوتابخانەی (شەهید ئارام)ەوە بۆ ناو بازاڕی گشتی کەلار ئەنجامدرا.
-لە شاری سنە 110 کەس بەتۆمەتی، سیاسی، دژایەتی لەگەڵ خودا، کوشتن، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و هەڵگرتن و وەرگرتنی ماددەی هۆشبەر سزای لەسێدارەدانیان بۆ پرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 250

**23-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150923121242286108

) -هەپەگە) باڵی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان رایگەیاند، هێزەکانیان توانیان فڕۆکەیەکی هێلیکۆپتەری سوپای تورکیا لە نزیک سنورەکانی عیراق بخەنەخوارەوە.
-محەمەد عوسمان، پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکێتی بە خەندانی راگەیاند: "شەوی رابردوو لە گوندی تۆمار و گورگانی ناحیەی شوانی سەر بە شاری کەرکوک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللەم لێکراو لە ئەنجامدا کورێکم بریندار بوو."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 251

**24-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015092408372486112



-لە کۆمەڵگەی گەرمیانی سەر بە شارۆچکەی داقوق بە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، شەڕ لە نێوان دوو خێزانی کورد و عەرەب دروست بوو، بەو هۆیەشەوە هاوڵاتییەکی کورد کوژا، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارۆچکەکەش رایدەگەیەنێت، تاوانبارەکان دەستگیرکراون.
-فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای ئەڵمانیا رایگەیاند، فەرماندەی یەکەی راهێنەرانی ئەڵمانیا کە ئەرکی راهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەی لە ئەستۆدا بوو، دوێنێ چوار شەممە لە یەکێک لە ئوتێلەکانی شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان، بە مردویی دۆزرایەوە.
-چالاکی قەلغانی زیندوو لەچیای جودی لەدژی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورک لەلایەن هاوڵاتیانی شرناخ و جزیرە و گوندەکانی دەوروبەری دەستپێکردوە. ئایجان ئیرمەز پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لەکاتی گەرانەوەی لە چالاکییەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لەچالاکوانان لەلایەن سەربازانی تورک دەستبەسەرکران.
-لە شاری مەککە بەهۆی ئاپۆرای حاجییانەوە سەدان کەس مردن، لەوانە 6 کەسیان خەڵکی مەهابادن یەکێکیش لورستانی و دەیان حاجیی کوردیش بێسەروشوێن بوون.
-لە کامپی ماملیانی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێ لەنێوان هاوڵاتیانی موسڵمان و ئێزیدی شەڕ روویدا. سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت کە هاوڵاتیەک لەو شەڕەدا گیانی لەدەستداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 252

**25-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015092512103686115



-ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە بۆردمانی مۆڵگەکانی داعشیان کرد لە گوندێکی میحوەری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک، بەو هۆیشەوە ژمارەیەک چەکداری داعش کوژران وبریندار بوون.
-شەوی ڕابردوو هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە لەناوچەی ئەلکێی سەربە شرناخ چالاکیەیان بەچەکی ڕۆکێت ئەنجامدا و پاشانیش شەڕ وپێکدادان هاتەئاراوە.
-فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا، بۆردومانی چەند ناوچەیەکی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێیان لە سنوری پارێزگای دهۆک دەستپێکردووە.
-پانزەهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەشاری برۆکسلی پایتەختی بەلژیکا دەستی بەکارەکانی کرد کە بڕیارە ماوەی سێ ڕۆژ بخایەنێت، کۆنگرەکەش 240 ئەندام لەخۆدەگرێت و 45 حزب و ژمارەیەک چاودێر بەشدارن تیایدا. شایانی باسە تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشوور بەشداریی کۆنگرەکەی نەکرد.
-گەریلاکانی هەپەگە و یەژا-ستار لە هەرێمی حەفتانین ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا، فڕۆکەیەکی سیخوری سوپای تورک-یان بە ناوی (بایراکتار) خستووەتە خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 253

**26-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150926120953670 70

-فەرماندەی لیوای چواری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەنگال ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ بەهۆی بۆردومانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، دوو پێشمەرگە شەهید بوون و حەوت پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون.
-بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، لە گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب شەڕ و پێکدادان لەنێوان شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و چەتەکانی بەرەی ئەلنوسرە و گروپەکانی دیکە سەربەئەوان بەناوی ئەحرار ئەلشام و تابوری نورەدین ئەلزەنگی ڕوویداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 254

**27-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150927212529861 36

-لە ئەنجامی بۆردومانی شەوی ڕابردووی فڕۆکەی جەنگییەکانی تورکیا کارەبای سێ گوند لە دەڤەری بەراوری باڵای سەر بە ناحیەی کانی ماسی لە دەڤەری ئامێدی پڕاوە.
-دوای ئەوەی ئێوارەی ئەمڕۆ لە بسمیل قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا، پۆلیس قەتڵ و عامی ئەنجام دا، لە گەڕەکی ئاڤاشین پۆلیسی تورک هاوڵاتیانیان گولە باران کرد و بۆمبیان هاویشتە ماڵان، منداڵێکی 8 ساڵی بەناوی (ئەلیف شیمشەک) ژیانی لەدەست دا و لە هەمان خێزان 5 کەسیش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 255

**28-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015092813505986139

-تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو کە کاروانێکی سوپای تورکیای کردە ئامانج، بووە مایەی کوژران و برینداربوونی 20 سەربازی سوپای تورکیا.
-چەتەکانی ئەل-نوسرا، ئەهرار ئەل-شام، تەڤگەری نورەدین ئەل- زەنکی و لیوای سوڵتان موراد، جارێکی تر بە هاوەن هێرشیان کردە سەر گەڕەکی شیخ مەقسوودی کوردنشین لە شاری حەلەب. چەتەکان بە تۆپبارانی شوێنی مەدەنی دەستیان بەسەر گەڕەکی ئارمانجیان دا گرت و چەکی گەورەشیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێنا.
-لەئامەد پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر دەزگای راگەیاندنی ئاژانسی هەواڵی دیجلە دیها، ئازادیا وڵات و کوردی دەر و بەگوێرەی زانیارییەکان تا ئیستا 32 رۆژنامەنوس لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 256

**29-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015092912462067606



-کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی ئەمرۆوە تۆپخانەکانی سوپای تورک لە سەربازگەکانی چەلێ لەودیوی باکووری کوردستانەوە، گوندەکانی زەلێ، کۆکە، بیوە، هیتیتێ و شێنیێی سەربە هەرێمی ئاواشین لەسەر سنووری باشووری کوردستان تۆپباران دەکەن.
-پۆلیسی تورک، بە فیشەک و بۆمبی گازی هێرشی کردە سەر هاوڵاتیان و بەوهۆیەوە لە پارکی خەلیل ئیبراهیم ئۆرچو، منداڵێک بە ناوی بەرات گوزەل شەهیدبوو.
-هێزەکانی دەوڵەتی تورک جارێکی تر هێرشیانکردە سەر گۆرستانی شەهیدانی گەریلا لە باکوری کوردستان، ئەمجارەیان هێزی تایبەت و سەربازان سەرلەبەیانی ئەمرۆ، هێرشیانکردە سەر گۆرستانی خەرزان لە سەر ڕێگای هەرێمی بەدلیس – خیزان و بە حەفارەوە و شۆفڵ گۆرستانەکەیان تێکدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 257

**30-09-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150930150823861



-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ئۆپەراسیۆنێکی بۆ گرتنەوەی چەند گوندێک لە رۆژئاوای کەرکوک دەستپێکرد. لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەمڕۆدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان 12 شەهید و 29 بریندار هەیە. هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی گوندەکانی (مەنسوریە، سەدە، کواس عەرەب، کواس کورد، محەمەد خلیل، غەڕا، گوێبە)ی ئازاد بکات.

-بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، زیاتر لە 250 چەکداری کورد لە ریزەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون، تەئکیدیشی لەسەر کەمبوونەوەی بوونی چەکدارانی کورد لەنێو ئەو رێکخراوەدا کردەوە.

-ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە، لە لێدوانێکدا ئاشکرایکرد کە گەریلاکان لە ناوچەی گەلی دۆسکی چالاکیان ئەنجامداوە و لە چالاکیەکەدا زیاتر لە 30 سەربازی دەوڵەتی تورک کوژراون.

-ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خورماتوو لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە دوو هاوڵاتی کراو هەردوو هاوڵاتییەکەش کوژران.

-لە سایتەکانی نزیک بەتیرۆرستانی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆی بڵاوکرایەوە کە تیایدا ئەو تیرۆرستانە ژمارەیەک پێشمەرگەی دیل بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە شەهید دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد: 

---

بابەتی ژمارە: 258

**01-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100112392186178

-وەک نارەزاییەک بەرامبەر وەرگرتنی پری هەزار دینار بۆ چاککردنی ڕێگاوبانەکان، ژمارەیەک لە شۆفێری ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی ڕێگای سەرەکی نێوان (کەلار- دەربەندیخان)یان داخست.

-ناوەندی راگەیاندی چاپەمەنی هەپەگە لەبارەی جموجۆڵ و چالاکیەکانی گەریلاکانی هەپەگە و یەژا-ستار لە دوو ڕۆژی رابردوودا، لێدوانێکی نوسراوی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاندووە: 24 سەربازی تورک، 27 ئەندامی تیمی تایبەت و 2 پۆلیسی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کوژراوون.

-چەکدارانی رێکخراوی تیرۆیستی داعش لە رۆژئاوای شاری کەرکوک هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگەو بە توندی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەرپەرچ درانەوە.

-لە ناوچەی قرقەلی سەربەشاری وان سەربازانی تورک بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش هێرشیان کردە سەر گەرەکی تەپەدامێ و لە ئەنجامدا دوو گەریلا شەهیدبوو، سێ هاولاتیش بریندابوون یەک لەوانە منداڵە.

کویک ریسپۆنس کۆد: 

---

بابەتی ژمارە: 259

**02-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100221203386193



-کاتژمێر 4ی پاشنوەڕۆی ئەمڕۆ، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە لە میحوەری شنگال، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بە توندی وەڵامی داعشیان دایەوە هێرشەکەیان تێکشکاند.
-پاش ئەوەی والی شاری ئامەد قەدەغەی هاتووچۆی لەناوچەی فارقین ڕیاگەیاند، پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و لەئەنجامدا دوو کەسی مەدەنی شەهیدبوون و حەوت کەسی تریش بریندداربوون، تا ئێستاش هێرشەکە بەدژواری بەردەوامە.
-پیاوێک تەقەی لەکچێک کرد لەپارکی دایکی سلێمانی کە نزیکە لەناوەندی شارەکەوە و بەسەختی بریندداربوە و دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 260

**03-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100312372586205



-بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە، بەشێک لە مامۆستایانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، مامۆستایانیش رایدەگەینین، ئەگەر حکومەت موچەی مامۆستایان دابەش نەکات، لە خۆپیشاندان بەردەوام دەبن.
-دەستەی بەڕێوەبردنی کەناڵی (پەیام)ی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک، داخستنی کەناڵەکەی راگەیاند.
-با و بۆرانێکی بەهێز باشووری کوردستانی گرتەوە، هێزی پێشمەرگە لە ئامادەباشیی تەواودا بوون بۆ خراپەکارهێنانی ئەو کەشوهەوایە لەلایەن داعشەوە. بۆرانەکە زیانی مادیی لێکەوتەوە، یەک لە زیانەکان شکانی دارە بەناوبانگەکەی قەرەداغ بوو بەناوی دارەزەرد لە نزیگ گوندی جافەران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 261

**04-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100414575866903



-کارمەندان و فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە لە بەرانبەر دواکەوتنی مووچەکانیان بایکۆتی دەوامیان کرد و راشیدەگەیەنن تا مووچەکانیان وەرنەگرن دەوام ناکەن.
-فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ و بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی چەمچەماڵ مانیانگرت.
-بەهۆی هەڵکردنی شەپۆلێکی خۆڵبارینی چڕ لە هەردوو پارێزگای کرماشان و ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان کاربەدەستانی ئەو دوو پارێزگایە باری نائاساییان راگەیاند، بە گوێرەی پێشبینیە کەشناسیەکانی هەرێمیش ئەو شەپۆلە خۆڵبارینە ڕوو لە باشوری کوردستانیش دەکات.
-لە قەزای خورماتوو یەکەم حاڵەتی توشبوون بە نەخۆشی کۆلێرا تۆمارکرا، بە مەبەستی چارەسەرکردنیشی، نەخۆشەکە رەوانەی شاری بەغدا کرا.
-فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا و تۆپخانەکانی سوپای ئەو وڵاتە، چەند ناوچەیەکی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵا بۆردومان دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 262

**05-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100517582786227



-لە زۆربەی شار و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان، بەهۆی نەبوونی موچە بۆ ماوەی زۆرتر لە 3 مانگ بایکۆتی خوێندن و کارکردن کرا.
-هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە لە ناوچەی شەمزینانی سەربە شاری گەڤەر هەڵمەتێکی سەربازی نوێ دەستپێدەکەن و لەیەکەم چالاکیشدا 18 ئەندامی تیمی تایبەتی تورک کوژران.
-لە شاری قامیشلۆ ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 7:40 تەقینەوەیەک روویدا، تەقینەوەکە کوژرا و برینداری لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 263

**06-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015100608415857458



-لە بەیاننامەیەکدا لقی هەڵەبجەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بۆ ماوەی یەک هەفتە لە هەر چوار پەروەردەکەی هەڵەبجە، سەیدسادق، شارەزوور و پێنجوێن بایکۆتی دەوام دەکرێت.
-لە سەر دوو کەیسی جیاواز کە هەردووکیان پەیوەندییان بە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە هەیە دەزگای ئاسایشی پارتی کرێکارانی کوردستان سێ کەسی دانیشتووی گوندی زارگەلی بناری قەندیل-یان دەستگیرکرد.
-بەشێکی زۆری مامۆستایان و فەرمانبەرانی سنووری کۆیە و ناحیەی تەق تەق خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان ئەنجامدا و ڕێگای گشتی کێڵگەی نەوتی شیواشۆکیان داخست.
-نزیکەی 25 پەرلەمانتار دژی بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان مانگرتنیان ڕاگەیاندووە و داوادەکەن دانیشتنی پەرلەمان تایبەت بکرێت بەقەیران و خۆپیشاندانەکانی ئێستای فەرمانبەران و مامۆستایان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 264

**07-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151007121608624 8



-بەشێک لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی شاری هەولێر لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.
-بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە، مامۆستایانی شارەدێی شیلادزێ-ی سەر بە پارێزگای دهۆک بایکۆتی دەوامیانکرد و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.
-دوای ئەوەی هەندێک لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند، ئەمڕۆ ژمارەیەک مووشەکیان بینیووە کە بەئاسمانی هەرێمدا تێپەڕیوون، وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ 26 مووشەکیان لەدەریای قەزوینەوە ئاراستەی پێگە و حەشارگەکانی داعش لەسوریا کردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 265

**08-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151008103807862 61



-جێگری بەرپرسی میحوەری گوێر- مەخموور رایگەیاند، لە دوو رۆژی رابردوودا 40 کەس لەژێر دەسەڵاتی داعشەوە هەڵاتوون بۆنێو سنووری پێشمەرگە لە باشووری کوردستان.
-کۆبوونەوەی 5 قۆڵی لە شاری جوان لە سلێمانی دەستپێکرد و هاووڵاتیان لەبەردەم شوێنی کۆبوونەوەکە خۆپیشاندانیان کرد و توندوتیژیی لێکەوتەوە و نزیکەی 15 کەس بەهۆی بەردهاویشتن و گازی فرمێسکڕێژ بریندداربوون.
-خۆپیشاندانی فەرمانبەران و مامۆستایان لەشاری هەولێر بەردەوامی هەیە و ئەمڕۆش جارێکی دیکە فەرمانبەرانی چەند وەزارەتێک مانگرتنیان لەدژی دواکەوتنی موچەکانیان ڕاگەیاند.
-چەتەکانی ئەلنوسرە و هاوکارەکانی بەردەوامن لە هێرشەکانیان بۆسەر گەڕەکی شێخ مەقسودی کوردنشینی شاری حەلەب، ئەمڕۆش جارێکی تر لە نێوان شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە بەرامبەر چەتەکان پێکدادان ڕوویدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 266

**09-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151009141342862 67



-کاتژمێر 01:30ی شەوی رابردوو پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەر گەڕەکی یەشیلدەری شاری گەڤەری سەر بە جۆلەمێرگ و لە ئەنجامی هێرشەکەدا مێرمنداڵێکی 17 ساڵان بەناوی ئادام سەڤینچ گیانی لەدەستدا.
-دوێنێ شەو نزیک کاتژمێر 1ی شەو لە ناحیەی دەرکار سەر بە قەزای زاخو لە لایەن هێزێکی دەمامکدارەوە پەلاماری چالاکوانێکی گەنجان وهاوسەرەکەی دەدرێت.مێڤان بەروشکی ئەندامی رێکخراوی هەڤپەرژراندنا جڤاکی، کە هاوکات یارزیانی کونفویە، لە مالەکەی خۆیدا لەلایەن 4 کەسی دەمامکدار و پێلاو عەسکەری پەلاماردەدرێت وبە داری کارەبایی لە خوی دەدرێت و لە کاتی هەولی هاوسەرەکەی بو رزگار کردنی مێڤان خیزانەکەشی پەلاماردەدرێت وبریندار دەکرێت.
-لە ئەنجامی خۆپیشاندانێک لە قەڵادزێ، توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە و لە بارەگایەکی پارتییەوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت و گەنجێکی 21 ساڵە بەناوی محەمەد رەسوڵ عەلی گیان لەدەستدەدات و 4 کەسی تریش برینداردەبن کە یەکێکیان سەرۆکی پۆلیسی قەڵادزێیە. پاشان بۆ جارێکی تر ناوچەی پارتی تەقەی لە خۆپیشاندەران کردەوە و کەسێکی تر بەناوی محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد گیانی لەدەستدا و ژمارەی برینداارانیش گەیشتە 18 کەس،
-لە شارەدێیەکانی سەنگەسەر و ژاراوەش وەک پاڵپشتی بۆ خۆپیشاندەرانی قەڵادزێ خۆپیشاندان کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 267

**10-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151010101915862 73



-بایکۆتی مامۆستایانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بۆ نۆیەمین رۆژ بەردەوامە و لەچەند شوێنێک گردبونەوەیان ئەنجامداوە.
-لە شارۆچکەی کەلار و سەیدسادق خۆپیشاندان دەستپێکرد و خۆپیشاندانەکە گرژی لێکەوتەوە، سەرچاوەکان رایدەگەیەنن کە بریندارى لێکەوتۆتەوە. پاشتر لە شاری کەلار دووان لە بریندارەکان شەهید بوون.
-لە سەرای سلێمانی خۆپیشاندن دەستپێکرد و هاوڵاتیان داوای پێدانی مووچە و کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکان و ئەنجامدانی چاکسازیی لە حکومەت دەکەن.
-کاتژمێر 10:00ی بەیانی لەناو گردبوونەی جەماوەری لە شاری ئەنقەرەی پایەتختی تورکیا دوو تەقینەوە لە یەک کات روویاندا، لە ئەنجامی تەقینەوەکاندا زیاتر لە 70 کەس گیانیان لە دەستداو نزیکەی 250 کەسیش بریندار بوون. سەرچاوەکان رایانگەیاند کە زۆرینەی قوربانییەکان یان کوردن یاخود هەواداری چارەسەری کێشەی کوردن.
-کەجەکە بریاری وەستاندنی چالاکییەکانیدا.
-لەشاری سلێمانی هێرشکرایە سەر ئۆفیسی سەرەکی کەناڵی رووداو کراو لە ئەنجامدا بەشی دەرەوەی بیناکە زیانی پێگەیەندرا، بەڵام دواتر هێزە ئەمنیەکان گەیشتنە ئۆفیسی کەناڵی رووداو و بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵکرد.
-هێزێکی ئاسایش سەرجەم کارمەندان و رۆژنامەنوسانی ئۆفیسی هەولێری کەناڵیKNN ی لەشاری هەولێر دەستگیرکرد.
-کەناڵیNRT ، بڵاویکردەوە، ئاسایشی هەولێر سەرجەم کارماندەکانی ئۆفیسی کەناڵەکامانی لەو شارە دەستگیرکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 268

**11-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151011120406862 89

-تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک داخرا، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمیش ڕایدەگەیەنێت، لەو بریارە بێئاگان.
-لە شارەزور لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە ئاڵای لایەنە سیاسیەکان هێنرانە خوارەوە.
-شەوی رابردوو ئاسایشی پارتی لە شارۆچکەی سۆران، نووسینگەی کەناڵی (کەی ئێن ئێن) دادەخات و کارمەند و پەیامنێرەکانیش ئاگاداردەکاتەوە کەلە زووترین کاتدا ئەو شارە جێبهێڵن.
-فازیل بەشارەتی، لێپرسراوی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا رایگەیاند "ئەوانەی هێرشیانکردۆتە سەر بارەگاکانمان دەستیان بەشانە زەردەواڵەدا کردوە و دەبێت ئامادەبن بۆ گەزین."
-لە سنوری شارۆچکەی دوکان و لە شارەدێیەکانی پیرەمەگرون و خەلەکان و بنگرد، بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان رادەستی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کران.
-لە شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.
-راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، دەسەڵاتدارانی سلێمانی

به پلەی یەک بەرپرسن لە شکستیان لە پاراستنی بارەگا و ئەندامانی پارتی.
-زانکۆی کۆیە بەبۆنەی دامەزراندنییەوە دکتۆرای فەخری بە سەرۆک مام جەلال بەخشی.
-بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی رایدەگەیێت، بزوتنەوەی گۆران پابەند نەبووە بە رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت و چیدیکە وەزیرەکانی گۆران بەشێک نین لە حکومەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 269

**12-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151012084017863O6



-شەوی رابردوو چەکدارانی داعش بەهێزێکی زۆرەوە لە گوندی بارێی سەر بە شارۆچکەی شەنگال هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی گەریلاکانی پەکەکە و یەپەگە، بەو هۆیەشەوە سێ گەریلاش شەهید بوون.
-سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە بازگەی پردێ - هەولێر رێگەی چوونە ژوورەوەی لێگیرا.
-دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو کاربەدەستانی زیندانی شاری ورمێ هەشت بەندکراوی کوردیان بۆ زیندانی تاکەکەسی گواستەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سزای لەسێدارەدان بەسەر هەر هەشتیاندا جێبەجێکرا. ئەوانە بە تاوانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر گیرابوون.
-پارتی رێگری لە فەرمانبەران و پلەدارانی بزووتنەوەی گۆران کرد بچنە ناو وەزارەتی پێشمەرگەوە.
-لە ماوەی دوو رۆژی رابردووی خۆپیشاندانەکان لە سنووری دەڤەری راپەڕین، 3 هاوڵاتی شەهید بوون و 51 کەسیش لە هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران بریندا بوون و لەلایەن خۆپیشاندەرانیشەوە چوار بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان سوتێنراون و 4 بارەگای تری پارتی و گۆران و یەکگرتوو بەردباران کراون.
-تیمی کەناڵی کوردسات نیوز لە بازگەی پردێ - هەولێر لەلایەن چەکدارانی بازگەکەوە سووکایەتییان پێکرا و تەقەیان بەسەرداکرا.
-سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی، هەڵەیەکی مێژووی سیاسی زۆر مەترسیدارە.
-مامۆستایان لەسەر شەقام مووچەیان وەرگرت.
-هێزێکی هاوبەش لە سوپای عیراق و پێشمەرگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەمەبەستی رزگارکردنی نەینەوا و شاری موسڵ پێکهێنرا و بارەگاکەیان لە قەزای مەخموور دەبێت، بڕیاریشە تا 10 رۆژی تر تەواوی فەوجەکان بگەنە بارەگاکە بۆ خۆئامادەکردن.
-بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک رایدەگەیەنێت، لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا هەشت چەکداری داعش-مان دەستگیرکردووە کە چواریان خۆیان رادەستی پێشمەرگە کردووەو چواریان دەستگیرکراون.
-بەڕێوەبەرێتی تەندروستی کەرکوک رایگەیاند هیچ حاڵەتێکی کۆلێرا لەنێو دانیشتوانی کەرکوکدا تۆمار نەکراوە و ئەوانەی لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا لە کەرکوک چارەسەرکراون، خەڵکی پارێزگاکانی تری عیراق بوون.

-سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە قەزای سۆران، دوو ئەندامی ڕەژاک بە ناوەکانی (زەینەب گەرمیانی و گەیلان محەمەد) لەلایەن پاراستنی پارتی دەست بەسەر دەکرێن، لە پاش 4 کاتژمێر لە بازگەی تاراوە لە دۆڵی باڵیسان سنور بەدەریان دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 270

**13-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015101320164786318




-ڕەوشی باشووری کوردستان بە بەراورد بە ڕۆژانی داهاتوو ئارامترە. کۆمەڵێک کۆبوونەوەی دووقۆڵی و سێقۆڵی لەنیوان لایەنەکاندا بۆ باشترکردنی ڕەوشەکە بەڕێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 271

**14-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015101408364686326




-مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانی بەردەوامن لە مانگرتن.

-وەفدێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی 27 وڵات کۆبووەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە ڕایگەیاند، نوێنەری ئەو وڵاتانە ئاماژەیان بەوەکرد کە هەرێمی کوردستان لای ئەوان ناوبانگێکی باشی پەیدا کردووە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە کاریگەریی نێگەتیڤیا لەسەر ئەو ناوبانگە دروست دەکات.

-مەسعود بارزانی پێشوازی لە وەفدێکی هاوبەشی کۆماریخوازەکانی هەر دوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانی ئەمریکا کرد و بارودۆخی هەرێمی کوردستان و شەڕی داعشیان تاوتوێ کرد و ڕایگەیاند، کێشەی سیاسی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێت و کاریگەری لەسەر ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان نابێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 272

**15-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151015123145863355

-ئەمڕۆش بۆجارێکی دیکە مامۆستایانی سنوری قەزای شارەزوور و سەیدسادق، هەڵەبجە و سلێمانی دەستیان بە ئەنجامدانی گردبونەوە و ناڕەزایەتیەکانیان کردەوە ئاماژە بەوەش دەکەن پابەندی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە نابین بە شکاندنی بایکۆتەکەمان.
-ئەنجومەنی باڵای رادیۆ و تەلەفزیۆن لە تورکیا RTÜK هۆشداریدا لەداخستنی ژمارەیەک کەناڵی میدیای سەربەخۆ و نەیاری پارتی دادوگەشەپێدان و بەبڕیارێکی نایاسایی وەسفکرد.
-لەراگەیەندراوێکدا سەرۆک زانکۆکانی کوردستان رایدەگەیەنێت، وێرای پشتگیرمان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران، بەڵام ئێمە لە سەرۆکایەتی زانکۆکان داوا لە فەرمانبەران دەکەین بگەڕێنەوە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و دەست بکەنەوە بە دەوامی ئاسایی خۆیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 273

**16-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151016164747863338

-داگیرکەری تورک قەدەغەی هاتوچۆی خستەسەر ناوچەکانی هێنێ و لیجەی سەربە شاری ئامەد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 274

**17-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151017144741863344



-بایکۆتی مامۆستایان لە هەردوو پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە بەردەوامە.
-لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، فڕۆکەیەکی بێفرۆکەوانی رێکخراوی تیرۆرستیی داعش خرایە خوارەوە.
-دوای ئەوەی ساڵی پار، دۆسییەیەک لەسەر بروسک نوری شاوێس کرایەوە، بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکانی عێراق لەچەند رۆژی رابردوودا دادگای بەغدا بەغیابی و "بەتاوانی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی"، بڕیاری 25 ساڵ زیندانی بۆ ناوبراو دەرکردووە.
-شەوی ڕابردوو گەریلاکانی هەپەگە و یەژا ـ ستار لە دژی کاروانێکی سەربازی هێزەکانی دەوڵەتی تورک کە لە ناوچەی شەمزینانەوە دەگەڕانەوە کرانە ئامانجی چالاکیەکە و لەئەنجام دا ئوتوبێلێکی سەربازی بەتەواوی لەناو براو گورزیش لە زرێپۆشێک درا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 275

**18-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151018132606863 52



-لە گەڕەکی حەی قادسییەی شاری کەرکوک، چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقەیان لە فائز عەبدولواحید، بەڕێوبەری هۆبەی لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەسپاکی شاری کەرکوک کرد لە کاتێکدا کە دەچوو بۆ دەوام و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.
-وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری عیراق، لە راگەیەندراوێکدا، رایگەیاند: "دادگای لێکۆڵینەوەی ناوەندی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ مەلاس عەبدولکەریم کەسنەزانی، وەزیری بازرگانی و برایەکی دەرکرد.
-لە رۆژئاوای کوردستان یەکەمین رادیۆی ژنی سەربەخۆ کرایەوە.
-هاوشێوەی رۆژانی پێشوو ئەمڕۆش مامۆستایانی پارێزگای سلێمانی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد، دژی دواکەوتنی مووچەکانیان. پاشان دواتر بڕیاریاندا کە بایکۆتەکەیان هەڵبپەسێرن و لە سبەینێوە خوێندن لە پارێزگای سلێمانی دەستپێبکاتەوە.
-سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە لەئێستادا بۆ چارەسەر لەئەوروپایەو لەڕێی تەلەفۆنەوە ئاگاداری بڕیارەکانەو پرس و راوێژی پێدەکرێت، ئاشکراشی دەکات کە حاڵی حاز جڤاتی نیشتیمانی کاروبارەکان بەڕیوەدەبات.
-تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بە چڕی بۆردومانی چەند ناوچەیەکی سەر بە دەڤەری ئامێدی دەکەن، لە ترسی تۆپبارانەکانی سوپای تورکیاش، دانیشتوانی گوندی کێستە ماڵەکانیان جێهێشتووە.
-ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەی هۆشداری دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پێداویستێیەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ دابین بکەن و قەیرانەکان نەبنە هۆی لە بیرکردنی پێداویستێیەکانی پێشمەرگە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 276

**19-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151019115945863 59

-خوێندن لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری بە نیوەناچڵی بوو، لە زۆربەی شوێنەکان خۆپیشاندانی مامۆستایان دەستپێکردەوە.
-وەزیری سامانە سرووشتییەکان لەبارەی مووچە رایدەگەیێنێ، لەمەودوا دەتوانن مانگانە مووچەیەک دابەش بکەن، بەڵام ئەو 3 مانگەی کەڵەکە بووە، دەبێت لە زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت قەرەبووبکرێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 277

**20-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151020102638866366



-شەوی رابردوو هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بەتۆمەتی لایەنگری بۆ پارتی کرێکرانی کوردستان تاهیر ئاڵچی سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانیان لە شاری ئامەد دەستگیرکرد.
-سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد کە لەهەفتەی داهاتوودا دوومنداڵی تری ونبووی هەڵەبجەیی دەهێنرێنەوە بۆ هەڵەبجە و سۆراخی سێ منداڵی تریش کراوە.
-جارێکی تر خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سنووری شاری سلێمانی و لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوا دەستیپێکردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 278

**21-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151021134342863371

-مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەندامێکی سەرکردایەتی و پەرلەمانتارێکی حزبەکەی لە راگەیەنراو و لێدوانی توندیان لەسەر پارتی بۆ راگەیاندنەکان ئاگاداردەکاتەوە و ئەوانیش دەڵێن لە قسەکانیان پەشیمان نین، پەرلەمانتارەکەش ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەر هەڵوێستەکانی سوورتر دەبێت، چونکە خوێنی بۆ بەخشێوە.
-فەرمانداری گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند کە ئەوان رێگە نادەن هیچ کەسێک، یاخود هیچ گروپێکی چەکدار لەژێر هەرناوێکەوە بێت بکەوێتە رۆژئاوای کوردستانەوە و تەئکیدیشی کردەوە کە ئەوانەی لەهەوڵدانێکی بەو شێوەیەدان لەچوارچێوەی یاسا رووبەرووی لێپرسینەوە دەبنەوە.
-لەسەر سکاڵای کەسوکاری "ئارام بایز" کە لە خۆپیشاندانەکەی چەند رۆژی رابردووی قەزای کەلاردا شەهید کرا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەرپرسی ناوچەیەکی پارتی لە کەلار و ئەفسەرێکی ئاسایشی پارتی دەرچووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 279

**22-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151022131907863384



-تیرۆرستانی داعش حەوت هاوڵاتی کوردی شەبەکیان لە خۆرهەڵاتی شاری موسڵ رفاند.
-بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکی رزگارکردنی 70 بارمتەی کوردی لای رێکخراوی داعش لەئۆپەراسیۆنێکدا ئاشکراکرد.
-لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆکوژی لە شارۆچکەی خورماتوو 2 کەس شەهید دەبن و 25 هاوڵاتی برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 280

**23-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015102320492986385

-شەوی رابردوو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە میحوەری گوێر هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە لیان هاتنە دەست و تێکیان شکاندن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 281

**24-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015102420201586388

-هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری شەنگال، هێرشێکی چەکدارەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیان تێکشکاند، فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەش رایدەگەینێت، زیانێکی گەورەیان بە داعش گەیاندووە.
-بەپێی چەند سەرچاوەیەک، کەسێک بەناوی وەزیری نوێی دارایی سەردانی وەزارەتی دارایی کردووە، رایگەیاندووە کە وەزیری نوێی ئەو وەزارەتەیە، بەڵام دواتر بەهۆی ناراستی وتەکانی بەپاڵ کراوەتە دەرەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 282

**25-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015102517423486393

-ئێوارەی ئەمڕۆ فەهمی دەمیر، سەرۆکی گشتی پارتی ماف و ئازادییەکان لە شاری ئەدەنەی باکووری کوردستان بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەستدا.
-کردەوە تیرۆریستیەکان لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەی خورماتوو بەردەوامی هەیە وبە هۆی

تەقینەوەی بۆمبێک چوار کەس دەبنە قوربانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 283

**26-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151026104326663222



-لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان شەڕ لەنێوان یەکەکانی پۆلیسی تورک و چەکدارانی داعش دروستبووە و بەپێی ئاژانسەکان تاکو ئێستا 7 چەکداری داعش کوژراون و 3 چەکداریش بەدیل گیراون.

-دوای 24 ڕۆژ لە تیرۆرکردنی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شارەوانی شاری سلێمانی بەنهێنی و بێئاگاداری ڕێکخراوەکانی ژنان تەرمی سنور عومەریان بەخاک سپارد.

-لەسەر داوای پەرلەمانی ئەورووپا وەفدێکی باڵای پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپادا کۆ دەبێتەوە، کۆبوونەوەکەیش وەک گوشارێک دەبێ بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا زیاتر کۆمەک و چەک پێشکەشی پێشمەرگە بکەن.

-دەستەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی رایدەگەیەنێت، پتر لە 150 مامۆستای سکوڵە جیاجیاکانی زانکۆی سلێمانی لە هۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆ کۆبوونەوە و بە تێکڕای دەنگ بڕیاریاندا، بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن بەردەوام بێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 284

**27-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151027192306629800

-بەهۆی ئەو شەپۆلە بارانەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لافاو لە گوند و ناوچەکانی بناری قەندیل دروستبووە، بەو هۆیەشەوە خانویەک لەگوندێکی سەر بە شارەدێی سەنگەسەر، داڕوخاو بووە مایەی گیانلەدەستدانی ژن و مێردێک.

-نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئەو پۆستانەی کە بەر گۆران کەوتوبوون لە کابینە بنکە فراوانەکەدا بەوەکالەت پڕکردەوە. پڕکردنەوەی پۆستەکان بەم شێوەیە دەبێت، پۆستی وەزارەتی پێشمەرگە بەوەکالەت لەلایەن کەریم سنجاری بەڕێدەکرێت، د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی بەوەکالەت، عەلی سندی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 285

**28-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151028142020864 20



-یەپەگە رایگەیاند، داگیرکەری تورک لە دوێنێوە بە چەکی قورس هێرشی کردووەتە سەر ناوچی گرێ سپی و تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

-چەکدارانی داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شەنگال، لەبەرانبەردا هێزەکانی پێشمەرگەی توانیان شکست بە هێرشەکەیان بهێنن و 36 چەکداری داعش بکوژن و 17 تریش برینداربکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 286

**30-10-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151030190843864 22



-باران و لافاو زیانی مادیی زۆری بە هەندێک ناوچەی باشووری کوردستان گەیاند، بەتایبەتی گوندەکانی بناری قەندیل و ناوچەکانی گەرمیان.

-هەڵمەت گۆران، ئەو کەسەی سکاڵای لەسەر مەلا کرێکار تۆمارکردبوو لەسەر ئەوەی فەتوای لە دژی دابوو، رایدەگەیەنێت، دادگا زیندانی کردنی ساڵ و نیوێکی بەسەر مەلا کرێکاردا سەپاند.

-بە هۆی باران بارینێکی زۆر و هەستانی لافاو لە شارەکانی ئیلام و لۆرستانی رۆژهەڵاتی کوردستان شەش هاوڵاتی گیانیان لە دەستداوە و هاوڵاتییەکی دیکەش بێ سەروشوێنە.

-داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی نوێی بڵاوکردەوە، کە تیایدا شەهیدکردنی چوار پێشمەرگەی کوردستانی، لەشوێنی ئەو هێرشەی لەلایەن هێزە تایبەتەکەی ئەمریکا و هێزێکی دژە تیرۆری کوردستانەوە کرایە سەر زیندانێکی شاری حەویجە، راگەیاند.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 287

**01-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151101191053864 24



-بەپێی ئەو ئەنجامە نا فەرمیانەی کە تا ئێستا لە بارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییە پێشوەختییەکەی تورکیادا بڵاوکراونەتەوە، پارتی دیموکراتی گەلان HDP مەترسی لە 10%ی دەنگەکانی تێپەڕاندووە، بەمەش دەتوانێت بگاتە پەرلەمانی تورکیا.
-بەهۆی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە، پۆلیس لە زۆر لە ناوچە کوردییەکان هێرشی کردە سەر دەنگدەران و چاودێرانی سندوقەکان.
-لە شاری نسێبینی باکوری کوردستان، ئۆتومبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە و ژمارەیەک قوربانی لێکەوتۆتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 288

**02-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110221432886427

-فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا چیای گارە- چەند ناوچەیەکی قەزای ئاکرێ و چەمانکێ و نێروەو رێکان-یان لەباشوری کوردستان بۆردومانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 289

**03-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110320033686429

-هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانییان بینای قایمقامیەت و پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی دووبز کۆنترۆڵ بکەنەوە. ئەوەش پاش ئەوەی ژمارەیەک تیرۆریستی خۆکۆژی داعش توانیبوویان ئەمشەو دزەبکەنە نێو ئەو فەرمانگە حکومییانەی شارۆچکەکەوە. لەم هێرشەدا 4 چەتەی داعش کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 290

**03-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151103200608127739




-ئەمشەو ڕێکەوتی 2015/11/3 بەهۆی کەسێکی خۆکوژەوە هێرشی کردە سەر بنکەی پۆلسی دوبز و ژمارەیەک کوژراو و بریندار لێکەوتەوە و تا ئێستا شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی پۆلس و پێشمەرگە لە لایەک و چەکدارەکانی داعش دا بەردەوامە. بە پێی زانیارییەکان (بنکەی پۆلسی دوبز و بینای قایمقامییەت و بنکەی قەڵاچۆکردنی تاوان) کەوتۆتە دەست چەکدارەکانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگەش چواردەوری چەکدارە تیرۆرستەکانی داعشیان داوە.

سەرچاوە: کەناڵی گەلی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 291

**04-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110420523786430

-لە یەکەمین پەیوەندی دا لە پاش هەڵبژاردنەکەی تورکیا، فەرەیدون سینیرلیئۆغلۆ دێتە لای بارزانی، سەرجەم لایەنەکانیش ڕەتی دەکەنەوە کە ئاگاداری ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە بن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 292

**06-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110619243486436



-بەهۆی زۆری ڕێژەی باران بارینەوە، لەچەند ناوچەیەکی شاری کەرکوک لافاو دروست بوو و زیانی مادیی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 293

**07-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110709543886438

-گروپە چەتەکانی داعش هەوڵیاندا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەسەکە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراو بە هێزەکانی سوریای دیموکراتیدا بتەقێننەوە. بەڵام بەر لە گەیشتن بە ئارمانجەکە

دەتەقێندرێتەوە.
-هێزەکانی سوریای دیموکراتی ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی شەش ڕۆژی لە باشووری شاری حەسەکە لە دژی گروپە چەتەکانی داعش ڕاگەیاند و دەستنیشانیکرد کە هەرێمێکی بە پانتایی 350 کیلۆمەتر لە چەتەکان پاککراوەتەوە و 196 چەتە کوژراون.
-لە ماوەی تەنها دوو ڕۆژی ڕابردوو لە سنووری نێودەوڵەتی باشماخەوە 87 تەن خۆراک بەهۆی دەرنەچونیان لە پشکنینی کوالیتی گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێران.
-هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ئاشکرایانکرد، لەدوو رۆژی رابردودا و لەئەنجامی شەڕوپێکادانەکانیان لەگەڵ سوپای تورکیا، زیاتر لە 20 سەربازی تورک کوژراون و بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 294

**09-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015110916292686457



-شەپۆلێکی بارانبارینی زۆر باشووری کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە لافاو لە هەندێک شوێنی هەولێر دروستبوو و زیانی مادیی لێکەوتەوە.
بەهەمان شێوە لە چەمچەماڵ و گەرمیانیش لافاو زیانی مادیی لێکەوتەوە.
-وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لەڕێی خەندانەوە هۆشداریی دایە شۆفێران و هاوڵاتیان کە ئەگەر بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت ڕێگای کەلار- دەربەندیخان بەکار نەهێنن، چونکە بەهۆی لافاوەوە مەترسی زۆری لەسەرە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێنج پرد دەکەونە نێوان کەلار و دەربەندیخانەوە.
-بەهۆی لافاوەکەی ئێوارەی ئەمڕۆ بەشێک لە ناوچەکانی گەرمیان هاوڵاتییەک لە سنووری ناحیەی سەرقەڵا، خنکا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 295

**10-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015111021194186462

-بەهۆی بارانبارینی چەند رۆژی رابردوو بەشێک لە شاخی هەیبەت سوڵتان لە شاری کۆیە هەرەس دەهێنێت.
-بەهۆی بارینی بارانێکی زۆرو بەخوڕ لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا ئاستی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان یەک مەترو 23 سم بەرزبووەتەوە و لەهەر چرکەیەکدا 256 م3 ئاو رژاوەتە دەریاچەکەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 296

**11-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151111192027864634

-ئۆپەراسیونی هێزی شەرڤانانی یەبەشە و یەپەژە - شەنگال کە لە 8/ 10وە لە گەلی شلۆ بە هاوکاری گەریلاکانی هەپەگە و یەژا- ستار دەستی پێ کردبوو بەردەوامە. فەرماندەی یەبەشە رایگەیاند، لە ئەنجامی ئۆپەراسیونەکەدا کە تا ئەمرۆ بەردەوام بوو، 5 گوند لە دەستی چەتەکان رزگار کرا و ژمارەیەکی زۆر چەتەش کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 297

**11-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151111221318127946

شنت مرتزقة داعش اليوم 11 تشرين الثاني وفي الثالثة صباحاً هجوماً على قرية الحميرة جنوبي بلدة سلوك التابعة لكري سبي (تل أبيض). بعد بدء الهجوم اندلعت على إثره اشتباكات في القرية وعلى أطرافها استمرت حتى السبعة والنصف صباحاً. خلال الاشتباكات حاول اثنين من المرتزقة تنفيذ هجوم انتحاري إلا ان حذر ويقظة وحداتنا أفشلت المحاولتين. أسفرت الاشتباكات عن مقتل العديد من المرتزقة جثث 7 منهم بأيدي وحداتنا, كما استولت وحداتنا على 6 بنادق كلاشينكوف, 1 ب ك س, 1 م 16, 10 رمانات يدوية, 3 أحزمة ناسفة.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 298

**11/11/2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151111232328127947



11/11/2015
بەهۆی ئەو شەڕ و ناکۆکیانەی کە ئەمڕۆ لە شاری جۆلەمێرگ بۆ ئازادکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە دوای سەردانەکەی وەفدی ئیمرالی دروستبوون سێ پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە بە ناوەکانی :سەلما ئیرماک، عەبدوڵڵا زێدان، نیهاد ئەکدۆغان بریندار‌بوون.
بەپێی زانیاری پێگەکانی تورکیا ئەو سێ پەرلەمانتارە بە هۆی گازی فرمێسک ڕێژ و گولەی پلاستیکی هێزە ئەمنەیکانەوە بریندار‌بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 299

## 12-11-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015111218561986466

-کاتژمێر 7ی بەیانی پرۆسەی شەنگالی ئازاد یان تووڕەیی مەلیک تاوس بۆ رزگارکردنی شەنگال دەستپێکرد، هێزەکان لە هەموولایەکەوە گەمارۆی شارۆچکەکەیاندا و پێشڕەویی زۆریانکرد.
-لە شارۆچکەی خورماتوو شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی روویدا، بەهۆیەوە ئاسایشێکی یەکێتی و چەند هاووڵاتییەک و چەند چەکدارێکی حەشدی شەعبی گیانیان لەدەستدا و رەوشی شارەکە زۆر ئاڵۆز بوو.
-بەهۆی ئەو شەپۆلە بەفرو بارانەی کوردستانی گرتۆتەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێرای گیرانی رێگا و بانەکان، رێگای سەدان گوندیش داخراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 300

## 13-11-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015111307403786468



-هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە گوندێکی سەر بەناحیەی زوومار، هێرشێکی بەرفراوانی تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند.
-دووەمین هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شەنگال لەدووەمین رۆژدا بەردەوامە و هێزەکانی یەبەشە و یەپەژەی شەنگال لە قزل کەنتەوە کەوتوونەتە ناوشاری شەنگال و گروپێکی چەتەی داعشیش بەدیل کەوتۆتە دەستی ئەو هێزەکانی یەبەشە و یەپەژەی شەنگال.
-هێزەکانی پێشمەرگە هەڵمەتی راوںان و پاککردنەوەی سەنتەری قەزای شنگالیان دەستپێکرد و سایلۆی شنگال و مەڵبەندی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە تەواوەتی ئازادکرا.
-دوای ئەوەی ئەمڕۆ، رێکەتن لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی حەشدی شەعبی راگەیەندرا، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر چەکداری حەشدی شەعبی لە ناحییەی سلێمان بەگەوە و بە نیازن بەرەو خورماتوو بەرێبکەون، لە گەرەکێکی قەزاکەش چەکدارەکانی حەشدی شەعبی ماڵی هاوڵاتی کورد دەسوتێنن.
-کۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورک گۆرستانی شەهیدانی شەهید

رەسول و شەهید عەزیمە لە چیای هەرەکۆڵیان بۆمباران کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 301

**14-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151114193243652 71

-گۆڕێکی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزدی لە شنگال دۆزرایەوە کە دەیان رووفاتی ئافرەتی تێدایەو لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، گوللەباران کراون.
-رەوشی خورماتوو هەر ئاڵۆزە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 302

**15-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151121195833864 77



-دووەم گۆڕی بە کومەڵی کوردانی ئێزدی لە کومەڵگای تلعزێر دوزرایەوە.
-جارێکی تر، لە ناوەڕاستی شارۆچکەی دوزخورماتوو خوێنی گەنجێکی کورد بەدەستی میلیشیا شیعەکان رژێنراو ئەمڕۆ گەنجێک شەهید کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 303

**21-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151121214534864 80

-لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر کە بەشەقامی گەنجان ناسراوە، شەڕ لەنێوان هەوادارانی بارسێلۆنا و ریاڵ مەدرید دروستبوو، لە شەڕەکەدا تەقەش کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 304

**22-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151122183302864 81



-لە ئەنجامی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی شاری گردەسپی ڕۆژئاوای کوردستان 2 هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستدا و 20 کەسی دیکەش بریندا بوون کە 8 یان منداڵن.
-لەشاری ئامەد تەقە لەسەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کرا، بەڵام خۆشبەختانە بە سەلامەتی دەرچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 305

**23-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151124083017864 86

-بەهۆی موشەکە ڕووسییەکانەوە، هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی ئەمڕۆ لە کاتژمێر 8ی بەیانییەوە بۆ 48 کاتژمێر داخرا.
-لە گەڕەکی باخچەلی ئەولەری سەر بە ناوچەی فارقینی شاری ئامەد ئۆتۆمبیلێکی هاوڵاتیەکی مەدەنی درایە بەر دەسترێژی گوللەوە و ڕاگەیەندرا کە کوژراو و برینداریشی لێکەوتوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 306

**24-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151124083314864 87



-لە بارەگای مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزووری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەی حزبە سیاسییەکان لە هەڵەبجە بۆ دابەشکردنی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئەو پارێزگایە دەستپێکرد.
-داگیرکەری تورک فڕۆکەیەکی جەنگیی ڕووسی لە جۆری سۆخۆ 24 خستەخوارەوە، بەپێی سەرچاوە تورکییەکان فڕۆکەکە سنووری باکووری کوردستانی بەزاندووە. فڕۆکەوانەکانیش لە باشووری ئەفرین کەوتنە دەست ئۆپۆزیسیۆنی سووری.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 307

**25-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151125200512865O3

-فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا، بەچڕی زناری گوندی "گێستە" بۆردومان دەکەن.
-پاش لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی روسیا سەبارەت بەو فڕۆکە جەنگییەی روسیا کە دوێنێ لەلایەن تورکیاوە خرایە خوارەوە، کۆمەڵێک هاوڵاتی تورەی روسیا لە دەوری باڵیۆزخانەی تورکیا لە مۆسکۆ کۆبوونەوە و بە هێلکە و بەرد هێرشیانکردە سەر باڵیۆزخانەکە.
-بەهۆی کێشەیەکەوە شەڕ لەنێوان زێرەڤانی و پێشمەرگەی یەزیدی لە شەنگال دروستدەبێت و یەکێک دەکوژرێت و چەند کەسێکیش بریندارەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 308

**26-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151126205953865l0

-حکومەتی روسیا ئامادەکاری دەکات بۆ سەپاندنی لیستێک لە سزای ئابووری بەسەر تورکیادا، وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ خستنەخوارەوەی فڕۆکە جەنگییەکەی لەلایەن تورکیاوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 309

**27-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151127202515865l3

-لە پێشهاتێکی نوێدا دوای خستنەخوارەی فڕۆکەیەکی رووسی لەلایەن فڕۆکەیەکی تورکییەوە بەبیانووی ئەوەی سنووری ئاسمانیی وڵاتەکەیانی بەزانووەو دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هەڕەشەی رووسیا، تورکیا بڕیاریدا فڕۆکەکانی نەچنە سەر ئاسمانی سوریا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 310

**28-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015112815001771005



-دوای شکاندنی گەمارۆی هێزەکانی سوپای تورکیا لە سەر ناوچەی "سووری ئامەد"، تاهیر ئاڵچی، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد و ژمارەیەک پارێزەر، بەمەبەستی ئیدانەکردنی تێکدانی ئەو ناوچە مێژووییە، سەردانی ناوچەی سووری ئامەدییان کرد. دوای گەیشتنی ئەو تیمەی پاریزەرانی ئامەد بۆ ناوچەی سووری ئامەد و قسەکردن بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، لەلایەن چەکدارێکی نەناسراو تەقە لە "تاهیر ئاڵچی" سەرۆکی ژووی پارێزەرانی ئامەد کرا و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

-تەقینەوەیەک لەناو بازاڕی خورماتوو روویدا، بەهۆیەوە 4 کەس کوژرا و زۆرتر لە 10 کەسیش بریندواربوون.

-لەچوارچێوەی بڕیارە نوێیەکانی سەرۆکی روسیا، کە ئەمڕۆ ئیمزای لەسەر مەرسوومێک کردووە و تیایدا، فەرمانیکردووە بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان، چیتر گەشت بۆ تورکیا رێکنەخەن، داواشی لە کۆمپانیاکانی تر کردووە، لە سەرەتای ساڵی نوێیوە کرێکاری تورکی نەهێنن بۆ ئیشکردن. هەروەها، فەرمانیداوە هەموو گەشتێکی فڕۆکەوانی بازرگانی بۆ تورکیا رابگیرێت، ئەمە جگە لە گرتنەبەری رێکاری ئابووری تایبەت دژ بە تورکیا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 311

**29-11-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015112917360886957

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە میحوەری باشیک فڕۆکەیەکی سیخۆری بێ فڕۆکەوانی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش خستە خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 312

**01-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015120218433488765

-سەرۆکی کوتلەی عەرەبەکانی کەرکوک و هاوسەرەکەی لە کەرکوک کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 313

**02-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015120218413888671

-بە هۆی تەقینەوەی خانوویەکی بۆمبڕێژکراوەوە لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی شەنگال حەوت پێشمەرگە شەهیدبوون.
-حەیدەر عەبادی بڕیاریداوە "مەلاس محمەد کەسنەزانی" لە پۆستی وەزیری بازرگانی دووربخرێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 314

**05-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015120511202489517

-باڵی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان (هەپەگە) لە مانگی ئابی رابردوودا، کوژرانی 471 سەرباز و برینداربوونی 211 سەربازی تری تورکیای لە پاش دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی تورکیا راگەیاند، تەئکیدیشی لەسەر کوژرانی 42 گەریلای حزبەکەی لە تەواوی رووبەڕووبوونەوەکاندا لەگەڵ هێزەکانی تورکیا، راگەیاند.
-هێزێکی سوپای تورکیا بە چەکی قورسەوە لە رێگای دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیلەوە، دێنە نێو هەرێمی کوردستان و ئاڵای کوردستانیانیش لە سەر تانکەکانی تورکیا بەرزکراوەتەوە.
-دوای ئەنجامدانی چەند پشکنینێکی پزیشکی لە وڵاتی ئەڵمانیا، سەرۆک مام جەلال لەڕێی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.
-وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە فەرمی بانگهێشتی باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا کرد و یاداشتێکی ناڕەزایی لەبارەی هاتنی سوپای تورکیا بۆ عیراق و بەزاندنی سنوورەکانی رادەست کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 315

**06-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015120618504191554

-بەهۆی تێپەڕبوونی مووشەکی روسی بە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا و لەپێناو سەلامەتی گیانی گەشتیاران، بەبڕیاری دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عیراق، سەرجەم گەشتەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 48 کاژێر راگیرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 316

**07-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015120717273491683

-حەیدەر عەبادی سەرەک وەزیرانی عیراق فەرمانی بەهێزی ئاسمانی عیراق کردووە لەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشیدابن بۆ بەرگریکردن لەخاکو سەروەری عیراق. ئەوەش پاش ئەوەدێت کە ماوەی چەند رۆژێکە هێزێکی تورکیا هاتووەتە ناو خاکی عیراقەوە لەسنووری پارێزگای موسڵ و کێشەیەکی گەورەی لەنێوان بەغدا و ئەنکەرەدا درووستکردووە.
-وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، وڵاتەکەی بەنیازە پری 70 ملیۆن یۆرۆ بەسەر زیانلێکەوتووانی دەستی کردە تیرۆرستییەکانی داعش لەشەنگال و ناوچە ئازادکراوەکانی تری عیراق دابەش بکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 317

**08-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151209092840128522

-لە کاتژمێر 10:30 خولەکی شەوەوە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا جارێکی تر بۆردومانی گوندەکانی بناری قەندیلیان کردەوە، ئەم بۆردومانە دوو کاتژمێر و نیو بەردەوام بوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 318

**09-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151209091747128521



-شەڕڤانان هێرشێکی گروپە چەکدارەکانی سەر بە بەرەی نوسرەو ئەحرار شام لە کانتۆنی عەفرینی خۆرئاوای کوردستان، تێکدەشکێنرێت، لە ئەنجامی تۆپبارانی ئەو گروپەش بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی حەلەب، 5 هاوڵاتی مەدەنی بریندار بوون.
تێبینی: وێنەی یەکێک لەبریندارەکانی گەڕەکی شێخ مەقسود
-داگیرکەری تورک سەرلەنوێ گوندەکانی بناری قەندیلی بۆردوومانکردەوە.
-مەسعود بارزانی بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە وڵاتی تورکیا و لەلایەن جێگری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێکرا. دوای ئەوەی ئەمڕۆ، مەسعود بارزانی سەردانی وڵاتی تورکیا کرد، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا و لە کۆبونەوەی نێوان بازرانی و جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیادا، ئاڵای کورستان لە پاڵ ئاڵای تورکیا لە کۆبونەوەکەدا دانرابوو.
-بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر زانکۆی کاسۆلیکی دەکرێتەوە، بەمەش ژمارەی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە 15 زانکۆ و یەک لقی زانکۆو 9 پەیمانگەی تایبەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 319

**10-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151210195744492027



-کۆبوونەوەی نێوان مەسعود بازرانی لە گەڵ نوێنەرانی هەدەپە دەستپێکرد و بەپێی زانیارییەکانیش "ئەحمەد تورک و عوسمان بایدەمیر و لەیلا زانا" لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارن.

-بەهۆی تەقینەوەی سێ ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراوەوە لە شارۆچکەی تەل تەمری سەر بە کانتۆنی جەزیرە لە رۆژئاوای کوردستان، 150 هاوڵاتی بوونە قوربانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 320

**11-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151211213734921222

-فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانکردنی چیای گارە و دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە قەزای ئامێدیان دەستپێکردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 321

**12-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151212140825928955

-سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بزووتنەوەی گۆران هێزی چەکداری تایبەت بەخۆیی دروستکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 322

**13-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151214094192897

-داعش لە گوندی عاشق، نزیک کەسکێ هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە، لە ئەنجامدا هێرشەکەیان بەخراپی شکا و پێشمەرگەیەک شەهید بوو.
-وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی رایدەگەیەنێت، هونەرمەند میکایل بەهۆی فیشەکی دەمانچەوە بریندار بوو.
-لە کەنارەکانی یۆنان، 45 هاوڵاتی کوردی ئێزدی نقوم بوون. مەیسەر حاجی ساڵح، قایمقامی پێشووی شەنگال لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا جەختیکردەوە، بەلەمێک کە 45 هاوڵاتی ئێزدی کۆچبەری دەگواستەوە، لە دەریای ئیجە، لەنێوان تورکیا و یۆناندا نقوم بووە. روونیشیکردەوە، تەرمی 21 قوربانیی ئەو رووداوە دۆزراونەتەوە و 13 کەسی تریشیان رزگاریان بووە. 11کەی تریش، بێسەروشوێنن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 323

**14-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151214090643931O5




-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەستریژی گوللە لە ئۆتۆمبێلێک دەکەن و بەو هۆیەوە دوو کەس دەکوژرێت و دووکەسی دیکەش بریندار دەبێت. سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت سەرجەمیان فەرمانبەرن لە کۆمپانیای نەوتی باکورن.
-هێزێکی تری سووپای تورک لە ئیبراهیم خەلیلەوە هاتە باشووری کوردستان.
-بەهۆی شەڕی پەکەکە و تورکیا، دەروازەی ئیبراهیم خەلیل داخرا.
-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سەدان کەس و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) هەوڵیاندا بچنە نێو گەڕەکی سو کە لە سەرەتای مانگەوە پێکداهەڵپژانی توندی لەنێوان هێزە ئەمنیەکان و لایەنگرانی (پەکەکە)دا تێیدا روودەدات، بەڵام پۆلیس بە گازی فرمێسک رێژو ئاو رووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەوەو لانی کەم دوو کەس بریندار بوون و نزیکەی 40 کەسیش دەستگیرکران.
-ئاژانسی پاراستن و زانیاری لەراگەیەندراوێکدا دەستگیرکردنی سەرپەری پێشمەرگە دیلەکان لەلایەن دەزگای دژە تیرۆری سەر بە ئاژانسەکەیان رادەگەیەنێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 324

**15-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151215191217931 30

-لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، ژمارەیەک چەکداری داعش نزیک دووریانی ئاسکی مووسڵ کوژران.

-چەند چەکدارێکی نەناسراو لە شاری هەولێر، تەقەیان لە بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی کرد.چەند چەکدارێکی نەناسراو لە شاری هەولێر، تەقەیان لە بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 325

**16-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151216164032931 53

-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوار شەممە 16ی کانونی یەکەمی 2015، لە گوندی گوڵ محەمەدی نێوان ناحیەی زومار و ئەیازییە، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو هێرشەکە خۆکوژی بووە و هەموو چەکدارەکانی داعش پشتوێنی بۆمب ڕێژکراویان لە خۆیان بەستبوو". بەداخەوە سێ چەکداری داعش هاتنە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و خۆیان تەقاندەوە بەو هۆیشەوە 7 پێشمەرگە شەهید بوون و8ی دیکەش بریندار بوون و سێ خۆکوژی داعش پێش ئەوەی بگەنە سەنگەری پێشمەرگە کوژران.
-تیرۆریستانی داعش هێرشێکی بەهێزیان کردووەتەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچیای باشیک و لەبەرانبەردا پێشمەرگەی فەرماندەییەکانی سەفین و کوردستان و لیواکانی 7 و 112 ڕووبەڕوویان دەبنەوە نەیانهێشتووە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە ببنەوە". لەشەڕو پێکادانەکانی ئەم ئێوارەی نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعشدا ژمارەیەک داعش بەدەستگیرکراون و دوو فەرماندەی پێشمەرگەش شەهیدبوون.
-پەرلەمانی عیراق دەنگی لەسەر بووجەی 2016 دا لەنێویشیدا پشکی 17%ی هەرێمی کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 326

**17-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151217201753931 59



-لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی دوێنێ و ئەمڕۆی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە میحوەری ناوەران و دەوروبەری زیانێکی گەورەی گیانی بەر چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کەوتووە. بەپێی دوایین ئامار، ژمارەی کوژراوانی داعش لەو شەڕانەدا گەیشتووەتە 81 کوژراو، زۆربەی تەرمەکانیشیان گواستراونەتەوە نەخۆشخانەکانی شاری موسڵ.
-ڕۆژی ئاڵای کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 327

**19-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151219073493174

-بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە کارمەندان و رۆژنامەنوسانی هەردوو بەشی سۆرانی و عەرەبی ماڵپەڕی (pukmidea) بایکۆتی دەوامیانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 328

**20-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015122815265393210

-لە ئاکامی هێرشی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بۆ سەر رێپێوانێکی جەماوەری، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە شاری وان-ی باکوری کوردستان بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 329

**21-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151228152833128820

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 330

**24-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015122818231893216



-در سنندج از میان تجمع کنندەگان در دفاع از باکور (شمال ) کردستان که در میدان اقبال (ازادی) تجمع کرده بودند بیش از ٤٠ نفر توسط نیروهای امنیتی بازداشت و بسیاری از نیز با ظرب و شتم پلیس و نیروهای انتظامی زخمی شدند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 331

**26-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151227111345269O7

-دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو خێزانێکی کوردی دانیشتووی شاری زاخۆ لە دەریای ئیجەو بەهۆی نقوومبوونی بەلەکەمەیان خنکان، ئەمرۆ تەرمی سەرجەمیان دۆزرانەوە. سەرجەم ئەندامانی ئەو خێزانە کە لە "دایکێک و چوار منداڵ پێکهاتبوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 332

**27-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015122711174967146

-جارێکی تر رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میلیشاکانی حەشدی شەعبی لە قەزای دوزخورماتوو دروستبووەوە و بەو هۆیەوە کەسێک برینداربوو.
-شەڕڤانانی یەپەگە دەستیانگرد بەسەر بەنداوی تشریندا.
-هێزێکی هاوبەشی ئەمریکی و کوردی، ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتیان لە ناحیەی ریازی سەر بە پارێزگای کەرکووک ئەنجامدا و داعش کوژراو و بریندار و دەستگیرکراوی هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 333

**28-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015122813020293204

-هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان سێ تۆمەتباریان بە تۆمەتی کڕین و فرۆشتنی گورچیلەی مرۆڤەوە دەستگیرکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 334

**29-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015122919505893225

-تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرپەرچی تۆپبارانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسنووری قەزای شەنگال دەدەنەو فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش بۆردوومانی مۆڵگەکانی داعش دەکەن.
-شێخ قادری شێخ کاکە حەمە، رابەری تەریقەتی قادری لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 335

**29-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151231233715128864

أقدمت مجموعة من مسلحي pyd بتاريخ 2015/12/29 وفي سياق خطواتها التصعيدية المستمرة على إغلاق مكتب المجلس المحلي للمجلس الوطني الكوردي في قرية سيحا الكبيرة بريف تربه سبي بمنطقة قامشلو واعتقال احد اعضائه هو ممثل الحزب الديمقراطي الوطني الكوردي , ممو عبد الحميد وذلك في تحد صارخ لمشاعر وإرادة أبناء المنطقة الذين فتحوا المكتب للمساهمة مع إخوتهم في بقية المناطق لخدمة أبنائها وفي عمل المجلس."

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 336

**30-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015123022490693257




-دوو تەقینەوە شاری قامیشلۆیان لە رۆژئاوای کوردستان هەژاند و قوربانییان لێکەوتۆتەوە. بەپێی زانیارییەکان، تەقینەوەی یەکەم لە نزیک چێشتخانەی "میامی" بووە و دواتر تەقینەوەی دووەم لە نزیک چێشتخانەی "کبرائیل" رویداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 337

**30-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151231160717128855



وقع ليلة أمس حوالي الساعة 9.45 تفجيرين إرهابيين في كل من مطعم ميامي وكبريئل في حيي الوسطى والسياحي مستهدفاً المدنيين بمدينة قامشلو".
وتوضح قوات الأسايش "حيث أن التفجيرين نفذا بواسطة حقائب ملغومة وضعت في المطعمين وتفجيرها,على إثر التفجيرين استشهد 17 مدنياً وجرح أكثر من 25 أخر , كما أكدت الوحدات الهندسية في قواتنا انها فككت حقيبة أخرى بعد مداخلتهم لمكان التفجيرين كانت مجهزة للتفجير أمام موقع التفجير الثاني ( مطعم كبريئل )
...
اعلنت حركة الشبيبة الثورية اليوم الأربعاء في مدينة "هزخ" في شمال كوردستان عن تأسيس وحدات حماية المدنيين في بيان نشر مصورا لوسائل الإعلام.
وأكدت حركة الشبيبة الثورية أن إعلان وحدات حماية المدنيين في المدينة يأتي لهدف حماية المدنيين من الهجمات التي يتعرض لها الشعب الكردي في شمال كوردستان من قبل الجيش التركي.
حركة الشبيبة الثورية هي إحدى المنظمات الشبابية الثورية لحركة المجتمع الكوردستاني كانت قد أعلنت عن تأسيس وحدات حماية المدنيين في كل من مدينتي نصيبين و جزيرة بوطان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 338

**31-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151231234032128865



اعلنت حركة الشبيبة الثورية اليوم الأربعاء في مدينة "هزخ" في شمال كوردستان عن تأسيس وحدات حماية المدنيين في بيان نشر مصورا لوسائل الإعلام.
وأكدت حركة الشبيبة الثورية أن إعلان وحدات حماية المدنيين في المدينة يأتي لهدف حماية المدنيين من الهجمات التي يتعرض لها الشعب الكردي في شمال كوردستان من قبل الجيش التركي.
حركة الشبيبة الثورية هي إحدى المنظمات الشبابية الثورية لحركة المجتمع الكوردستاني كانت قد أعلنت عن تأسيس وحدات حماية المدنيين في كل من مدينتي نصيبين و جزيرة بوطان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 339

**31-12-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20151231152130128851



-وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم (سەلاحەدین بابەکر) کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە، دەستی لە کار کێشایەوە.
-لە ئاکامی روبەڕوبونەوەیەکی نێوان هێزەکانی تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە لە باکوری کوردستان، دوو پۆلیس کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---